# ڕێبازی نوێ

## ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

( خولی یەکەم ١٩٧٦ )

ئامادەکردنی

**زیاد گەردی**

پێشەکی

**فەرید ئەسەسەرد**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی – ٢٠١٣

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لەبوارە هەمەجۆرەكاندا.

**ڕێبازی نوێ**

**ئامادەكردنی: زیاد گەردی**

**بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران**

**سلێمانی - ٢٠١٣**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی ( ١٢٣٨)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تیراژ: (٣٠٠٠) دانە**

# پێشەکیی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران

ماوەی نێوان دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو دەرچونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "ڕێبازی نوێ" شەش مانگە. پێش دەرچونی "ڕێبازی نوێ" بەدوو مانگ، یەکێتی دەستی بەدەرکردنی ڕۆژنامەی "شەرارە" بەزمانی عەرەبی کردبوو. دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی عەرەبی لەسوریا زۆر تەگەرەی لەبەردەمدا نەبوو. بەڵام بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی، مەسەلەکە تەواو جیاواز بوو. هەندێ فاکتەری وەك نەبونی تایپو تایپیستی کوردیو نەبونی تیمی تەکنیکیو کەمیی ژمارەی نوسەرانی کوردیزان، پرۆژەی دەرکردنی ڕێبازی نوێیان کردبوە پرۆژەیەکی دژوار. بۆیە، مایەی تێڕامانە کە لەساڵی ١٩٧٦دا، لەکاتێکدا "شەرارە" ٤ ژمارەی لێ دەرچووە، "ڕێبازی نوێ" تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. لێرەش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە "شەرارە" ساڵی پێشتر ژمارەیەکی لێ دەرچوو بوو، ساڵی پاشتریش دوو ژمارەی تری لێ دەردەچێ. هەروەها پێدەچێ بڕیاری دەرکردنی هەردوو ڕۆژنامە لەیەك کۆبونەوەدا درابێ کەکاتی بەسترانی کەوتۆتە نێوان سەرەتای ئەیلولو کۆتایی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥.

یەکەمین ئاماژە بۆ نیازی دەرکردنی "ڕێبازی نوێ" بۆ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە، کاتێك ڕۆژنامەی "شەرارە" لەژمارە ١ دا لەپەراوێزێکدا ئاماژەی بەوە دا کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەنیازە ڕۆژنامەی "ڕێبازی نوێ" بەزمانی کوردی دەر بکات. کاتی دەستنیشانکراوی دەرکردنی ڕۆژنامەکە، بەپێی پەراوێزەکەی "شەرارە"، کراوەیە بەڵام ڕەها نیەو بەشێوەی "بەم زووانە" گوزارشتی لێ کراوە کەئەمەش خۆی لەخۆیدا دەکرێ وا لێك بدرێتەوە کەپرۆژەکە هەنگاوی بەرایی بۆ نراوە بەڵام هێشتا پێداویستییەکانی بەیەکجارەکی دەستەبەر نەکراون.

پێدەچێ بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی، لەهەڵبژاردنی ناوێکی گونجاو بۆ ڕۆژنامەکە ئاسانتر بووبێ. تا ئەو کاتەی تالەبانی لەتشرینی یەکەمدا دیمەشقی بەجێ هێشتو چوو بۆ قاهیرە، مەسەلەی ناوەکە یەکلایی نەکرابۆوە بەڵام کە لەقاهیرە گەڕایەوە، کەرەستەیەکی پێ بوو کەئەم مەسەلەیە پێ یەکلا کرایەوە. لەدانیشتنێکی نافەرمیدا لەقاهیرە، لەنێوان تالەبانیو دکتۆر فوئاد مەعسومو دکتۆر کامیل بەسیردا، لەڕەوتی گفتوگۆکاندا بەسیر پێشنیاری ناوی ((ڕێباز))ی بۆ ڕۆژنامەکە کردو هەر لەو دانیشتنەدا پێشنیارەکە دەمو دەست بەهەند وەرگیرا. دوای گەڕانەوەی تالەبانی بۆ دیمەشق، لەکۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەردا عەبدولڕەزاق فەیلی پێشنیاری کرد ڕێبازەکە نوێیەکی پێوە بلکێنرێو ببێتە "ڕێبازی نوێ" وەك گوزارشتێك لەمۆدێرنێتەی گوتاری سیاسیی یەکێتیو تازەیی ڕەهەندی سیاسیی کەتەواو جیاواز بوو لەڕێبازی شۆڕشە هەرەس پێ هێنراوەکەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥. تۆکمەیی لۆجیکی فەیلیو وردبینیی لەهەڵبژاردنی ناوێك کەڕوخسارو ناوەڕۆکەکەی زۆر لێك دەوەشێنەوە، هیچ دەرفەتێکی بۆ ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکە نەهێشتەوە. هەر لەو کۆبونەوەیەدا پێشنیارەکەی فەیلی پەسند کرا.

لەڕاستیدا تالەبانی لەمێژ بوو بیری لەناوێکی گونجاو بۆ ڕۆژنامەکە دەکردەوە. بەڵام بیری نەسرەوتی بەهیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی نەگەیاند. ئەو تا پێش سەفەری بۆ قاهیرە، پێی باش بوو ڕۆژنامەکە ناو بنێ "ڕزگاری" بەڵام هێشتا بەو ئومێدەوە بوو کەناوێکی گونجاوتر بدۆزرێتەوە. ئەگەر لەقاهیرە "ڕێباز"و لەدیمەشق "ڕێبازی نوێ" پەسند نەکرایە، بەدڵنیاییەوە چانسی "ڕزگاری" لەچانسی هەر ناوێکی تر زۆرتر دەبوو.

یەکەم ژمارەی "ڕێبازی نوێ" لەکانونی دووەمی ١٩٧٦ دەرچووەو دووەم ژمارە لەتشرینی یەکەمی هەمان ساڵ. بەهەردوکیشیان خولی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیە پێکدێنن کەبەدرێژایی پانزە ساڵ، لەساڵی ١٩٧٦ـەوە تا ساڵی ١٩٩١، بەچەند خولێك دەرچووە.

"ڕێبازی نوێ" لەهیچ ژمارەیەکدا ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیەو تەنانەت وتارەکانیشی بەبێ ناو بڵاوکراونەتەوە. بۆ ڕاڤەکردنی هۆی ئەم دیاردەیە، ئەوە کراوەتە بیانوو کە لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە "ئۆرگانە"، هەر چی تێیدا بڵاو دەکرێتەوە، گوزارشت لەڕاو بۆچونی نوسەر ناکا، بەڵکو گوزارشت لەڕاو بۆچونی ڕۆژنامەکە دەکاو بەم هۆیەوە گوزارشت لەڕاو بۆچونی ئەو لایەنە سیاسییە دەکا کەڕۆژنامەکە نوێنەرایەتیی دەکات.

بەکردەوە، تالەبانی خۆی سەرنوسەری ئەم خولەیە. بەتەنیشت تالەبانییەوە، نەوشیروان مستەفا، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆڵێکی باڵای لەڕۆژنامەکەدا هەبوو. بەشێوەیەکی سەرەکی، سەروتاری هەردوو ژمارە تالەبانی نوسیویەتیو نەوشیروان مستەفا ئەرکی نوسینی هەموو بابەتەکانی هەردوو ژمارەی لەئەستۆ گرتووە.

دیمەشق بۆ چاپ کردنی ڕۆژنامەی کوردی لەبار نەبوو. بۆیە، هەوڵ درا چاپخانەیەك لەبەیروت بدۆزرێتەوە. ئەوەی کەئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ، عادل موراد بوو. لەم مەسەلەیەدا دوو کێشە لەئارادا بوو. یەکێکیان، تەکنیکی بوو، چونکە چاپخانەکان هەم پیتی کوردییان نەبوو هەم تایپێستی کوردیزان. ئەم کێشەیە بەوە چارەسەر کرا کەوتارەکان لەچاپخانەدا بەپیتی عەرەبی تایپ بکرێنو پاشان دەستکاریی مۆنتێڤەکان بکرێو وایان لێ بکرێ کە لەگەڵ ڕێنوسی کوردیدا بگونجێن. کێشەکەی تر پەیوەندیی بەهەلومەرجی شەڕی ناوخۆی لوبنانەوە هەبوو کەپەراوێزێکی زۆری بۆ ئازادیی هاتوچۆ بەناو بەیروتدا پێك نەدەهێناو لەو سەردەمەدا چوون بۆ بەیروت خۆی لەخۆیدا کارێکی مەترسیدار بوو.

سەرەڕای هەموو شتێك، بابەتەکانی ژمارە یەك ڕادەستی عارف کەریم کران کەکادیرێکی ڕێکخستنی ناوخۆ بوو و ساڵی ١٩٧٥ عیراقی بەجێ هێشتبوو، چوو بوو بۆ ئوردونو لەوێوە ڕوی لەسوریا کردبوو و لەدیمەشق پەیوەندیی بەدەستەی دامەزرێنەرەوە کردبوو. عارف کەریم پێش ئەوەی کەبابەتەکان ببا بۆ بەیروت، لەگەڵ تاڵەبانیدا دانیشتو لەسەر شێوەی دیزاینو ڕیزبەندیی وتارەکانو مانشێتی سەرەکیو ناونیشانەکان ڕێنمایی پێویستی وەرگرت.

عادل موراد لەدیمەشقەوە مشوری هەموو شتێکی خواردبوو. لەگەڵ چاپخانەیەکی بازرگانیدا کەخاوەنەکەی مارۆنی بوو، ڕێککەوتبوو دوو هەزار دانەی بۆ چاپ بکەن.

شوێنی حەوانەوەی عارف لەبەیروت لەشەقامی حەمرا بوو لەڕۆژئاوای بەیروت. شوێنی چاپخانەکەش لەگەڕەکی مسێتبە بوو لەڕۆژهەڵاتی بەیروت کەزۆربەی کات لەو دەمەدا شەڕو پێکدادانی لێ دەقەوما. عارف بۆ ڕایی کردنی کارەکە، ناچار بوو هەموو وتارەکان بەدەستخەتێکی خۆشو گەورە بنوسێتەوە بۆ ئەوەی تایپێستی چاپخانەکە بتوانێ بەکەمترین هەڵە بەلاینۆ تایپ بابەتەکان تایپ بکا. کارەکە بۆ هەردوکیان ناخۆش بوو،

بەتایبەتی بۆ کابرای عەرەبی سەر لاینۆ تایپەکە کەنەشیدەزانی چی چاپ دەکا. هەڵەچنەکەش هەر عارف بوو کە مۆنتێڤەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبردەوەو تا شەو درەنگان خەریکی چاککردنەوەیان دەبوو. بەیانییەکەی، بابەتەکان بەئۆفسێت رادەکێشرانو گۆڕانکارییان لەسەر دەکرا. چاپکردنی یەکەم ژمارە نزیکەی دوو هەفتەی خایاند.

بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، لوبنان کەڵکی ئەوەی نەمابوو هیچی لێ چاپ بکرێ. بۆیە، شوێنی چاپکردنی رۆژنامەکە گوێزرایەوە بۆ دیمەشقو لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا گیروگرفتەکانی چاپیش گوێزرانەوە بۆ دیمەشق. ژمارە دوو لەدیمەشق بەهەمان پێودانگی ژمارە یەكو بەهەمان تیراژ چاپ کراو لەچاپکردندا ژمارەکە روبەڕوی هەمان گرفتەکانی چاپ کردنی ژمارە ١ بۆوە.

"رێبازی نوێ" لەبەر ئەوەی کە بەکوردی بوو، زۆر بەکەڵکی سوریا نەدەهات، لەکاتێکدا بۆ ناوخۆی وڵات زۆر پێویست بوو. بەڵام دەرفەتێکی زۆر بۆ تێپەڕاندنی لەسنوری عیراق- سوریا نەبوو، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا پەیوەندیی نێوان دوو رژێمە رکابەرەکەی حزبی بەعسی عیراقو سوریا لەوپەڕی خراپیدا بوو. ئەمەش کارێکی وای کردبوو دەروازەکانی سنوری زەمینیی نێوانیان سانسۆری بەهێزی لەسەر بێ. جوگرافیاش دەرفەتێکی زۆری بۆ کورد بۆ سود وەرگرتن لەدەروازە نایاساییەکان پێك نەدەهێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا پۆستەی نێوان دەستەی دامەزرێنەر لەدیمەشقو رێکخستنەکانی ناو وڵات پەکی نەکەوتو توانرا لەڕێگەی بزنسمانێکی کوردپەروەری کوردی فەیلی بەناوی خەلیل جەعفەر موسا ژمارەیەکی زۆر لەهەردوو رۆژنامەی "رێبازی نوێ"و "شەرارە"و نامیلکەکانی ترو نامەکان بگەیەنرێنە ناو وڵات. موسا خەریکی بازرگانیی ترێلا بوو، لەئەڵمانیا ترێلای دەکڕیو دەیبرد بۆ عیراق. لەگەڵ بردنی هەر کاروانێکی ترێلا بۆ عیراق، موسا پۆستەی یەکێتیی لەناو ترێلاکان دەشاردەوەو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ عیراق. بەڵام لەبەر ئەوەی بێ متمانەیی باڵی بەسەر پەیوەندیی هەردوو رژێمی رکابەری عیراقو سوریادا کێشابوو، ترێلاکان لەدەروازە فەرمییەکانی عیراق ئەوەندە بەوردی دەپشکێنران کەچانسی تێپەڕاندنی پۆستە نەمابوو. بۆیە وا بەگونجاوتر زانرا کەترێلاکان لەسنوری سوریاوە راستەوخۆ نەچنە ناو عیراق، بەڵکو لەسنوری کوێتەوە بچنە ناو عیراق.

ئەگەرچی ئەم کارە ترێلاکانی ناچار دەکرد بچنە ئوردونو لەوێوە بچنە سعودیەو پاشان بچنە کوێت، بەڵام هیچ رێوشوێنێك لەم رێوشوێنە سەلامەتتر نەبوو، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا دەروازەکانی سنوری نێوان عیراقو کوێت سانسۆرێکی ئەوتۆیان لەسەر نەبوو و چانسی تێپەڕاندنی هەموو شتێك مسۆگەرتر بوو.

هەر کەپۆستە لەسنور دەپەڕییەوە، پەیوەندی بەشازاد سایبەوە دەکرا کەئەو کاتە لەسلێمانی بوو، ئەویش پۆستەکەی وەردەگرتو بلاوکراوەکانی رادەستی جەبار حاجی رەشیدو دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەدو عەزیز مەحمود دەکرد.

ئەزمونی "رێبازی نوێ" نیشانی داوە کە لەهەلومەرجی ئەو سەردەمەدا دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی لەدەرەوەی وڵات بەبێ کادیری تەکنیکیو بەبێ دەستەی نوسەران، کارێکی ئەستەم بووە. هەر بەهۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارەوە، ژمارە ٢ پاش دە مانگ دەرچوو، سەرباری ئەوەی کەئەم ژمارەیە دوایین ژمارەی رۆژنامەکە بوو لەخولی یەکەمیدا. گەڕانەوەی دوو کۆڵەکە سەرەکییەکەی رۆژنامەکە، واتە تالەبانیو نەوشیروان مستەفا، بۆ کوردستان لەساڵی ١٩٧٧، هیچ دەرفەتێکی بۆ دەرچونی رۆژنامەکە لەسوریا نەهێشتەوە. سوریا ئەوەندە کادیری نوسەری کوردیزانی لێ نەبوو کەبتوانن درێژە بەدەرکردنی رۆژنامەکە بدەن.

گوتاری سیاسیی "ڕێبازی نوێ" لەخولی یەکەمدا گوتارێکی چەپی شۆڕشگێڕانەیە کەئایدیۆلۆژیا بەڕونی بەسەریدا زاڵەو بەشێوەیەکی سەرەکی گوتارێکی دژ بەسیاسەتی ڕۆژئاوایە لەناوچەکەدا. لەسەر ئاستی لۆکال، "ڕێبازی نوێ" لەم خولەدا زۆر لەژێر شۆکی هەرەس هێنانی شۆڕشدا بووە لەساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر لەنێوان عیراق‌و ئێران. گوتاری سیاسیی ڕۆژنامەکە سەرباری ئەوەی کەزۆر دژی ڕێککەوتننامەی جەزایر بووە، بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییەش کردوە کە لەساڵی ١٩٧٥دا، کورد لێی رادەبینرا بەبێ پشتیوانیی شای ئێران بتوانێ درێژە بەشۆڕش بداو ئەزمونی شۆڕشگێڕانەی لەگەڵ باروودۆخی قۆناغی پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر بگونجێنێ.

خولی یەکەمی "ڕێبازی نوێ" سەرەتای کاروانێکی دورو درێژە کە ١٥ ساڵی خایاندووە. خولی دووەم پاش نزیکەی دوو ساڵ‌و نیو دەست پێ دەکاو تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لەتەموزی ساڵی ١٩٧٩.

ئەم تاقە ژمارەیە لەشاری سەقز لەکوردستانی ئێران، لەچاپخانەی ژمارەیەك هەڵسوڕاوی کوردپەروەر چاپ کراوە کە لەهەلومەرجی پاش روخانی رژێمی شا بنکەیەکی رۆشنبیرییان بۆ بوژاندنەوەی زمانی کوردی دانابوو، لەوانە سیامەند مامیر شاسواری‌و عەبدوڵڵا فەلاحی. سەرنوسەری ئەم خولە، تالەبانییە.

خولی سێیەم کەوتۆتە ساڵی ١٩٨٢و ژمارەکانی لەگوندی توژەڵە دەرچوون. سەرنوسەری یەکەم ژمارەی ئەم خولە تالەبانییە، بەڵام سەرنوسەری ژمارەکانی دواتری خولەکە ئەرسەلان بایزە. خولی چوارەم کەوتۆتە ساڵی ١٩٨٣و تەنها ٣ ژمارەی لێ دەرچووە. سەرنوسەرەکەی فەرید ئەسەسەردە. ئەم خولە کەوتۆتە قۆناغی گواستنەوەی بارەگای دەزگای راگەیاندن لەتوژەڵەوە بۆ دۆڵی جافەتی. خولی پێنجەم کەوتۆتە ماوەی نێوان ١٩٨٥-١٩٨٨ کەتێیدا زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی لەبەرگەڵوو لەدۆڵی جافەتی دەرچوون‌و سەرنوسەرەکەی ئەرسەلان بایز بووە. خولی شەشەم ئەو ژمارانە دەگرێتەوە کە لەسەقز دەرچون‌و ماوەکەی کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩٠. لەم خولەدا "ڕێبازی نوێ" سێ سەرنوسەری هەیە. یەکەمیان ئەرسەلان بایزە کەتا هاوینی ١٩٨٨ سەرنوسەری بووە، دووەمیان فەرید ئەسەسەردە کە لەهاوینی ١٩٨٨ـەوە تا کۆتایی ساڵ ئەرکی سەرنوسەریی گرتۆتە ئەستۆو سێیەمیان یوسف شەریفە کە لەماوەی نێوان ١٩٨٩-١٩٩٠ سەرنوسەری بووە. خولی حەوتەم کەوتۆتە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١و تێیدا ٦ ژمارە دەرچووە کەبەشێکی لەگەلاڵە تایپ‌و دیزاین کراوەو لەهەولێر چاپ کراوەو بەشەکەی تری لەهەولێر ئامادە کراوەو هەر لەوێش چاپ کراوە. هەر شەش ژمارەی ئەم خولە لەچاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین چاپ کراون. سەرنوسەری ئەم خولە فەرید ئەسەسەردە.

گەشتی "ڕێبازی نوێ" لەبەیروت‌و دیمەشقەوە بۆ هەولێر گوزارشتێکی چڕی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. ئەکادیمیای هۆشیاری‌و پێگەیاندنی کادیران وەك لەکۆنفرەنسی ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٢ گوازرشتی لێ کردبوو، لەبەرنامەیدایە هەموو ژمارەکانی "ڕێبازی نوێ" بەپێی خولەکانی چاپ بکاتەوە. دەسخستنی ئەم دیکۆمێنتە گرنگە بەشێکە لەبەرنامەی چاپکردنەوەو بڵاوکردنەوەی ئەرشیفی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەماوەی نێوان ١٩٧٥-١٩٩١ کەئەکادیمیا لەساڵی ٢٠١١ـەوە دەستی بەجێبەجێ کردنی کردووە.

فەرید ئەسەسەرد

لێپرسراوی ئەکادیمیای هۆشیاری‌و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ١٣/٢/٢٠١٣

# ئیندێکسی هەردوو ژمارە

## ژمارە١، کانونی دووەمی ١٩٧٦


سەروتار ........ ٩
چیای لالش بەشۆڤێنییەکان ناگوێزرێتەوە ........ ١٠
رێککەوتنی سەددامو شا لەجەزایرو مەسەلەی هاوچارەنوسیی نەتەوەی کورد ........ ١١
باری ئێستای گەلەکەمانو رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ........ ١٩


## ژمارە٢، تشرینی دووەمی ١٩٧٦


وتەی ژمارە ........ ٢٣
تێکۆشەرە دلێرەکان فاشیزم ریسوا ئەکەن ........ ٢٥
زەرفی دەولیی ((خراپو باش))و خەباتی گەلی کورد ........ ٢٧
مەسەلەی ئەندامەتیو رێکخراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ........ ٣٤
چەند رەئیەك لەسەر زیندوکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ........ ٣٨
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەنو گرین ........ ٤٥
فەرمانە بنچینەییەکانی تێکۆشان ........ ٤٦
دەنگتان ........ ٤٦

**ڕێبازی نوێ**

**بابەتەکانی ژمارە ١**

**کانونی دووەمی ١٩٧٦**

## سەروتار

**ڕێبازی نوێش وەك (الشرارە) ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بەزمانی شیرینی کوردی بۆ جەماهیری گەل بلاو ئەبێتەوە. بەنیازی باشتر رونکردنەوەی ڕێگە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق‌و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.**

**ڕێبازی نوێ مەشخەڵی ڕێبازێکی نوێیە کەبزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانی‌و دیموکراتی خەڵکی کوردستان گرتویانەتە بەر شانبەشانی بزوتنەوەکانی ئازادی‌و رزگاری‌و دیموکراسیی گەلانی رۆژهەڵات بەگشتی‌و نەتەوەی دۆست‌و برای عەرەبمان بەتایبەتی کە لەبەر تیشکیا دوژمنە خوێنینەکانی گەلەکەمان کەئیمپریالیزم‌و چینە موڵکدارو بوژوازییە کەمپرادۆری‌و بیروکراتەکانی گەلانی دەسەڵاتدارن، وە دەرەبەگایەتی‌و بورژوازیی سەر بەبێگانەی کوردستانن، بۆ خەڵك ریسوا ئەکرێن‌و دۆست‌و هاوپەیمانەکانمان دێنە روو کەبریتین لەکرێکارو جوتیارو رەنجدەرانی ترو خوێندەوارانی شۆڕشگێڕو پێشکەوتوی گەلانی هاونیشتمانیمان. هەر وەك لەبەر تیشکیا هێزی سەرەکیی شۆڕشەکەمان کەجوتیاران‌و هێزی پێشڕەو کەچینی کرێکارو هێزە دۆست‌و سوێندخۆرەکان بەخوێندەوارانی شۆڕشگێڕو بورژوازیی بچوك‌و سەرمایەداریی نیشتمانپەروەرەوە ئەخرێنە روو تاکو خەباتمان ئاراستەی راپەراندن‌و هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستن‌و رابەرایەتی کردنیان بکەین بەسەر ئەم ڕێبازە نوێیەدا کە بەخوێنی گەشی شەهیدەکانمان مەشخەڵەکەی هەڵ کراوە.**

**ڕێبازی نوێمان ڕێبازی خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری گەلەکەمان پشت ئەستور بەهێزی زۆرو زەبەندی گەلەکەمان‌و دڵنیا لەهاوخەباتی لەگەڵ هێزو پارتی‌و تاقمە پێشکەوتووەکانی تری عیراق کەپێویستە لەبەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتودا هەمویان کۆ بکرێنەوە، تاکو خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی عیراق بەکوردو عەرەب‌و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانەوە رابەری بکات دژی دیکتاتۆریەتی فاشیستەکانی بەغداو بۆ هێنانە سەر کاری حوکمێکی ئیئتیلافیی دیموکرات کەدەستەبەری سەربەستییە دیموکراتییەکان بێت بۆ گەلی عیراق‌و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق.**

**ڕێبازی نوێمان ڕێبازی خەباتی بێ وچانە دژی ئیمپریالیزم‌و سەهیۆنیەت‌و دیکتاتۆریەت‌و کۆنەپەرستیی خۆماڵی‌و بێگانە، ڕێبازی هاوکارییە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەکوردستان بڕبڕەی پشتێتی‌و کوردایەتیی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتوو ئەشێ‌و ئەبێ یەکخەرو بەیەکدی گەیێنەری خەباتیان بێت دژی دوژمنانی هەموو لایەك.**

**ڕێبازی نوێ ڕێبازی برایەتی‌و یەکێتیی تێکۆشانی کوردو عەرەب‌و هەموو هاونیشتمانییەکانی عیراقە، ڕێبازی بەگژاچونی شۆڤێنیزم‌و تاکڕەویی نەتەوایەتییە، ڕێبازی دوژمنایەتی کردنی ئیلحاق‌و جیابونەوە خوازییە،**

ڕێبازی پەروەردەکردنی جەماوەری گەلە بەگیانی هاوەدەریو هاوخەباتیو یەکێتیی دەسکەوتو چارەنوس لەگەڵ جەماوەری گەلی عەرەب بەتایبەتیو جەماوەری گەلانی تری ڕۆژهەلاتەکەمان بەگشتی.

ڕێبازی نوێمان ڕێبازی شۆڕشی نوێی گەلە کە لەکێوەکانی کوردستانەوە بلێسەکەی بەرز ئەبێتەوە تا مەشخەڵەکەی هەموو عیراق دائەگرێتو پریشکەکانی دەشتو دۆڵەکانی خواروو و ناوەڕاستی عیراقیش گڕ پێ ئەگرێتو فاشیزمی خوێنڕێژی پێ زیندە بەچاڵ ئەکرێ.

ئەم شۆڕشەی کەبۆتە شۆڕشێکی دیموکراتی نوێو بەشێك لەشۆڕشی سۆشیالیستیی جیهان، بەبێ تەواوکردنی ئەرکەکانیو گواستنەوە بۆ قۆناغی سۆشیالیزم، هێنانە دیی هەموو ئامانجەکانی بەشێوەیەکی رادیکالی لەتوانادا نیە. بۆیە ڕێبازی نوێمان ڕێبازی شۆڕشی دیموکراتی نوێیە لەسەرانسەری عیراقدا با دەستپێکیشی لەکوردستان بێت.

ڕێبازی نوێ ڕێبازی رونکردنەوەی راستییەکی مێژووییە کە بەتاقیکردنەوەی گەلانو خەباتە خوێناوییەکانی خۆشمان ئیسپات کراوە، ئەو راستییەی دوپاتی ئەکاتەوە کەهەر بەبونی پارتی پێشڕەوی راستەقینەو یەکێتیی نیشتمانیو هێزی پێشمەرگەی گەلو هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی گەلی عەرەبو هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردایەتی لەکوردستاندا ئەتواندرێ گەلەکەمان لەهێرشو شالاوی لەناوبردنی نەتەوایەتیی کوردو تیاچواندنی کوردستان رزگار بکرێتو مافی رەوای بەسەربەستی چارە نوسین بەشێوەی ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە لەچوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراتی عیراقیدا بهێنرێتە دی.

ڕێبازی نوێ ڕێبازە دێرینە بەئەنجام گەیێنەرەکەی گەلانی رزگارو ئازادی دنیایە کە لەولاتی ئێمەشدا بەشێوەی تایبەتی خۆیو هەمان ناوەڕۆکی مێژوویینی خۆی ئەبێ پەیڕەو بکرێ، چونکە هەر بەو شەرتەی کە ڕێبازێکی سیاسیو عەسکەریی راستمان هەبێت لەشۆڕشدا سەر ئەکەوین.

ڕێبازی نوێ ڕێبازی باوەڕی تەواوە بەسەرکەوتنی خەباتی جەماوەری گەل هەرچەندە خەباتێکی سەختی درێژخایەنی پڕ لەکوێرەوەریو فیداکاریشە، ڕێبازی باوەڕی توندوتۆڵە بەو راستییەی کەفاشیستەکانو هاوپەیمانە ئیمپریالیستەکانیان بەگشتیو ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەتایبەتی شێرە بەفرینەن، بەگڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر ئەتوێنەوە. بۆیە پێویستە هەموو هێزو توانامان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی خەباتی جەماوەر بهێنینەوە جۆشو خرۆشو شۆڕشی جەماوەری گەل ببوژێتەوە بۆ رزگارکردنی گەلو نیشتمانەکەمان.

بۆ پێشەوە، بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری، شانبەشانی هێزە پێشکەوتووەکانی تری عیراق روەو هێنانە دیی دیموکراسی بۆ عیراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بەڕێبازێکی نوێ، ڕێبازی سەروەری سەرکەوتن.

## چیای لالش
## بەشۆڤێنییەکان ناگوێزرێتەوە

ئیمپریالیزمی فەرەنسی کەجەزائیری داگیر کرد، هەر بەتالان کردنی جەزائیرو چەوساندنەوەی خەڵکەکەی دابین نەبوو. بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەفەرەنسی کردنی جەزائیرو کردنی بەبەشێکی لەجیابونەوە نەهاتوی فەرەنسا، چەند ملیۆن فەرەنسییەکیان ناردە ئەوێو خانوبەرەی جوانو کێڵگەو باخی ئاوەدانو دوکانو بازاڕیان دروست کرد.

بەڵام کەگەلی جەزائیر ئیمپریالزمی فەرەنسیی دەرکرد، هەموو میراتە بەکەڵکەکانی فەرەنسییەکان بۆ گەلی جەزائیر بەجێ مان.

ئیمپریالیزمی ئیتالیش کەلیبیای داگیر کرد، ئەویش بەهەمان دەستور دەیان هەزار ئیتالیی نارده ئەوێ، خانوبەرەی جوانو کێڵگەو باخی رازاوەو ریزە دوکانی قەشەنگیان بنیات نا، بەڵام کەئیمپریالیزمی ئیتالی ناچار بوو دەست لەلیبیا هەڵ بگرێتو شۆڕش لەوێ سەرکەوت، میراتە بەکەڵکەکانی ئیتالییەکانیش بۆ گەلی لیبیا بەجێ مان.

ئەمە دوو نمونە بون لەجیهانی عەرەب. لەئەنگۆلاش خەریکە هەمان ((دەورو تەسلیم))دوبارە ئەبێتەوە.

سەیر ئەوەیە کاربەدەستە شۆڤێنییەکانی بەغدا، تازە گەرەکیانە تەجروبەی ژێرکەوتوی ئیمپریالزمی فەرەنسیو ئیتالیو پورتوگالی چەند بارە بکەنەوەو ئەوەی سەهیۆنییەکان بەسەر عەرەبەکانی فەلەستینیان هێناوە، ئەمان لەکوردستان جێبەجێی بکەن.

چەند گەوجو کورتبینن. چیای لالشو بێخێرو پیرەمەگرونو قەندیلو زمناکۆ، چۆن بەشۆڤێنییەکان ئەگوێزرێنەوە؟ ئێمەی خەڵکی کوردستان دڵنیاین هەموو ئەو خانوبەرەو گوندە نمونەییو کۆکراوانەی ئەمرۆ لەنیشتمانەکەی ئێمەدا دروستی ئەکەن، سبەینێ بەمیرات بۆ خۆمان بەجێ ئەمێنن.

## رێککەوتنی سەددامو شا لەجەزایرو مەسەلەی هاوچارەنوسیی نەتەوەی کورد

-١-

نەتەوەی کوردو نیشتمانەکەی، کەبەپێی قازانجو بەرژەوەندە سیاسیو ستراتیجی ئابوری- پەترۆلییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانیو کۆنەپەرستانی ناوچەکە دابەش کراوە، خەباتێکی بێ وچانی خوێناویی کردووە لەپێناوی بەدەسهێنانی مافەکانیدا، لەسەروو هەمویانەوە مافی سەربەستیی چارەی خۆنوسین. بەڵام ئەوەی سەرنج رائەکێشێت تا دوای دووەمین جەنگی جیهانیش، بزوتنەوەی کوردایەتی چ ئەوەی شێخو سەرۆك عەشیرەتەکان رابەرییان کردووە چ ئەوانەی پارتیو داوو دەزگای سیاسی سەرکردایەتیی کردون، لەڕوی دیاریکردنی ئامانجە سیاسییەکانی بزوتنەوەو شۆڕشەکانیانەوە لەگێژاوی سەرلێشێوانێکی زۆردا بون. هەر بۆ نمونە:

-بزوتنەوەکانی شێخ مەحمود جارێك حوکمداری، مەلیکایەتی، جارێك ئینتیدابی بەریتانیای گەورەو جارێکی تر چاودێری کۆمەڵی نەتەوەکان.

-بزوتنەوەکانی سمکۆ ئامانجێکی دیارو رۆشنیان نەبووە.

-بزوتنەوەی شێخ سەعیدو رێکخراوە سیاسییەکانی ئەوسای کوردستانی تورکیا، هەندێکیان گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامیی عوسمانییەکانو هەندێکی تریان سەربەخۆیی کوردستان. شۆڕشی ئاگری بەڕابەریی ئیحسان نوری پاشاو کۆمەڵەی خویبون، سەربەخۆیی کوردستان.

-بزوتنەوەی بارزانییەکان، داخوازیی شتی ناوچەیی.

بێگومان ئەم روداوانە نابێ بەسەنگو تەرازوی ئەمڕۆ کێشانە بکرێن. پێکهاتەی چینایەتیی ئەو بزوتنەوانەو رابەرایەتییەکەیو مەرجە ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو فیکرییەکانی ناو کۆمەڵی ئەوسای کوردو پەیوەندییەکانی بەگەلەکانی دراوسێو دەرەوە، واتە زروفی کوردستانو رۆژهەڵاتو دنیا لەهەڵسەنگاندنی ئەمانەدا نابێ فەرامۆش بکرێن. بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەم سەرلێشێوانە لەدیاریکردنی ئامانجی سیاسیی شۆڕشەکاندا یەکێك بووە لەهۆیە گرنگەکانی سەرنەکەوتنی کوردایەتی.

لەدوای دووەمین جەنگی جیهانەوە، کەتێکۆشەرە شۆڕشگێڕو هۆشیارەکانی کورد خۆیان لەڕێکخراوی سیاسیو لەچوارچێوەی پارتیی دیموکراتو پێشکەوتوودا ڕێك خست، مەسەلەی دیاریکردنی ئامانجە سیاسییەکانیشیان تا ئەندازەیەکی باش چارەسەر کردو لەپرۆگرامو بەرنامەو ئەدەبیاتی سیاسیدا گەڵاڵە بون. حزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) لەبەرنامەیەکەیدا نوسیویەتی:

((نەتەوەی کورد لەناوخۆی ئێراندا بۆ هەڵسوراندنی کاروباری مەحەللیی خۆی سەربەخۆو ئازاد بێو لەسنوری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ)).

((حزبی دیموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لەخەباتدا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجانو کەمایەتییەکانی تر کە لەئازەربایجان دەژین (ئاسورییەکانو ئەرمەنییەکانو هتد) یەکێتیو برایەتییەکی تەواو پێك بهێنێ)).

لەکوردستانی عیراقیش حزبی رزگاریی کورد لەبەیانی دەستەی دامەزرێنەردا بڵاوی کردۆتەوە:

"١-ئامانجی گەورەمان یەکخستنەوەو رزگارکردنی کوردستانی گەورەیە. لەبەر ئەوەی ناوەندی حزب لەکوردستانی عیراقە، خەبات ئەکەین بۆ رزگارکردنی عیراق لەنفوزی ئیمپریالیزمو حکومەتە کۆنەپەرستەکان کەگەورەترین کۆسپی ڕێگای پێشکەوتنی کوردن لەعیراقدا بۆ گەیشتن بەئامانجی پیرۆزی کەئازادیو مافی چارەی خۆنوسینە.

٣-هەوڵدان بۆ بەدەسهێنانی سەربەستیی خۆ بەڕێوەبردن لەکوردستانی عیراقدا کەهەنگاوێکی زلە بۆ چارەی خۆنوسینی گەلی کورد.

٤-هەوڵدان بۆ دروست کردنو بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو حزبو تاقمە کوردییەکانی دەرەوەی عیراق بۆ یەکخستنی خەبات بۆ گەیشتن بەئامانجی پیرۆز- مافی سەربەستیی چارەنوسو رزگاری.

٧-هەوڵدان بۆ رونکردنەوەی مەسەلەی کورد بۆ هەموو گەلان، بەتایبەتی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٨-هەوڵدان بۆ دروست کردنی پەیوەندیو هاوکاری لەگەڵ حزبو ڕێکخراوە دیموکراتییەکان)).

ئەوەی لێرەدا شایانی سەرنجدانە، دوو گۆڕانی گرنگی چۆنایەتییە (نەوعی)، یەکەم- ئەو پاشاگەردانیو سەرلێشێوانەی لەدیاریکردنی ئامانجی سیاسیدا هەبوو، کەوت بەلایەکدا.

سەربەخۆییو جیابونەوەی کوردستان لەدەوڵەتانی ناوچەکە وەکو دروشمێکی نزیكو پەلە خرایە کەنارو لەباتی ئەوە خودموختاریو سەربەستیی خۆبەڕێوەبردن کەپاشان بەئۆتۆنۆمو مافی چارەنوس بڕیاردان لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کوردیان تیا ئەژی، خرایە پرۆگرامی پارتییەکانەوە. دووەم- مەسەلەی کورد نەك وەکو جاران بەشێوەیەکی گۆشەگیرو جیا لەمەسەلەی رزگاریی هەموو گەلانی وڵاتەکە، بەڵکو وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی دابەشکراو کە لەگەڵ چەند گەلی زۆرلێکراوی تردا پێکەوە ئەژین، خرایە روو.

ئەم گۆڕانە چوونییە کە بەدوای خۆشیا گۆڕانی تری هێناوە، لەداڕشتنی بەرنامەی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیو شێوەی کارکردنی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئەگونجێ بەلای نەتەوەپەرستێکی تەنگەتیلگەو گۆشەگیرەوە بەبارێکی خراپدا لێك بدرێتەوە، کەگوایە ئەمە وازهێنانی کوردە لەئامانجی پیرۆزی رزگاریو یەکگرتنەوەی کوردستانو دامەزراندنی برایەتیو هاوخەباتییە لەگەڵ ((دوژمنان)) یاخود ((خێڵی گورگ))دا، هەر وەکو بەڕاستیش هەندێ کەسو داوودەزگای دڵسۆزو گومانلێکراوی کورد ئەم باڵۆرەیە لێ ئەدەن. لەراستیدا ئەم گۆڕانە بەڵگەی زیاتر کامڵبونی کوردایەتیو نیشانەی تەجروبە وەرگرتنو گۆڕانی سروشتی چینایەتیی رابەرایەتیو ریزەکانیو هەڵسەنگاندنی راستو دروستیی ڕێبازو زروفی ناوەکیو دەرەکیی گەلی کوردو هەنگاونان بوو بەرەو رووی ناسینی دۆستو دوژمن.

-٣-

ئەو گۆڕانەی کەباشتر تێگەیشتنی رۆڵە هۆشیارو تێکۆشەرەکانی کورد لەڕێبازی خەباتی کوردایەتی دەرئەخات، ئەو لایەنە گرنگەی مەسەلەی کوردی بەهیچ جۆرێك لەبیر نەبردونەتەوە، کەبریتییە لەیەکێتیی نەتەوەی کوردو یەکێتیی مەسەلە نەتەوەییەکەی لەیەکچونو یەك سەرچاوەیی گیروگرفتەکانی. خۆ ئەگەر ئەمانیش لەبیر خۆیانی بەرنەوە، داگیرکەرانی خاکی کوردستانو چەوسێنەرەکانی گەلی کورد هەرگیز ئەمەیان لەبیر نەچۆتەوەو هەمیشە، سەرەڕای ناکۆکیو ناتەبایی بەینی خۆیشیان، لەمەیدانی بەربەرەکانێو بەگژداچونی کوردایەتیدا قۆڵیان کردووە بەقۆڵی یەکاو هاوکاری یەکتری بون:

لەڕوی سیاسیو قانونی ناو دەوڵەتانەوە- پەیمانەکانی سەعد ئاباد، تورکیا- عیراق، پەیمانی بەغدادی پێشو(سەنتۆی ئێستا)و رێککەوتنەکەی ئەم دواییەی شا- سەددام لەجەزایر.

لەمەیدانی جێبەجێ کردنو کردەوەشدا- هاوکاریی سەربازیو سیاسی بۆ روخاندنی جەمهوریی میللیی کوردستان، دامرکاندنەوەو راونانی عەشیرەتی بارزانو جوانڕۆو تێکدانی شۆڕشی ئەمجارەی گەلەکەمان لەعیراق، ئەو راستییەی کەخەباتی نەتەوەی کورد وەکو مەسەلەیەکی نەتەوایەتیی یەك گەلی پارچە پارچەکراو، وەکو مەسەلەی گەلێك کەئازاردانی نەتەوایەتی، زوڵمو زۆری چینایەتیو چەوسانەوەی ئیمپریالیزمی، بەسەردا سەپێنراوەو خەبات ئەکا لەپێناوی بەدەست هێنانی مافی سەربەستیی چارەی خۆنوسینو چاککردنی باری خراپی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوریو فەرهەنگیدا، هەرگیز لەبیر تێکۆشەرانی هۆشیارو پێشکەوتوی کورد نەچۆتەوە. هەر بۆیە پرۆگرامی هەموو پارتیو رێکخراوە سیاسییە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری کوردستان لەم روەوە داوانو لەئەدەبیاتو نوسینەکانیاندا خەباتو تەجروبەکانی یەکتریان گێڕاوەتەوە. لەکاتێکدا کەئەمە روی تیۆریی مەسەلەکە پیشان ئەدا، بەکردەوەش بەشداریی بارزانییەکانو ئەفسەرو خوێندەوارانی کوردی پارچەکانی تری کوردستان لەجەمهوریەتی مەهەبادا، دواییش هاوکاریی پتەوی کادیرانی هەردوو حزبی دیموکراتی کوردستان لەئێرانو عیراقو دەوری هەندێك لەمافە لەگەلاڵەکردنی بیری دروستکردنی رێکخراوی سیاسی بۆ کوردەکانی سوریاو تورکیا، وە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات بۆ قوتابییانی سەرانسەری کوردستان بێگوێدانە جیاوازیو جنسیەو تەبەعیەتی سیاسیی دەوڵەتەکانیان، ئینجا بەشداریی دڵسۆزانەو ئازایانەی هەزاران کوردی ئێرانو تورکیاو سوریا لەو سنورە تەسکەدا کەڕابەرایەتی رێگەی ئەدان وەکو پێشمەرگەو کادیری سیاسیو جەنگیی ((گومناو)) لەشۆڕشی ئەمجارەی گەلەکەماندا لەعیراق، بەچاکترین شێوە یەکێتیی مەسەلەی کوردو هاوخەباتیو هاوچارەنوسیی گەلی کورد ئەنوێنن.

-٤-

ئەم دوو لایەنە جیاوازەی خەباتی کورد خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئاڵۆزیی مەسەلەی کوردە کەوەکو نەتەوەیەکی دابەشو پارچە پارچەکراو بەسەر چەند دەوڵەتێکی فرە- نەتەوەدا. لەلایەکەوە ئەبێ:

-شەرتو مەرجەکانی خەباتی ناوکۆیی لەگەڵ گەلانی دراوسێو هاو دەوڵەتدا دژی ئیمپریالیزمو چینە کاربەدەستەکان، لەپێناوی سەربەخۆیی سیاسیو ئابوریی وڵاتو دامەزراندنی حکومەتانی دیموکراتو گۆڕانی سۆشیالیستدا، پەیڕەوی بکات.

لەلایەکی تری ئەبێ:

-شەرتو مەرجەکانی خەباتی ناوکۆیی لەگەڵ خەباتی گەلی کوردا لەپارچەکانی تری کوردستاندا دژی چەوسانەوەو دواکەوتن، دژی بەعەرەبو تورکو فارس کردنو لەپێناوی سەلماندنی مافی سەربەستیی چارەی خۆنوسیندا، بەجێ بهێنێت.

پارچە پارچەیی کوردستانو نەتەوەی کورد هەرچەندە تا ئەندازەیەکی زۆر مالۆیرانیی بەسەر جەماوەری گەلەکەماندا هێناوە، هێزو توانای پچڕ پچڕ کردووە، لەڕوی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیو کۆمەلایەتییەوە جیاوازیی خستۆتە ناویانەوە، بەلام هەر وەکو ئەشێ شتێکی باش وردە وردە خراپ ببێتو برزێو بۆگەن بکاتو ئەنجامی خراپو بێ فەری لێ بوەشێتەوە، ئەگونجێ شتی خراپیش بەچاك وەربگێڕدرێتو ئەنجامی بەکەلك‌و باش بدات. نەتەوەی کوردیش بەهۆی پێکەوە ژیانی لەگەلّ چەند نەتەوەی جیا جیاو چەوساوەدا لەسنوری چەند دەولەتی فرە- نەتەوەی زۆرلێکراوی جیا جیاداو بەهۆی شوێنی جوگرافیی ولاتەکەیو بەهۆی ئەو تواناو وزە شۆڕشگێڕانەو جەنگییە لەبن نەهاتووەی کەسەبارەت بەسەختیی چەوسانەوەو زۆرلێکرانی سەدان سالّ درێژەی کێشاوی چەند سەرەو نەریتو خوو و رەوشتی شۆڕشگێڕانەو جەنگاوەرانەی سەدان سالّ کەلەکەبوی، لەبارەیدا هەیە خەباتی هەموو گەلانی ناوچەکە لەعەرەبو فارسو ئازەریو تورك...تاد پێکەوە جۆش بداو کۆ بکاتەوەو کوردستان ببێتە بنکەیەکی مەزنو لەشکان نەهاتوی شۆڕش لەڕۆژهەلاتدا دژی ئیمپریالیزمو چەوسانەوە، لەپێناوی رزگاریو سۆشیالیزمدا. بەداخەوە ئەم راستییە کەنەتەوەی کورد ئەم دەورە شۆڕشگێڕانە مەزنو بڕیاردەرەی پێ ئەگێڕدرێت، هێشتا بەتەواوی لەناو زۆر کۆڕو کۆمەلّی شۆڕشگێڕو تێکۆشەری گەلانی دراوسێماندا رون نیەو بەجیددی نەگیراوە. تێکۆشەرانی کوردیش زۆر هەولّی لێکۆلّینەوەو سەلماندنو دەرخستنی ئەم دەرکەوتەیەیان نەداوە.

جا تێکۆشەرانی کورد کەباوەڕیان هەبێ بزوتنەوەی کوردایەتی بەشێکی لەجیابونەوە نەهاتوی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی دنیایە، بێگومان ئەبێ باوەڕیشیان بەوە هەبێت کەخەباتی کورد لەپارچەیەکی ولاتەکەیدا هەم بەشێکە لەخەباتی گەلانی سەرانسەری ئەو دەولەتەی تیایدا ئەژیو هەم بەشێکیشە لەخەباتی نەتەوەی کورد لەسەرانسەری کوردستاندا. ئەمە ئەگەر رێگەی مێژوییو راست بگرێ، یەکێکە لەسەرچاوە لەبن نەهاتووەکانی هێزو توانای کوردایەتی، کەتێنو تاوێکی وای ئەداتێ بەهیچ هێزێکی سەر ئەرز نەشکێت.

ئەم پەیوەندییە دیالەکتیکییەی نێوان بالەکانی کوردایەتی لەبەشە جیاجیاکانی نیشتمانەکەماندا، گەلێ جار بەڕونی لەسەرکەوتنو ژێرکەوتنەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەماندا دەرکەوتووە. سەرکەوتن یا شکانی کوردایەتی لەلایەك، یا بزوتنەوەی لەلاکانی تردا بەهێز کردووەو باری ئازارو چەوسانەوەی کەمێك لەسەر سوك کردون، یاخود تەوقی دیلیو چەوسانەوەی لەگەردندا قایمتر کردون.

-٥-

جا ئێستا کەقۆناغێکی درێژی خوێناویی خەباتی قارەمانانەی گەلەکەمان لەکوردستانی عیراقدا کە لەپرشنگدارترینو پڕ تەجروبەترین روداوەکانی مێژوی نەتەوەی کوردە، بەبێ ئەوەی هیچ شکستێکی سیاسی یا جەنگی بەسەر هاتبێت، بەو ئەنجامە ناخۆشە تراجیدییە گەیشت کەهێشتا هەمومانی تیا ئەژینو ئێستا کەتێکۆشەرانی شۆڕشگێڕو هۆشیاری کورد لەسەرەتای قۆناغێکی نوێدانو ئەیانەوێ بەتێنو تەوژمێکی لەجاران زیاترەوە لەم گلانە هەلّسنەوە، پێویستە ئاوڕ لەرابوردوو بدەینەوەو ئەو تەجروبە بەنرخانەی هەر یەکەیان بە گیانی سەدان شەهید کەوتووە لەسەرمان، پێویستە هەلّی بهێنجێنینو لەخەباتی داهاتوماندا بیانکەین بە سەرمەشق.

-٦-

پارتی دیموکراتی کوردستان کەڕابەری خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بوو لەعیراقدا، زۆر لەم تێزانە نزیك بوو. رەنگە هیچ پێوەنانی تێدا نەبێت، پیاو ئەگەر بلێ، رۆژنامەو بلاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو ئەدەبیاتی سیاسیی ئەو دەورێکی گرنگو بایەخداریان هەبوە لەداڕشتنو چەسپاندنی ئەو تێگەیشتنو

تێزانەدا، کەزۆر لای چەپو راست، دڵسۆزو گومانلێکراو، لەناو کوردو غەیری کوردا، بەتوندی چون بەگژیاو دوژمنایەتییان کردووە. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حزبێکی فراوان کەئەیویست بەشی هەرە زۆری چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کورد پێکەوە کۆ بکاتەوەو نوێنەری بیروڕاو هەڵوێستی سیاسیو پارێزەری قازانجو دەسکەوتی ئەو هەموو تاقمە جیاوازانە بێت، لەڕوی چینایەتییەوە بێگومان هەر ئەیتوانی حزبێکی تێکەڵو پێکەڵ بێت، پیلی سیاسیی جیا جیا کە لەڕیزی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەوە هەڵ تۆقیون هەمیشە...[1]

گەڕانەوەی بارزانی بۆ عیراقو هێنانی بۆ سەرۆکایەتیی پارتی، روداوێك بوو بەقازانجی چینو توێژە دواکەوتوو و گۆشەگیرەکانی کۆمەڵی کورد- سەرۆکی هۆزو خێڵو کوێخاو شێخو زەویدار- کە لەڕوی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە لەڕیزی کوردایەتیدا کزو کەساسو نابوتو بێ دەسەڵات بوو بوون.

-٧-

بێگومان هەموو هێزێکی سیاسی لەخەباتی چەکدارا، بەتایبەتی کەهیچ بەرامبەرێکی ژمارەییو پارەییو تەکنیکی لەبەینی ئەمو دوژمنەکانیدا نەبێت، هەوڵی پەیداکردنی سەرچاوەی یارمەتیو دەستگیرۆییو دۆست ئەدات. ئەمەش مافێکی رەوای هەموو هێزێکی تیکۆشەری دنیایە، پێش کوردو پاش کوردیش زۆر میللەتی تری جیهان کردویەتی. هەر بەم پێیە، شتێکی ئاساییە کەشۆڕشی کوردیش هەوڵی پەیداکردنی سەرچاوەی یارمەتیو دۆستو هاوپەیمانی دابێت.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: کورد یاخود راستتر بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد، لەناو دنیای ئێستای بەسەر چەند ئۆردوگای سیاسیی ناکۆك دابەشبوودا، دۆستو هاوپەیمانو سەرچاوەی یارمەتیی خۆی رەنگە لەکوێدا بدۆزێتەوەو ئەبێ هەوڵی پەیداکردنو دۆزینەوەیان لەناو کام ئۆردوگایاندا بدا؟

-٨-

رۆژنامەنوسی ئەمریکی دانا ئادەمز شمیت کەکابرایەکە خۆی بەخێرخوای کورد ئەخاتە روو و یەکێکە لەو رۆژنامەنوسانەی لەسەرەتای شۆڕشدا سەری کوردستانیان داوەو ماوەیەکی درێژ ماوەتەوە،بەر لەهاتنی بۆ کوردستان دوای ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیو خوا ئەیزانێ لەگەڵ کێی تریش دەربارەی شۆڕشی کورد کردویەتی، زۆر ساکارو سادە بەو جۆرەی رۆژنامەنوسێکی ئەمریکی تێی ئەگات، هەر لەسەرەتای شۆڕشدا پێکەوە نەگونجاندنو رێك نەکەوتنی قازانجی کوردو شۆڕشەکەیو دەسکەوتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بەمجۆرە دەرئەبڕێت:

((...ئەوان- مەبەستی کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکایە- دانیان نا بەوەدا کەوڵاتە یەکگرتووەکان بەهۆی شۆڕشی کوردەوە لەپەژارە دان. هەرچەندە ئەمریکییەکان حەز ئەکەن وڵاتەکەیان وا بکەوێتە بەرچاو کەهەڵوێستی بەرگریکەرانە رائەوەستێ لەپرنسیپەکانی مرۆڤایەتیو لەدیموکراتیو مافی سەربەستی چارەی خۆنوسینو لەگەڵ ئەوەشدا کورد نەك هەر لەعیراق بەڵکو لەتورکیاو ئێرانو سوریاش بەشێوەیەکی ئاشکرای لەئینکاری کردن نەهاتوو بێبەشن لەزۆرتری مافە مرۆڤایەتیو فەرهەنگیو سیاسییەکانیان، بەڵام دیپلۆماتەکان وا هەست ئەکەن کەفرمانی هاوپەیمانێتی لەپشتیوانیکردنی تورکیاو ئێراندا، رێگەیان لێ ئەگرێت هیچ شتێ بکەن یا تەنانەت هیچ شتێ بڵێن بۆ یارمەتیدانی کوردو پیشاندانی بەزەیی..)).

بڕوانە: دانا ادامز شميت، رحلة الى رجال شجعان في كردستان، بيروت، ترجمة وتعليق جرجيس فتح الله، ص ٢٤.

---

[1] لەبەر کۆنیی کاغەزەکە ناخوێندرێتەوە

جا ئەم قسانەی شمیت کەشایەتی بۆ پێکەوە نەسازانی قازانجی نەتەوەی دابەشکراوی کوردو ئەمریکای سەرۆکی یانەی دنیایی ئیمپرالیزم ئەدەن، تیشکێك ئەخنە سەر ئەو ڕێبازەی دواییتر، رابەرایەتیی خێڵەکی بەسەر شۆڕشی کورددا سەپاندی، لەدابڕینی خەباتی کوردی عیراق لەخەباتی کوردی پارچەکانی تری کوردستانو لەخەباتی گەلی عیراقو لە هی هەموو گەلانی تری ناوچەکە.

رابەرایەتیی خێڵەکی ئەیزانی شای ئێرانو کاربەدەستانی تورکیا بەکێوە بەسروانو رادەی دەسەڵاتو نفوزی ئەمریکا لەتورکیاو ئێران چەندەو ئەیزانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردو گەلانی تر دژی شارو کاربەدەستانی تورکیای نۆکەرو پارێزەری قازانجو دەسکەوتەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکیو تەنگ هەڵچنین بەم دوو رژێمە خوێناوییە چەوسێنەرەوەیە، داوو دەزگا ئیمپریالیستەکان شێتو هار ئەکات. هەر بۆیە ئەم رابەرایەتییە لەسەرەتای شۆڕشەوە هیچ هەلێکی لەکیس نەئەدا بۆ پاکانەکردن لەم روەوە کەگوایە شەڕی کورد لەعیراقدا تەنیا دژی حکومەتی عیراقەو بەهیچ جۆرێ هەقی بەسەر کوردی شوێنەکانی ترەوە نیە. هەر شمیت لەزمانی جەنابی بارزانییەوە ئەگێڕێتەوە:

((بەلای بارزانییەوە کورد لەعیراقدا تاقەو هیچ پەیوەندییەك نایبەستێتەوە بەپارچەکانی تری کوردستانەوە لەتورکیاو ئێرانو بەڕەئی ئەو ((کوردەکانی تر هیچ رێگەیەکیان نیە یارمەتیی ئێمەی پێ بدەن. جاروبار کابرایەك لەتورکیا یا لەئێرانەوە دێتە لامان، جا هەندێکیان لەوڵاتەکانی خۆیاندا لەقانون دەرچون، دێن شەڕمان بۆ بکەن. ئێمەش لای خۆمان گلیان ئەدەینەوە. بەڵام بەگشتی ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان پێیانەوە نیەو داوای هیچ یارمەتییەکیشیان لێ ناکەین. وەزعیان باشتر ئەبێ، ئەگەر گیروگرفتەکانی خۆیان لەگەڵ حکومەتەکانی چارەسەر بکەن. ئێمە شەڕمان لەگەڵ حکومەتەکانی تورکیاو ئێراندا نیە، بەڵکو شەڕمانە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم)).

(شمدت، هەمان سەرچاوە، ل٢٩٣)

سەیر ئەوەیە لەکاتێکدا جەنابی بارزانی ئەڵێ کورد لەشوێنەکانی تر ناتوانن یارمەتیمان بدەنو جاروبار کابرایەکیان کە لەقانون هەڵاتووە پەنامان دێنێتە بەر، لەهەمان کاتدا ئەو رۆژنامەنوسە بەنرخەی ئەم، ئەو هەموو پارەو پوڵەی لەهێنانو تاوکردنیدا خەرج کردووەو ئەو هەموو رەنجەی داوە بگاتە کوردستان، کوردێکی ئێرانی هێناویێتیو بەیارمەتیی رێکخراوە سیاسییەکانی پارچەیەکی کوردستان بەقاچاخ گەیشتۆتە کوردستانی عیراقو لەکوردستانی عیراقیش کوردێکی خەڵکی سوریا تەرجومانی بووەو بەملاو بەولایدا گێڕاوە.

بەلای رابەرایەتیی خێڵەکییەوە، کوردی پارچەکانی تری کوردستان ئەبو بەرامبەر بەو چەوسانەوە سەختەو ئەو زوڵمو زۆرە چەند لاییەی لێیان ئەکرێ، ئارامو بێدەنگو مات دابنشن، چالاکیی سیاسی نەنوێنن، بڵاوکراوەو شتی لەو بابەتەی کەکاربەدەستانی ئێرانو تورکیا تورە ئەکەن دەرنەکەن. کورتییەکەی، تا مەسەلەی کورد لەعیراق بەلایەکدا ئەکەوێ، ئەبێ کوردی شوێنەکانی تر خەبات نەکەن نەبادا ئیمپریالیزمی ئەمریکی وا تێبگا شۆڕشی کورد لەعیراقدا دەست وەر ئەداتە کاروباری ناوخۆی هاوپەیمانەکانیانەوەو حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بترسنو لەگەڵ عیراقدا قوڵ بکەنەوە بەقۆڵی یەکدا بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد.

رابەرایەتیی خێڵەکی کەباوەڕی نەبوو بەهێزی لەبن نەهاتوی جەماوەری گەلو ئەو توانا زۆرەی نەتەوەی کوردو دۆست هاوپەیمانە راستەقینەکانی هەیانە، هەموو ئومێدێکی بەیارمەتیو پشتیوانیی ئیمپریالیزمی ئەمریکی

بوو، بەتایبەتی لەڕێگەی ئێرانەوەو ئامادە بوو هەر شتێکیش بکات بۆ دڵنیاکردنیان. هەر بۆیە لەسەرەتای شۆڕشەوە پەیتا پەیتا ئەم دادو هاوارو کڕوزانەوەو لەبەر ئیمپریالیزمی ئەمریکی پاڕانەوەیە بوو بە بەشێکی هەوڵو تەقەللای ئەم رابەرایەتییەو تەنانەت هەندێ جار لەو پەیامانەدا کەبەڕۆژنامەنوسە ئەمریکییەکاندا ئەینارد، بەڵێنی نابەجێو ناشیرینو خەجاڵەتکەری ئەدا وەکو بەڵێنەکانی لەمەڕ نەوتو بونە سوێندخۆرو هاوپەیمانی ئەمریکاو دەرپەڕاندنی نفوزی سۆڤیێتی...تاد.

-١٠-

شای ئێران کە لەگەڵ حکومەتی عیراقدا دوژمنایەتیو ناکۆکیی هەبوو لەسەر رێکخستنی کاروباری سنور، شەتولعەرەب، عەرەبستانو خەلیجو هەروەها لەسەر جۆری رژێمی سیاسیو سیاسەتی دەرەوە، لەڕوداوەکانی ناو کوردستانی عیراق بێئاگا نەبوو. ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی مەرجەکانی خۆی بەسەر عیراقدا بسەپێنێت. رابەرایەتیی خێڵەکیو راستڕەوی شۆڕشی کوردیش بە بەشێك لەئومێدەکانی گەیشت.

شا کەکاتی خۆی لەئەوروپا لەوەڵامی پەیامنێری رۆژنامەو ئیستگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆندا ئەیوت هاوڕەگەزەکانی لەعیراق مەترسیی لەناوچونیان بەسەرەوەیە، بۆیە یارمەتییان ئەدات، لەو گفتوگۆیەدا کە لەگەڵ هەیکەل کردویەتی بەئاشکرا مەبەستەکانی خۆی لەیارمەتیدانی کوردا دەرئەخاو ئەڵێ:

((...ئەبێ بەسەربەستی پێتان بڵێم: بەڵێ ئێمە یارمەتیی شۆڕشی کوردمان داو لەدەورەی دواییدا ئێمە دەسەڵاتی راستەقینە بوین لەپشتی سەریەوەو کاتێ پارێزگاریی خۆمان لێ سەندەوە ئەوەی ئەبو روو بدا، رویدا.. ئێمە شۆڕشی کوردمان دروست نەکردووە بەڵکو ئێمە ئەومان وەکو راستییەکی هەبوو دۆزییەوە. ساڵانی دورو درێژ رژێمە کاربەدەستەکانی عیراق دوژمنایەتییان لەگەڵ ئێمە کرد... شۆڕشی کورد هەلێکی رەخساندو ئێمە کەڵکمان لێ وەرگرت. ئایا لەڕاستیدا ئێمە ئەمانەوێ گیروگرفتێکی کورد بخولقێنین؟ بێگومان نەء. پێویستە بزانن کەئێمەش کەمایەتییەکی گەورەی کوردمان هەیە. بەو شێوەیەی وترا، رژێمە کاربەدەستەکانی عیراق ساڵانی دورو درێژ دوژمنایەتیی ئێرانیان ئەکرد. ئایا هەقمان نەبوو وەڵامی ئەو رەوشتەی ئەوان بدەینەوەو لەفرسەتێك ئەگەر بەدەست بکەوێ کەڵك وەربگرین؟ بەڵێ یارمەتیی شۆڕشی کوردمان دا دژی حکومەتی بەغداو ئەم کارەی ئێمە وەڵامی ئەو کارانە بوو کەدژی ئێران کردبویان... ئەوانە وازیان لەدوژمنایەتیی ئێمە هێناو ئێمەش وەهامان کرد...)).

(کەیهان، ١٥ی سپتەمبەری ١٩٧٥)

لێرەدا شتێك هەیە پێویستی بەڕونکردنەوەیە، ئەویش کەڵك وەرگرتنە لەو ناکۆکییانەی لەناو دوژمناندا هەیە بۆ سودی شۆڕشو جەماوەری گەل. گەلێ جار ئەمە زیرەکیی سیاسیی رابەرایەتی دەرئەخات. جاروبار هێزێکی شۆڕشگێڕ رەنگە لەبەر زۆر هۆی جوگرافیو جەنگیو ئابوری، ناچار بێت لەگەڵ لایەکی کۆنەپەرستدا پەیوەندی دابمەزرێنێ. بەڵام ئەو پەیوەندییە کە لەسنوری تاکتیك دایە، بەهیچ جۆرێ نابێ ببێتە چارەنوسو ستراتیجو سروشتی دوژمنانەی لا کۆنەپەرستەکە لەبیر ببرێتەوەو دوژمنی لێ ببێتە دۆستو دۆست بکات بەدوژمن. ئەگەر پەیوەندیی رابەرایەتیی خێڵەکی- راستڕەو لەگەڵ حکومەتی کۆنەپەرستی ئێراندا کارێکی تاکتیکیو ناچاریو وەختی بوایە، بێگومان بەهیچ جۆرێ رۆژی بەم رۆژە نەئەگەیشت. تەنانەت سروشتی دوژمنانەی رژێمی شا بەرامبەر نەتەوەی کوردو هەڵوێستی ئەوسای بەرامبەر شۆڕشی کوردو خۆبەستنەوەی رابەرایەتیی شۆڕش بەئێرانەوە زۆر جار سەرنجی رۆژنامەنوسەکانی بێگانەی رائەکێشاو ئەیانپرسی: ئەگەر ئێران یارمەتی لێ بڕین چی ئەکەن؟ بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی تیۆرییەکی زانستی رێ پیشاندەریان نەبوو، یا دەمیان ئەبوو بەتەڵەی تەقیو و هیچ وەڵامێکیان پێ نەبوو بیدەنەوە، یاخود ئەیانوت قایمکاریی خۆمان کردووە بۆ رۆژی تەنگانە.

-١١-

رابەرایەتیی خێڵەکی- راستڕەو هاوچارەنوسیی نەتەوەی دابەشکراوی کوردیان لەبیر بردبوەوە. لەباتی هاوخەباتیو هاوکاری لەگەڵ هێزە تیکۆشەرەکانی کوردو گەلانی عەرەبو فارسو ئازەرز تورك، رێگەی هاوکاریو هاوپەیمانیو هاوچارەنوسیی هەڵبژاردبوو لەگەڵ حکومەتە خوێنڕێژو کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، وەکو ئاغاو خزمەتکاو مامۆستاو قوتابی رەفتاری لەگەڵ حزبو رێکخراوە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستان ئەکردو دەستی ئەخستە کاروباری ناوەویان، رابەرایەتیی ئەگۆڕینو دەستکاریی ئەکرد، دوبەرەکیو ناکۆکیی ئەنایەوە لەناو ریزی رێکخراوەکانیداو لاکانی ئەکرد بەگژ یەکدا، رێگەی چالاکیو گەشەکردنی لێ ئەبەستن، تەنگی هەڵئەچنی بەکادیرو تێکۆشەرەکانیانو راوی ئەنان. هەر لەکوردستانی رزگارکراودا سولەیمانی موعینی (فایەق ئەمین)ی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو سەعید ئالچیی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاو دکتۆر شوانی سکرتێری پارتییە دیموکراتییەکەی تری کوردستانی تورکیا کوژران، تەنانەت لەرێکخراوێکی وەکو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپادا کەتەنیا دەزگایە بتوانێت یەکبونی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستانی بنوێنێ، نەیئەویست کوردی ئێرانی نەك هەر ببێتە دەستەی بەڕێوەبەر، بگرە وەکو ئەندامی سادەش بمێنێتەوە.

-١٢-

کورد ئەڵێ: ئەگەر جارێکت خەڵەتاندم خوا بتگرێ، ئەگەر جارێکی کەت خەڵەتاندم، خوا خۆم بگرێ.

نەتەوەی کورد جگە لەوەی کەبەشێکی گەورەی لەژێر سایەی رژێمی شادا لەوپەڕی بەدبەختیو چەوسانەوەو هەژاریو دواکەوتندا ئەژیو هیچ بزوتنەوەیەکی نەبوە هەر لەزەمانی سەفەویو قاجارییەکانەوە تا ئێستا بەخیانەتو درۆو دەستبڕینو نامەردی لەگۆمی خوێندا نەخنکێنرابێت، هیچ بیانویەکی نەبوو بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەم رژێمە خوێناوییەداو هیچ بیانویەکی نەبوو بۆ باوەڕ پێ کردنیو دڵنیابون لەیارمەتیەکانی.

یەکێ لەو تەجروبە بەنرخانەی شۆڕشی ئەمجارەی گەلەکەمان جارێکی تر بۆ کوردی سەلماندەوە: هاوچارەنوسیی نەتەوەی کوردو پێکەوە گونجانی چەوسێنەرەوەکانی کوردە کەئیمپریالیزمو داگیرکەرانی کوردستانن. چەوسێنەرەوەکانی نەتەوەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان ناتوانن ببنە دۆستو هاوپەیمانی کورد لەپارچەیەکی تریدا. ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی ناوچەکە ئەگەر جاروبار بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی خۆیان یارمەتیی کورد بدەن، دواجار هەر کەمەبەستەکانیان هاتە دی یا هەر کەشۆڕشی کورد بوو بەمەترسییەکی وا هەڕەشە لەقازانجەکانیان بکات، دەسبەجێ یەك ئەگرنەوەو بەقۆڵ بەقولّی یەکا ئەکەنەوە بۆ لەناوبردنی کوردایەتی: ماچو موچی سەددامی زۆر زۆر شۆڕشگێڕو فرە پێشکەوتوی رابەرو پێشڕەوی نەتەوەی عەرەبو شای زۆر کۆنەپەرستو ئاریامیهر لەجەزایر دوای رێککەوتنیان لەسەر دوایی هێنان بەشۆڕشی کوردو تەفروتوناکردنی، بەڵگەی یەکێتیی هاوچارەنوسیی کوردە. ئێستاو دوارۆژیش، هەر کەسێكو هەر بزوتنەوەیەك مەسەلەی هاوچارەنوسیی نەتەوەی دابەشکراوی کورد بخاتە پشت گوێو خەباتی کورد دابڕێ لەپارچەکانی تری کوردستانو لەگەلە هاوڕێو هاوخەباتەکانی، بۆ رازی کردنی دڵی ئیمپریالیزمو حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو دۆستی لێ ببێتە دوژمنو دوژمنی لێ ببێتە دۆست، بەمەرەی رابەرایەتیی خێڵەکیی زەلیلو کەساسی بەر دەستی شای ئێران ئەچێو گەلی کورد بەو ئەنجامە رەشە ئەگەیەنێ کەئەمڕۆ کوردی کوردستانی عیراقی تیا ئەژی.

## باری ئێستای گەلەکەمان و ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

دوای شکستی شۆڕشی کوردستانی عیراق، نەتەوەکەمان ئەمڕۆ لەیەکێ لەناخۆشترین قۆناغەکانی ژیانیەتی.

ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لەکوردستانی عیراقدا لەمەترسییەکی گەورە دایە. هەزاران کەس بەخاوو خێزانەوە لەگەڵ باووباپیرانیان بەبیانوی ئەوەی گوایە ئەرزەکەیان نەوتی تێدایە یاخود گرنگییەکی ستراتیجیی هەیە، بەزۆر دەرئەکرێن و ئەگوێزرێنەوە شوێنانی تر.

هەزاران کرێکارو جوتیارو مامۆستاو موچەخۆری کوردستان بەناوچە عەرەبییەکانی خواروی وڵاتدا بڵاو کرانەوەو هەزاران جوتیارو کرێکارو موچەخۆرو سەربازو پۆلیسی عەرەبیش هێنراونەتە کوردستانەوە. کاربەدەستە شۆڤێنییەکانی بەغدا لەسەر ئەم خەڵك ئاڵوگۆڕکردنە بەردەوامن و لەلایەك هەڕەشەو کوشتن و گرتن و هەڵواسین و ماڵوێرانکردن و دێهات روخاندن بەکار ئەهێنن بەرامبەر خەڵکی کوردستان، لەلایەکی کەوە ڕێگەی تەماح و دەوڵەمەندبون و دەم چەورکردن و مەعاش زیادکردن و قیدەم و تەرفیع و ئیمتیاز پێدانیان گرتۆتە بەر بەرامبەر ئەوانەی ئەیانهێننە کوردستانەوە.

ئێمەی خەڵکی کوردستانی عیراق هەرگیز بەتەنگەوە نەبوین و بەتەنگەوە نایەین ئەگەر هاوولاتییەکی تری عیراق، عەرەب یا رۆڵەی هەر نەتەوەو رەگەزێکی تر بێت بەدوای کارو نان پەیداکردندا بێتە وڵاتەکەمانەوە، بگرە هەر وەکو کرێکارو مامۆستاو موچەخۆری عەرەب لەکوردستاندا دیویانە، کورد هەمیشە میوانداریی کردون و بەچاوی رێزو حورمەتەوە سەیری کردون. ئێمە لامان وایە ئەرزی عیراق وڵاتی هەموو عیراقییەکە بەکوردو عەرەب و تورکمان و ئاشوری.وە، یەکێك لەمافە سەرەتاییەکانی هاوولاتێتی، کار دۆزینەوەو نیشتەجێبونە لەو شوێنەدا کەخۆی بەباش و خۆشیی ئەزانێت.

بەڵام ئەمەی ئەمڕۆ شۆڤێنییەکانی بەغدا ئەیکەن، بەتایبەتی دوای شکستی شۆڕشی کوردستان، بەپێی ئەو نەخشەیەی بۆ بەعەرەب کردنی خاکی کوردستان و بڵاوە پێکردن و تواندنەوەو کزو کەساس کردن و لەناوبردنی گەلی کورد کێشاویانە، سیاسەتێکە نەك لەگەڵ سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و هاوولاتێتی ناگونجێ، بەڵکو کارێکی رەگەزپەرستانەی چەپەڵ و دوژمنایەتییەکی راستەوخۆو بێ پێچ و پەنای کوردە وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆو خاوەن جیاکەرەوەو پێناسی نەتەوەیی.

ئەم تاقمە شۆڤێنییە خوێنرێژە کەکاتی خۆی لەژێر زەبری خەباتی جەماوەری کوردستان و عیراقدا دانیان نابوو بەهەندێ مافی نەتەوەیی کوردا و فشە ئۆتۆنۆمییەکیان سەلماندبوو، هەر بەلێنێکی لەبەیانەکەی ئازاری ١٩٧٠دا دابویان، لەهەموی پاشگەز بونەوەو هەر کەچە ماف و کۆلکە هەقێکی، کورد بەخوێنی خۆی سەندبوی، وا وردە وردە هەموی لێ ئەدزنەوە.

کورد کەکاتی خۆی لەهاوولاتیی پلەی دووەم سوکتر تەماشا ئەکراو نیشتمانەکەی بەدەستی ئەنقەست لەهەموو رویەکەوە پشت گوێ خرابوو، ئەمڕۆ بەوەش لێی رازی نابن و ئەیانەوێ تەفروتونای بکەن و رەنگی نەتەوەیی وڵاتەکەی بگۆڕن. ئەوەی کەئەمانەشی زیاتر هارو شێتگیر کردووە بۆ جێبەجێ کردنی نەخشە تاوانکارییەکەیان، هەڵاتنی رابەرایەتیی خێڵەکی و بڵاوە کردنە بەشۆڕشی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی. راستە شۆڕشی کوردستان شکستی خواردو مەینەتیی دوای شکست زۆر لەمەینەتیی رۆژانی شۆڕش سەختترو ناخۆشترە،

بەڵام ئەو راستییەش نابێ پشت گوێ بخرێ کەکورد نە لەڕوی سیاسییەوەو لەڕوی جەنگییەوە مەسەلەکەی نەدۆڕاندووە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەمەیدانی شەڕدا نەشکێنراوەو بەدیل نەگیراوە، هەر وەکو ئامانجەکانی شۆڕشەکەشی نەهاتونەتە دی، تا خەباتو خۆبەخت کردن ئیتر بووبێ بەکارێکی بێهودە. رابەرایەتیی خێڵەکیو بورجوازی بڵاوەی بەشۆڕشی کوردستان کردو داوو دەزگا سیاسیو پێشمەرگەییو تەنزیمییەکانی تێکدا، مەیدانی خەباتی چۆڵ کردو ژیانی دور وڵاتیو دەربەدەریی پێ خۆشتر بوو لەژیانی پێشمەرگایەتیی ناو چیاکانی کوردستانو گەلەکەمانی لەم مەینەتییە نەتەوەییەدا، بێ رێکخستنو هێزی چەکدارو دیفاع لەبەردەمی پەلاماری دڕندانەی شۆڤینییەکانی بەغدادا بەجێ هێشت.

جا تێکۆشەرانی کورد ئەبێ چی بکەن؟

ئاخۆ ئەبێ داماوو دەستەپاچە بەرامبەر بەم پیلانو نەخشە تاوانکارییە رابوەستن کە لەنیشتمانی هەزاران ساڵەیاندا دژی گەلەکەیان ئەکرێ؟

یاخود چاوەڕێ بن کەی جارێکی کە عیراقو ئێران تێك ئەچنەوەو لەسەر ڕێوشوێنی پێشوو و لەسەر ((عەینی تاسو حەمام)) بەهەمان بیرکردنەوەو رێکخستنو رابەرایەتیو رێباز تێهەڵبچنەوە؟

یاخود تێکۆشەرانی هۆشیاری کورد ئەبێ چاوێکی رەخنەگرانەو ئازایانە بەهەمو رابوردودا بخشێننەوەو تەجروبە لەخەباتی خوێناویو درێژی ساڵانی پێشوو وەربگرنو بەپشویەکی درێژو بەبیرکردنەوەیەکی نوێ، رێبازێکی نوێ بگرنە بەر، رێبازێکی وا کەبەڵگەی تەجروبە وەرگرتنو بەرچاو رونی بێت، رێبازێکی ئەوتۆ کە لەهەموو رویەکەوە تازە بێتو لەگەڵ قۆناغی ئێستای کوردایەتیدا بگونجێو سەرەتای هەڵسانەوەیەکی بەگوڕی گەلەکەمان بێت لەم گلانو شکستەی رابەرایەتیی خێڵەکی بەسەری هێناوە.

بێگومان تێکۆشەرانی هۆشیاری کورد نە داماوو دەستەپاچە بەرامبەر بەعەرەبکردنی نیشتمانەکەیانو تەفروتوناکردنی نەتەوەکەیان رائەوەستن، نە بەخەیاڵ پڵاو جارێکی کە ئەکەونەوە داوی رابەرایەتیو شێوەی کارو رێبازی خێڵەکیو راستڕەو، بەڵکو تێکۆشەرانی هۆشیاری کورد لەو باوەڕە دان کەقۆناغی نوێی خەباتی جەماوەری کوردستان پێویستی بەنوێ کردنەوەیە لەهەمو مەیدانە سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو جەنگیەکانی کوردایەتیدا. یەکێ لەم نوێ کردنەوە گرنگانە، رێکخستنەوەی تێکۆشەرانو شۆڕشگێڕانی کوردستانی عیراقە لەرێکخستنێکی نوێدا بەشێوەی کارو جۆری بیرکردنەوەو پێکهاتنو رێبازێکی تێکۆشانی نوێوە کە تا ئەندازەیەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەنگاوی بۆ هاوێشتووە لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا.

١-تێکچونی کتوپڕی شۆڕشی کوردستانو هەرەس هێنانی داوو دەزگا سیاسیو پێشمەرگەییەکەی بونە هۆی پەرشو بڵاوبوونەوەو سەرلێشێوانی تێکۆشەرانی کوردو پەیدابونی بۆشاییەکی تەنزیمیو سیاسیو فیکری کەهەر بەخۆکۆکردنەوەیەکی خێراو خۆ رێکخستنەوەیەکی زوو بەزوو لەڕێکخراوێکی فراوانی وەکو ی.ن.ك ئەکرا چارە بکرێ. قۆناغی نوێی خەبات پێویستی بەڕێکخستنەوەو کۆکردنەوەو لەباوەش گرتنو هێنانە جۆشو خرۆشی هەموو ئەو تێکۆشەرە شۆڕشگێڕو دیموکراتو پێشکەوتنخوازو دڵسۆزو نیشتمانپەروەرە ئازادیخوازانەیە کە لەسەر رێبازی نوێی کوردایەتی ئامادەن خەبات بکەن بۆ هێنانە دیی ئامانجەکانی جەماوەری کوردستان- کوردستانی ئۆتۆنۆمو عیراقی دیموکرات.

٢-باری ئاڵۆزی ناو کوردستانو عیراقو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دنیای چواردە ساڵی رابوردوو، مەرجە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسییەکانی کۆمەڵی کوردستانو زروفی خەباتی سیاسیو فیکریو چەکدار، تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقو نێوان هێزە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی ناو کۆمەڵی کورد خۆی، ئەمانە هەموو کارێکی وایان کردووە کەم کەسی کورد توانیویەتی خۆی لابدا لەبەشداربونی مەسەلەی

کورد. سا ئیتر ئەم بەشداربونە کەم یا زۆر، چاك یا خراپ بووبێ، هەر لەبەر ئەوەیە بەشی زۆری ئەو تێکۆشەرانەی لەدەوری ی.ن.ك کۆبونەوەو کۆ ئەبنەوە هەمان خەڵکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕو دیموکراتو کوردپەروەرن کەکاتی خۆی لەم یاخود لەو دەزگاو ڕێکخراوی سیاسیو پێشمەرگانەیەدا بەشدار بون.

دەست پێکردنەوەی سەرەتایەکی سیاسیی نوێو کۆبونەوە لەڕێکخراوێکی سیاسیی نوێدا کەبگونجێ لەگەڵ ئەرکە قورسەکانی ئەم قۆناغە مێژوییەی خەباتی گەلەکەمانو فرمانی نیشتمانیو نەتەوەییمان داوا لەهەموو ئەو تێکۆشەرە هۆشیارانە ئەکات، بەبێ گوێدانە بیروڕای پێشوی سیاسیو بەبێ گوێدانە ئەندامەتیی پێشویان، لەڕێکخراوو پارتییەکانی کاتی خۆیدا، لەمەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا یەك بگرنو قوڵ بکەن بەقۆڵی یەکدا.

هاوئامانجو هاوبیرو هاوکارو هاوڕێ تێبکۆشن. کای کۆن بەبێ سود بەبا نەکەنو رابوردوی یەکتری هەر ئەوەندە بەچاوی یەکتریدا بدەنەوەو کۆنە دەفتەرو ژیننامەی یەکتری هەر ئەوەندە باس بکەنو بەبیر بهێننەوە کە بەکەڵکی تەجروبە لێ وەرگرتنو یەکگرتنو راستکردنەوەی هەڵەو چەوتیی خەباتو هەڵوێستی ئێستاو پاشەڕۆژمانو چەسپاندنو جێگیرکردنی ڕێبازی نوێی خەباتمان بێت.

٣-ی.ن.ك بەبێ ڕێکخستنێکی نوێو بەتەواوی جیاواز لەپارتیو ڕێکخراوەکانی پێش خۆی، ئەبێ درێژەپێدانو جێگرەوەی هیچ کام لەو پارتیو ڕێکخراوانە نەبێ کەهەبونو هەن. هەڤاڵەکانمان پێویستە ئەم راستییە بەباشی تێبگەنو بۆ جەماوەری رون بکەنەوە کە ی.ن.ك ڕێکخستنێکی نوێیە باوەشی کردۆتەوە بۆ هەموو تێکۆشەرانی دڵسۆزو شۆڕشگێڕی ڕێگەی کوردایەتی، بۆ هەمو ئەوانەی ڕێبازی نوێی خەباتیان بەلاوە راستو پەسەندە. جێی خۆیەتی لێرەدا بەشێك لەراپۆرتی گشتی کەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتییەکەمان پەسەندی کردووە بنوسینەوە:

((پێویستە هەڤاڵانمان زۆر هۆشیارانەو وریایانە خۆیان بپارێزن لەو داوەی هەندێ لەپەیڕەوکەرانی ((رەوتی خێڵەکی))و خۆ هەڵپەساردووەکان بەپاشکۆی رابەرایەتیی خێڵەکییەوە بۆیان ئەنێنەوە. داوی وەرگێڕانەوەی ئەم خەباتەی ئەمڕۆ لەناو کوردستاندا هەیە لەبەینی ڕێبازی خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەو رەوتی خێڵەکیو دەرەبەگایەتیی رزیوداو ئاوەژوکردنەوەی ئەم خەباتەو شێواندنی لەخەڵك بەنیشاندانی هەر وەك ژیاندنەوەی ئەو ناکۆکییە بێت لەساڵەکانی ١٩٦٤-١٩٧٠ دا لەناو ریزەکانی کوردایەتیو پارتی دیموکراتی کوردستاندا تەقینەوەو بۆ سوك کردنی، ناوی مەلاییو جەلالیی لێ نرا، چونکە ئێمەی ی.ن.ك بەوپەڕی سەربەستییەوە بلاوی ئەکەینەوە کەیەکێتییەکەی ئێمە درێژەپێدانی هیچ یەکێ لەم دوو لایەنە نیەو بیروڕاو ڕێبازو هەڵوێستەکانی لەگەڵ هەردوو لاکە زۆر جیاوازەو ئێمە خۆمان بەمیراتگری هیچ لایەك نازانینو لەکاتی هەڵسەنگاندنی مێژویی روداوەکانی ئەو سەردەمەدا رەخنەمان لەهەردوولا هەیە. بەڵێ راستە کە ی.ن.ك چاکترین رۆڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێش دوبەرەکیو دوای دوبەرەکیش کۆکردۆتەوە، بەوەش شانازی ئەکەین. هەر وەك بەوەشەوە شانازی ئەکەین کە ی.ن.ك خۆی بەمیراتگری تیکۆشانی شۆڕشگێڕی کوردایەتی ئەزانێت بەپارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە کە تا ماوەیەکی زۆر وەك پارتێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتوو لەڕیزی پێشەوەی گەلی کوردا خەباتی درێژە پێداوە. بەڵام ئێمە خۆمان بەمیراتگری لایەنە سەلبیو لادانەکانی سەرکردایەتییەکانی پ.د.ك لەڕێبازی خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەو خۆ بەستنەوە بەهێزە ئیمپریالیستو کۆنەپەرستەکانەوە نازانینو دژی ئەم رەوتو رەفتارانەین.

٤-بونی پارتییەکی پێشڕەوو بەرەیەکی فراوانی یەکگرتوو کەچینو تاقمە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکانو ئامرازە سیاسییەکانی خەباتیان، واتە پارتیو ڕێکخراوەکانیان، لەخەباتدا یەك بخات، دوو شەرتی زۆر گرنگی سەرکەوتنی هەموو شۆڕشێکن، لەو وڵاتانە کە لەوێنەی کوردستانن. کۆمەڵی کوردیش کەوەکو هەموو کۆمەڵێکی چینایەتی، چەند چینو توێژی کۆمەڵایەتی خاوەن بیروڕاو دەسکەوتی جیا جیای تیایە، شتێکی

ئاساییە کەپارتیو ڕێکخراوی جیا جیاشی تیا دروست بێتو گەشە بکات. هەروەکو تەجروبەکانی ئەمجارەی شۆڕشی کوردستانیش چەوتیی سیستەمی تاقە پارتیی ئیسپات کردووە. ی.ن.ك لەم ڕووەوە بیروڕای خۆی بەئاشکرا لەبلاوکراوەکانیدا، بەتایبەتی لەنامیلکەی ((یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-بۆ؟))ڕون کردۆتەوە.

بەلاّم ئەمڕۆ گەلی کورد لەزروفێکی تایبەتیدا ئەژی کەپێویستی بەدانانی ڕێوشوێنی ڕاستو گونجاوو لێکۆلّینەوەی مەوزوعیو زانستیی کۆمەلّی کوردو قۆناغی خەباتی ئێستایەتی، نە پارتی پێشڕەومان هەیەو نە چەند پارتییەکی تریش گەشەیان کردووە. دروستبونو گەشەکردنو چەسپینیان بەندە بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانەوەو فەرمانێکی مێژوییە لەئەستۆی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕو هۆشیاری کوردستاندا.

دروستبونی ی.ن.ك هەنگاوی یەکەمە بەرەو پێکهاتنی بەرەی فراوانی یەکگرتوی هەر چوار چینە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەلّی کوردستان (کرێکارو جوتیار، بورجوازیی بچوكو نیشمانی) بەشێوەی کوردستانیو لەزەمانو زەمینی تایبەتی ئێستای کوردستانداو هەر لەکۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەندا، چ پارتی پێشڕەو چ پارتی تر ئەتوانێ چەکەرە دەر بکاو پەیدا ببێو گەشە بکاو شوێنی خۆی لەکۆمەلّی کوردستانو خەباتی کوردایەتیدا بگرێت.

٥-لەقۆناغی ئێستای خەباتماندا کەناتوانرێ ((بەرە)) لەشێوەی کۆبونەوەی ڕێککەوتنی چەند پارتییەکدا لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی جێبەجێ بکرێ، خۆی لەیەکێتییەکی نیشتمانیی فراواندا ئەنوێنێ کەهەموو کەسانی شۆڕشگێڕو دیموکراتو ئازادیخواز، هەموو هێزو توانای تێکۆشەرانەو شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد یەك بخات بۆ پاراستنی نیشتمانو نەتەوەکەمان، بۆ سەر نەگرتنی پیلانی تاوانکارانەی بەعەرەبکردنی کوردستانو تەفروتوناکردنی کوردو بۆ هێنانە دیی ئامانجە گشتییە ڕەواکانی لەپێشکەوتنو ئازادیدا.

ئەم چینو تاقمانەی لەم یەکێتییە بەرینەدا کۆ ئەبنەوەو ئەو تێکۆشەرانەی هەلّگری ئایدیۆلۆجیی جیا جیان، ناکرێو ڕاستیش نیە هەموویان لەقالّب بدرێنو وەکو توتیو مرۆڤی ماکینە ناچار بکرێن یەك بیروباوەڕی سیاسی بلّێنەوە، بەتایبەتی کەئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی شێوە بەرەیی ئەبێتو پارتییەکی سیاسی نابێت. سەبارەت بەڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییەی کە لەیەکەمین بەیانی دەستەی دامەزرێنەری ی.ن.ك دا نوسراوە: ((ی.ن.ك کەهەولّی ڕێکخستنەوەی هێزە نیشتمانپەروەرو دیموکراتەکانی شۆڕشی کورد ئەدا لەشێوەی یەکێتییەکی نیشتمانیی دیموکراتیدا، ڕێگەش ئەدا بەپێکەوە ژیانی تەیاراتی پێشکەوتوانەو یەکگرتنی پتەوی خەباتکەرانەیان بەڕابەرایەتیی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی کوردستان، کەبێگومان هەر پەیدا ئەبێ..))و هەر وەکو ڕاپۆرتی گشتیی پەسەندکراوی دەستەی دامەزرێنەریش ئەلّێ((لەناو یەکێتیدا ئەبێ زەمینەیەکی دیموکراتیو جەوێکی پڕ لەسەربەستی دروست بکەین بۆ ئەوەی هەڤالاّن بیروڕای خۆیان بەسەربەستی دەرببڕن. ئەبێ چەکەکانی ئەم خەباتەش تەنیا هەر چەکی هۆشیارکردنەوەو چەکی پێ سەلماندنو چەکی ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتنو چەکی دەربڕینی ڕاستی بێت. پێویستە هەموو جۆرە ئوسلوبێکی بیروکراتیو سەپاندن لەسەرەوەو دامرکاندنەوەی ڕەخنەو سەربەستیی بیروڕا بەتوندی بەربەرەکانێ بکەینو بەهیچ جۆرێك ماوەی پەیدابونیان نەدەین لەڕیزەکانماندا)).

جیاییو ناکۆکییەکانی نێوان تەیاراتی پێشکەوتوانە کە لەڕیزەکانی کوردایەتیداو تەنانەت لەڕیزەکانی ی.ن.ك پەیدا ئەبن، ناکۆکیی هەڤالاّنەو دۆستانەنو ئەبێ هەر بەم چاوە سەیر بکرێنو بەشێوەیەکی هاڤالاّنەو دۆستانەش چارە بکرێن. ڕێبازی نوێی خەباتمان سنورێکی سیاسیی دیاریکراوی کێشاوە. لەناو ئەم مەیدانە سنوردارەدا گفتوگۆو ململانێی ئایدیۆلۆجی، ئالّوگۆڕی بیروڕا، پێکەوە ژیانی تەیاراتی پێشکەوتخوازی جیا جیا کارێکی بەکەلّكو سودبەخشن، هەم سەرچاوەکانی بیری کوردایەتی دەولّەمەندتر ئەکاو هەم یارمەتیمان ئەدا بۆ چەسپاندنی ڕێبازی ڕاستو ڕاستکردنەوەی هەلّەو چەوتی.

# ڕێبازی نوێ

## بابەتەکانی ژمارە ٢

## تشرینی دووەمی ١٩٧٦

## وتەی ژمارە

دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بەشێوەی جەنگی پارتیزانی لەزۆر شوێنی کوردستاندا نیشانەیەکی تری ئەو ڕاستییە مێژووییەیە کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێیەوە بۆ دامەزرا، ڕاستیی بونی بزوتنەوەی مێژوکردی کوردایەتی کەناوەڕۆکەکەی خەباتی چینە ڕەنجدەرو نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانە دژی ئیمپریالیزمو کۆلۆنیالیزمی نوێو چینە موڵکدارو بورژوازییە کۆمپرادۆرو بورژوازییە بیروکراتەکانی گەلانی کاربەدەستو دەرەبەگایەتیو بورژوازیی خۆفرۆشی خۆماڵیش، لەپێناوی دەرپەڕاندنی ئیمپریالیزمو کۆلۆنیالیزمی نوێو ڕوخاندنی حکومەتە کۆنەپەرستو فاشیستەکانی سوێندخۆرو دۆستیانو هێنانە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراتیو پێشکەوتوی وا کەمافە دیموکراتییەکانی گەلان بەمافی ئۆتۆنۆمیی کوردستانیشەوە دابین بکات.

کوردایەتی لەکوردستانی عیراقدا خەباتی چینە ڕەنجدەرو نیشتمانپەروەرەکانی گەلەکەمانە دژی کۆلۆنیالیزمی نوێو حوکمی فاشیستی بەغداو دەرەبەگایەتیو سەرمایەداریی نیشتمانفرۆشی کورد، واتە خەباتێکی ڕزگاریی نیشتمانیو دیموکراتییە، دیموکراتییەکی نوێ.

ئەم خەباتە مێژوکردە خەباتی ناوەڕۆك چینایەتیو شێوە نیشتمانییە کەپێویستییەکانی پێشکەوتنو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گەرەکیانە. بۆیە هیچ هێزێ نیە بتوانێ بیفەوتێنێت. هەر بۆیەش نە ڕاکردنە پڕ شەرمەزارییەکەی سەرکردایەتیی خێڵەکیو ئاشبەتاڵەکەی شۆڕش دوایی پێ هێناو نە زەبرو زۆری شەڕی لەناوبردنی حوکمی بەغداش بڕاندییەوە.

کوردایەتی دەستچینی هیچ پارتیو دەستکردی هیچ سەرکردایەتییەك نەبوە. بەپێچەوانەوە، سەرچاوەی هەمو پارتییەکی نیشتمانپەروەرو ڕێکخراوێکی پێشکەوتوو بوەو دروستکەری سەرکردایەتیی جۆربەجۆر بوە لەمێژوی خۆیدا. بۆیە بەڕوخانو بڵاوە پێ کردنی پارتیو ڕێکخراوە جیا جیاکان، یان کۆڵدانو هەڵاتنی سەرکردە خێڵەکیو بورژوازییە بەزیوەکان نەبڕاوەتەوە، بگرە هەڵساوەتەوەو بەشێوەیەکی پێشکەوتوانەتر. ڕوخانی "هیوا"[1] لەکوردستانی عیراق پارتیی بەدوادا هات کەهەنگاوێکی زۆر گەورەو پێشکەوتووانە بوو بۆ پێشەوە. ڕوخانی پارتیش لەلایەن سەرکردایەتیە خێڵەکییەکەیەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەدوا ڕسکا کەهەنگاوێکی

---

[1] مەبەست لە "هیوا" حزبی هیوایە کە لەکۆتایی سییەکانو سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا ڕابەرایەتیی خەباتی کوردی عیراقی کردووە (ئامادەکار).

تری گەورەیە بۆ پێشەوە، ڕوەو ڕێکخستنەوەی هێزو تواناکانی کوردایەتیو خستنەوە گەڕی شۆڕشەکەی، بەرەچاوکردنی هەمو ئەو دەرسو پەندانەی پاشەکەوتی کردون لەمێژوی ئەو خەباتە پڕ فیداکاریو درێژخایەنەی کۆمەلانی خەلکی کەسەرکردایەتیی خێلەکی بەفیڕۆی داو کردی بەو کارەساتە بێ وێنەیەی مێژوو کە بەسەر کوردو کوردستانیدا هێناو بەخەبات کردن بۆ هێنانە دیی مەرجەکانی سەرکەوتنی کەبریتین لەیەکگرتنی پێلو هێزە نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕو دیموکراتو مارکسی- لینینیی ناو کوردایەتی لەیەکێتییەکی نیشتمانیی ئەوتۆدا کەماوەی پێکەوەژیانو پێکەوە خەبات کردنیان ئەداتو زەمینە خۆش ئەکات بۆ لەدایکبونی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، بۆ ڕابەرایەتی کردنی خەباتی کوردایەتی شانبەشانی هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکانی تری عیراق لەپێناوی ڕوخاندنی فاشیزمو هێنانە سەر کاری حکومەتێکی ئیئتیلافیی دیموکرات کەدەستەبەری دیموکراسی بێت بۆ عیراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق. ئەمە جگە لەشەرتەکانی هاوخەباتی لەگەل بەشەکانی تری کوردایەتی لەسەرانسەری کوردستانداو هاوخەباتی لەگەل هێزە پێشکەوتووەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو هێزەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهاندا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەسەرەتاوە باوەڕی نەگۆڕی بەو ڕاستییە هەبوو کە کوردایەتی نەبەزیوەو خەباتەکەی زۆری پێ ناچی هەلئەگیرسێتەوە، بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانەو چەکدار، سەبارەت بەوەی فاشیزم هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نەهێشتبوەوە. بۆیە هەر لەسەرەتاوە هەولێداوە بۆ کۆکردنەوەی شۆڕشگێڕە نەبەزەکانو خستنەوە گەڕیان بەشێوەی خەباتی پارتیزانانە (پێشمەرگانە) کە لەپێشەوە لەتاقمی چەکداری هۆشیارو ئازاو دلێرەوە دەست پێ ئەکات بۆ ڕاپەڕاندنەوەو هێنانەوە جۆشو خرۆشی جەماوەر بەگشتیو پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان بەتایبەتی، بەڕێبازی نوێو سەرکردایەتییەکی پێشکەوتوی نوێ. ئەوە بوو توانرا هەر زوو دوای سالێك لەئاشبەتالەکەی سەرکردایەتیی خێلەکی بەشۆڕشو پارتیو پێشمەرگەی کوردستان، چەندین دەستەی چەکداری تێکۆشەر بخرێتە شاخەکانی کوردستان.

لەمایسی ئەم سال لەبادینان چەندین تاقمی شۆڕشگێڕ بەسەرکردایەتیی ڕۆلەی تێکۆشەر نەقیب ئیبراهیم عەزۆ محەممەدو هاوڕێ تێکۆشەرەکانی: عیززەت ئیسماعیل شەنگاریو قاسم محەمەد عەلی تەلەعفەریو فەیسەل کاشانو جەلیل عەبدال شەهباز کەوتنە چالاکی. لەناوچەی سلێمانیش تێکۆشەرانی کوردایەتی کاك نەجم عەزیزو[2] کاك جەمال عەلی باپیرو هاوڕێکانیان لەلادێو دەشتەکاندا کەوتنەوە چالاکی.

لەناوچەی هەولێریش جوتیارانی ناوچەی بالەکایەتی دلێرانە دژی هێرشی ڕاگواستنو دامرکاندنەوەی فاشیستانە وەستانو دەیان تێکۆشەر دەستیان گەیاندۆتە تفەنگو دایانە کێوەکان بەسەرکردایەتیی مامە شێخەو کاك ئەحمەد نەبیو زۆری پێ نەچوو ڕۆلە تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان کاك عومەر دەبابەو کاك عەلی عەسکەریو دکتۆر خالید سەعیدو کاك تاهیر عەلی والیو کاك سەعدی گچکە[3]و کاك سەید کاکەو هاوڕێ تێکۆشەرەکانیشیان دایانە شاخو دەستیان بەخەباتی چەکدارانە کردەوە لەناوچەکانی هەولێرو سلێمانیدا.

---

[2] مەبەست لەنەجم عەزیز، نەجمەددین عەزیز شانشکاو ناسراو بەسالارە کە لەو کاتەدا ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەلەی مارکسی- لینینیی کوردستانو یەکێ لەڕابەرانی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوو (ئامادەکار).

[3] مەبەست لەسەعدی گچکە، سەعدی عەزیزە کەسالی ١٩٧٧ کرایە یەکەم فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو دواتر لەسەرەتای سالی ١٩٧٨دا لەشەڕی دەشتێو لەناوچەی پشدەر شەهید بوو (ئامادەکار).

بەمجۆرە ئەمڕۆ لەزۆر شوێنی ولاتدا خەباتی پێشمەرگانەی چەکدار دەستی پێ کردۆتەوە بەهیوای هێنانەوە جۆش‌و خرۆشی پێشمەرگە نەبەزەکان‌و رۆڵە هۆشیارەکانی گەلەکەمان‌و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لەکوردستاندا، بەلاّم شۆڕشێکی عیراقی، شۆڕێکی دیموکراتیی دوژمن بەئیمپریالیزم‌و فاشیزم‌و کۆنەپەرستی کە با بلێسەکەشی لەلوتکەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوە بەرز بێتەوە بەلاّم مەشخەڵەکەی ئەبێ هەموو عیراق دابگرێتەوە. ئەبێ نەك هەر لەڕوی سروشت‌و ئامانجەوە، نەك هەر بەدروشم، بگرە لەڕوی فراوانی‌و پەرەسەندنیشەوە، بەکردەوەش بکرێت بەشۆڕشێکی عیراقیی دیموکرات، شۆڕشی کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و ئاسوری‌و هەموو هاونیشتمانییەکی دیموکرات‌و ئازادیخواز.

بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بانگی هێزە پێشکەوتووەکانی عیراق ئەکات، ئەوانەی لەناو کۆڕی نیشتمانیی عیراقدان، یا لەدەرەوەن، بۆ هاوبەشی‌و هاوکاری کردن لەم شۆڕشی دیموکراتییەدا، بۆ کردنی بەشۆڕشی گەلی عیراق لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق‌و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق.

سەرکەوتوو بێت شۆڕشە عیراقییە دیموکراتەکەمان.

## تێکۆشەرە دلێرەکان فاشیزم ریسوا ئەکەن

مەحکەمەکردنی هەڤاڵانی تێکۆشەر کاك شەهابی شێخ نوری‌و کاك جەعفەری مام واحیدو کاك ئەنوەر زۆراب‌و پەلێك لەڕۆشنبیرانی تێکۆشەری تر، دیسان دەری خستەوە کەگیانی شۆڕشگێڕی زاڵە بەسەر فاشیزمداو دڕندەیی فاشیستەکانی تکریتی ناتوانێ سەر بەڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان دانەوێنێت. تێکۆشەرە دلێرەکان بەگیانی لەخۆبوردن‌و خۆبەخت کردن لەپێناوی رەنجدەرانی کوردستان‌و عیراقدا بەرەنگاری حوکمی خنکاندن‌و زیندانی کردن بون‌و بەهاواری بژی کوردو کوردستان‌و سەرکەوێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر، وەلاّمیان دانەوە.

حوکم دانی هەڤاڵانی دلێرو تێکۆشەر کاك شەهاب‌و کاك جەعفەرو هاوڕێکانیان جارێکی تریش پەچە لەڕوی رەشی حوکمی فاشیستی دوژمن بەگەلی عیراق دائەماڵێت‌و هەم درۆو دەلەسەکانیان لەسەر ((دوژمنایەتی کردنیان لەگەڵ ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم)) ریسوا ئەکاتەوە، چونکە ئەم حوکمەی رۆڵە رۆشنبیرەکانی گەلی عیراق لەسەر خوێندنەوەی بلاّوکراوەی شۆسیالیستی‌و مارکسی- لینینی‌و کوردایەتیی پێشکەوتو بەئیعدام‌و چەندین ساڵی زیندان حوکم ئەدات، هەر خزمەتی کۆلۆنیالیزمی نوێ‌و پیلانەکانی ئیمپریالیستی‌و کۆنەپەرستی پێ ئەکرێت.

جگە لەم سێ قارەمانەی گەلەکەمان کە بەئیعدام حوکم دراون، چەندین رۆڵەی رۆشنبیرو تێکۆشەری جەماهیریی تریش بەحوکمی ئەبەدو شەش ساڵ زیندانی کران. وا لەخوارەوە ناوی هەندێکیان ئەنوسینەوە:

**١-فەرەیدون عەبدولقادر.**
**٢-عەلی محەمەد بچکۆل.**
**٣-ئاوات عەبدولغەفور.**
**٤-ئاسۆ نوری.**
**٥-عومەر سەید عەلی.**
**٦-عەلی موراد.**
**٧-ئەرسەلان بایز.**
**٨-عەبدوڵڵا عەلی.**
**٩-ئیبراهیم حسێن.**
**١٠-حسێن رەزا.**
**١١-دارا شێخ نوری.**
**١٢-خدر هەولێری.**
**١٣-موراد فەیلی.**
**١٤-عوسمان نانەوا.**
**١٥-حسێن حەسەن.**
**١٦-نورەددین فەتاح.**
**١٧-سەعدون یەدوڵڵا.**
**١٨-عەبدولڕەحمان خدر.**

**رێبازی نوێ سلاوی شۆڕشگێڕانە بۆ هەموو تێکۆشەرە دلێرەکان ئەنێرێتو موژدەی هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکدارانەیان بەدیاری بۆ رەوانە ئەکات.**

# زەرفی دەولیی "خراپو باش"و خەباتی گەلی کورد

## تەلیسمی زەرفی دەولی

کەڕابەرایەتیی خێڵەکی لەکوردستان رایکردو پەڕییەوە ئەو دیو سنور، بەخەڵکەکەی ئەوت: بۆیە رائەکات چونکە پیلانێکی دەولیی گەورە لەکایە دایە. بەغداو تارانو ئەنقەرە رێك کەوتونەتەوە بۆ تەفروتوناکردنی کورد، ئەگەر بەرگری بکەن. لەبەر ئەوەی رابەرایەتیی خێڵەکی ئامادە نیە ئۆباڵی لەناوبردنی میللەتی کورد بخاتە ئەستۆی خۆی، لەکوردستان رائەکات بۆ ئێران، لەوێ چاوەڕوانی "زەرفێکی دەولیی باش" ئەکا بۆ ئەوەی جارێکی تر تێهەڵبچێتەوە!

بەیتو بالۆرەی "زەرفی دەولیی خراپ" کەشۆڕشی کوردی روخاندو "زەرفی دەولیی باش" کەشۆڕشی کورد زیندوو ئەکاتەوە، بالۆرەیەکە ئێستاش بەداخەوە هەندێ لەوانەی گەرەکیانە بەمیراتە مالیو تەنزیمیو سیاسییەکەی رابەرایەتیی خێڵەکیی داڕوخاو شاد بن هەر لێی ئەدەنەوە بۆ پاساودانی راکردنو خۆ دزینەوەیان لەمەیدانی راستەقینەی خەباتو بۆ ساردکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەلایەكو لەلایەکی ترەوە بۆ تەگەرەدان لەگەشەکردنی ی ن كو پەرەسەندنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان لەسەر رێبازێکی نوێی گونجا لەگەڵ سروشتی پێشکەوتووانەی کوردایەتی.

جا ئەم تەلیسمەی ناوی زەرفی دەولیی خراپەو شۆڕشی کوردی تێکداو ئەو زەرفە دەولییە باشەی بەقسەی ئەم ئاغایانە کورد ئەبێ لەگەڵ ئەواندا چاوەڕوانی بکا، بۆ ئەوەی خەباتی تیا دەست پێ بکەونەوە، چیە؟

## ناکۆکیی سەرەکی

لەکوردستانی عیراقدا ناکۆکیی سەرەکی لەقۆناغی ئێستای خەباتی گەلی کوردا، ناکۆکییە لەبەینی نەتەوەی کوردو رژێمێکی فاشیستی رەگەزپەرستی خوێناویدا کەئابوریو بازاڕی عیراقی بەکۆلۆنیالیزمی نوێوە گرێ داوە، بۆیە ناکۆکیی سەرەکیمان لەگەڵ جمکانەی حوکمی فاشیستیو کۆلۆنیالیزمی نوێیە.

کورد گەرەکێتی پارێزگاریی بونی نەتەوەیی خۆیو روخساری مێژوییو نەتەوەیی نیشتمانەکەی بکات.

رژێمی فاشیستی رەگەزپەرستی بەغداش ئەیەوێت کورد تەفروتونا بکاتو بیکاتە عەرەبو کوردستانیش بکاتە عەرەبستانو سەروەتو سامانەکەی بۆ خۆیو کۆلۆنیالیزمی نوێ بەتالان بەرێت.

ئەم هێرشەی رژێمی خوێناویی عیراق ئەوەندە فراوانو بەربلاوە، ئەوەندە سەختو رەگەزپەرستانەیە، بەرەی بەرگری کردنی لەکوردستاندا ئەوەندە گەورە کردوە کەجێگەی هەموو کوردێکی دڵسۆزی تیا ببێتەوە، بگرە جێگەی هەموو تێکۆشەرێکی کوردستانی، تورکمانو ئاسوریش.

لەبەرامبەر نەخشەی تەفروتوناکردنی کوردو بەعەرەب کردنی خاکی کوردستان، لەبەرامبەر ئەو زوڵمو زۆرە بێ ئەندازەیەی رژێمی خوێناویی عیراق لەخەڵکیی ئەکات، فرمانێکی نیشتمانیو نەتەوەییو ئینسانی لەئەستۆی هەموو رێکخراوو کۆمەڵو تاقمو کەسێکدایە بەشیوعی، دیموکرات، مارکسی، شۆڕشگێڕ، نەتەوەیی، نیشتمانپەروەر دایە کەڕوبەڕوی ئەم پلانە تاوانکارییە رابوەستنو خەبات بکەن بۆ سەرنەگرتنو تێکشکاندنی.

هەر لەو روانگەیەوە کەئەمڕۆ لەکوردستانی عیراق ناکۆکیی سەرەکی لەبەینی نەتەوەی کوردی پەلاماردراوو رژێمێکی فاشیستی رەگەزپەستی پەلاماردەر دایە کە بەکردەوەی خۆی پارێزگاری دەسکەوتەکانی کۆلۆنیالیزمی نوێشە. فرمانی سەرەکیی هەموو ئەو لایەنو کەسو تاقمانەی خۆیان بەدڵسۆزی کورد ئەزانن، جەنگینە دژی

کاربەدەستانی عیراق، تێکۆشانە بۆ تێکشکاندنی پلانی تەعریب، نەك خۆ خەریك کردن بەفرمانو شەڕی لابەلاو پەلاماردانی ئەمو ئەو، چونکە شەڕی ئەمانە هەمویان وەکو گەلەکەیان، لەپلەی یەکەمدا، ئەبێ دژی کاربەستانی عیراقو لەخزمەتی فرمانە سەرەکییەکەو چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکەدا بێت.

ی ن ك بەڕاشکاوی بەهەمو لایەکی راگەیاندووە کەدژی بونو دروستبونی هیچ رێکخراوێکی تێکۆشەر نیەو ئامادەیە لەگەڵ هەموو رێکخراوێکی تێکۆشەردا کەئامادە بێ دژی رژێمی ئێستای عیراق خەبات بکاو پەیوەندیی نۆکەرانەی نەبێت لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکیو ئێرانو نۆکەرەکانی تری، لەکۆڕی خەباتدا نەك هەر هاوکاریی بکات، بگرە ئەوەندەی بۆشی بکرێ دەست بداتە باڵیو یارمەتیی گەشەکردنو بەهێزبونی بدات، چونکە سەنگەرێکی تری خەباتی کورد زیاد ئەبێو یارمەتی نەتەوەی کورد ئەدا لەبەجێ هێنانی فرمانە سەرەکییەکەیداو لەچارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکەی لەم قۆناغەی  نێوان کوردو رژێمی رەگەزپەرستی عیراق. بۆیە، خۆ خەریك کردنی ئەو لایەنو کەسانەی خۆیان بەدڵسۆز ئەزانن‌و خۆیان بۆ خەباتو هەڵسانەوە ئامادە ئەکەن، بەشەڕی لابەلاو پەلاماردانو هێرش بردنە سەر هەندێ لای ترو هەوڵدان بۆ تێکدانو جاسوسی بەسەرەوە کردن، نەك هەر کارێکی زیانبەخشو چەوتی وەهایە، تێکۆشەران لەفرمانی سەرەکییان لائەدا، بگرە ئەمە گەلێ جار لەتەڵەیەك ئەچێ کەدوژمنانی کورد نابێتیانەوە بۆ خەریك کردنی ئەو تێکۆشەرانەی خەریکی خۆکۆکردنەوەو خۆڕێکخستنەوەن بەشەڕی لابەلاو شەڕە دەنوكو قسەی بێهودەوە، تا دوژمن هەلی بۆ هەڵبکەوێ بەتەواوی هێزەکانی گەلەکەمان پەرشو بڵاو بکاتەوەو بەیەکجاری تواناو پرزەی بەرگریی لێ ببڕێ. ئێمە لەم بڕوایە داینو هەر ئەم رێبازەش ئەگرین بەڵام سەرگوروشتەی "زەرفی دەولیی باشو خراپ" کەشۆڕشی گەلەکەمانی تێکداو ئێستایش هەندێ کەس کردویانە بەبنێشتە خۆشەی بەر دانیانو لەهەر فرسەتێکا بۆیان هەڵبکەوێ ئەیجونەوە، بەتایبەتی بەنیازی بەربەرەکانێو دژایەتیی پەرەسەندنی ی ن كو سارکردنەوەی خەڵكو شکاندنی مەعنەویاتی ئەوانەی بەئومێدی هەڵسانەوەی بزوتنەوەی گەلەکەیانن لەم نوچدانە. ئەمە ئەگەر زیانی نەدایە لەڕەوتی پێشکەوتنی کوردایەتیو هەڵسانەوەو راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پیاو ئەبو لێی بێدەنگ بوایە، بەڵام بێدەنگ بون لێیو خستنە پشت گوێی، لەکاتێکدا هەڵگرانی ئەم بیروڕایە بەڕێکوپێکیو چالاکی، بەتایبەتی لەو شوێنانەی دەمیان ئەیگاتێ، پروپاگەندەی بۆ ئەکەنو گەرەکیانە بیخەنە قاڵبی تیۆریو فەلسەفەوە، زیانی زیاترە لەقازانجی. بۆیە بەپێویستمان زانی نەختێکی لێ بدوێین.

## هۆی بڕیاردەرو هۆی یارمەتیدەری سەرکەوتن

لەم دنیا ناکۆكو ئاڵۆزو ناسازەدا، هیچ بزوتنەوەیەك، هیچ  روداوێکی کۆمەڵایەتی، هیچ کارێکی سیاسی، تەنانەت هیچ هەڵوێستێکی سیاسی نیە نواندنەوەی ئەم ئاڵۆزیو ناکۆکییە نەبێتو مۆری چینایەتیی پێوە نەبێ. یەکێك کەباوەڕی بەتیۆریی زانستیو سۆشیالیزمە، یەکێکی تر کەباوەڕی بەسەرمایەداریو دیموکراسیی بورجوازییەو یەکێکی کە کەباوەڕی بەئەفسانەو سەرگوروشتەیە، هەر یەکە بەجۆرێ لەڕوداوەکانی کۆمەڵەکەی خۆمانو دنیا ئەگەن کەزۆر جیاوازە لەهی ئەوی تریان.

هەر لەبەر ئەوەیە دوو کەس کەدوو باوەڕی جیاوازیان هەیە، کە لەمەسەلەی میللەتەکەیان ئەکۆڵنەوەو توانای خەباتو بەرگریو مەرجەکانی سەرکەوتنو هۆکانی ژێرکەوتن، زەرفی دەولیی خراپو باش ئەبینن‌و هەڵئەسەنگێنن، لەدوو روانگەی جیاوازەوە، بەدوو جۆری زۆر جیاوازی ئەبینن‌و هەڵی ئەسەنگێنن.

هەروەکو لەزانستە سروشتییەکاندا هۆی ناوەوە سەرەکیو بڕیاردەرەو هی دەرەوە دەرەکیو یارمەتیدەرە، لەزانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا هەر وایە. گۆڕانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیی هەر کۆمەڵێك

بەر لەهەموو شتێ بەندە بەهۆو مەرجو هەلەکانی ناوەوەی ئەو کۆمەڵە خۆیەوە، هینەکانی دەرەوە هەر ئەتوانن یارمەتیدەرێکی سەلبی یا ئیجابی بن. کۆمەڵێك خۆی ئامادە نەبێ بۆ گۆڕانو شۆڕش، هەزاران سەربازو لەشکرو جاسوسو بەکرێگیراوو شارەزاو پسپۆرو یارمەتیدەرو مامۆستاو تیۆەریزانی بێگانە ناتوانن تەکانێکی پێ بدەن یا گۆڕانی ریشەیی تیا بەدی بێنن، مەسەلەی کوردیش لەم قانونە بەدەر نیە.

ئەگەر ئەم قانونە گشتییە درۆ بێتو سەرگوزشتەی "زەرفی دەولی" راست بێت، بێگومان ئەوسا درۆ زلەکانی دوژمنانی کوردیش بەڕاست دەرئەچن لەو بارەوە: کەکوردایەتی دەستکردی ئیمپریالیزمە، یا هیچ نەبێ لەخزمەتی بێگانە دایە.

سەرکەوتنو ژێرکەوتنی هەموو بزوتنەوەیەك بەندە بەڕادەی راست هەڵسەنگاندنی کاملبونو گەشەکردنی زروفە مەوزوعیو زاتییەکانەوە، کەیەکێکیان "زەرفی دەولیی باش یا خراپە"و بەهۆیەکی دەرەکیی یارمەتیدەر دائەنرێت، نەك بەهۆیەکی ناوەکیی بڕیاردەر.

## کورد دۆستی نیە؟

سەیرکردنێکی دنیای ئەم سەردەمە یا هیچ نەبێ گوێگرتنو بیستنی هەواڵو دەنگوباسی روداوەکانی دنیا وێنەیەکی وا لەمێشکا دروست ئەکەن، کەپیاو نەخشەیەکی دابەشبونی ئۆردوگا سیاسیو ئابورییەکانی دنیا، با زۆر شاشو بلاویش بێت، بکێشێت:

-ئیمپریالیزمی ئەمریکا.

-ئەوروپای خۆرئاوا، بلۆکی ولاتە سەرمایەدارەکان.

-یەکێتیی سۆڤێتو بلۆکی ولاتانی خۆرهەلاتی ئەوروپا.

-چین.

-کۆریاو ڤێتنامو کەمبۆدیاو لاوس.

-ولاتانی گەشەکردوو، یا خوار گەشەکردن، یاخود هەروەکو پێشی ئەلێن دنیای سێیەم. کوردی چەوساوەو زۆرلێکراو لەم دەولەتە چەوسێنەرەوەو کۆنەپەرستانەش کەکوردیان تیا ئەژی بەشێکن لەدنیای سێیەم. هەر لەبەر ئەوە، ئەم جۆرە دابەشکردنە سەیر دێتە بەرچاوو لەبەینی ئەو ئۆردوگایانەدا لەلایەكو لەناو هەر ئۆردوگایەکدا بەجیا لەلایەکی ترەوە ناکۆکیو ناسازی هەیە.

ئەو دابەشبونەی لەسەر ئاستی جیهان ئەبینرێ، لەهەموو کۆمەڵێکی چینایەتیشدا ئەبینرێ، واتە لەکوردستانیشدا کەکۆمەڵێکی چینایەتییەو چینو تاقمی کۆمەلایەتیی جیا جیای تیایە با هەر بۆ وێنە رزگاریی کورد لەباری سەرنجی جوتیارێکی هەژاری کوردو زەویدارێکی کوردەوە بهێنینە بەرچاو کەرەنگە هەردوکیان بەدڵسۆزیو فیداکارییەوە بەشدار بن لەخەباتی رزگاریخوازانەی کوردا: هەر چی جوتیارەکەیە بەتەمای ئەوەیە لەسایەی رزگاریی کوردەوە، گوزەرانی خۆشتر ببێت، ببێتەوە خاوەنی زەویو زارو مەڕو مالاتو گاو گۆتالو تراکتۆرو کشتوکاڵو بەرهەمێکی باشتر ، لەکاتێکدا زەویدارەکە رەنگە بەهیوای ئەوە بێ زەوییەکانی بێنێتەوەو لەدوارۆژیشدا پایەی کۆمەلایەتی ئابوریی بەرزی خۆی بپارێزێ.

لەمەسەلەی هەڵسەنگاندنی زەرفی دەولیی باشو خراپدا هەر وەهایەو ئەمە بەندە بەو رێبازەوە کەشۆڕشی کورد ئەیگرێتو چۆن دۆستو هاوپەیمانو دوژمنو ناحەز لەناوەوەی ولاتو دەرەوەی ولاتدا جیا ئەکاتەوە، جا ئەوسا رەنگە کابرایەکی شیوعی تا ئەو زەمانەی یەکێتیی سۆڤێت یاخود چین یارمەتیو پشتیوانیی کورد ئەسەلمێنێ، ئەو "زەرفی دەولی" بەخراپ بزانێ بۆ مەسەلەی سەرکەوتنی کوردو یەکێکی تر کەباوەڕی بەڕژێمی

سەرمایەداریو ئەو دیموکراتییەیە کە بەدیموکراسیی کلاسیکی یا بورجوازی ناو ئەبرێ، رەنگە یارمەتیی ئەمریکاو ئۆردوگای ولاَتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپای خۆرئاوا بەشەرتی سەرکەوتنی بزوتنەوەی کورد بزانێ.

نەتەوەی کورد لەچەند دەوڵەتێکدا ئەژین کە کەوتونەتە رۆژهەلاَتی ناوەڕاستەوەو دوان لەم دەوڵەتانە لەڕیزی دەوڵەتە نەوتییە گەورەکانی دنیانو هەندێ لەسەرچاوە دەوڵەمەندەکانی نەوتی ئەو وڵاتانەش کەوتۆتە کوردستانەوە. رۆژهەلاَتی ناوەڕاست جگە لەنەوت بایەخێکی ستراتیجیی گرنگیشی هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بازاڕێکی گەورەو فراوانو پارەداریشە بۆ ساخکردنەوەی کەلوپەلی دروستکراوو بەرهەمی وڵاتانی پیشەسازیو کڕیارێکی "موحتەرەمی" چەكو تفاقی جەنگییە.

بونی چەند دەوڵەتێکی جیا جیای سەر بەچەند ئۆردوگای ناکۆكو جیاواز، کۆبونەوەی چەندین ناکۆکیی توندوتیژ وەکو فەلەستین، مەسەلەی کورد، مەسەلەی زەفارو خەلیج، نەبونی ئازادیی دیموکراتی، جیاوازیی گەورەو قوڵی نێوان چینە چەوساوەکانو چینە چەوسێنەرەکانی ئەم کۆمەلاَنە، خۆتێهەلَقورتاندنی سوپا لەسیاسەتو کودەتا... ئەمانە هەمووی بارێکی سیاسیو کۆمەلاَیەتیو ئابوریو جەنگی دانەمرکاوو جێگیر نەبونی پڕ لەتەقینەوەو روداوی کتوپڕیان لەناوچەکەدا خولَقاندووە، ماوەی خۆش کردووە بۆ ئەوەی هەموو ئەو ئۆردوگایەنە، هەر یەکەیان لەلایەکەوە تەقەلای پەیداکردنی دۆستو هاوپەیمانو شوێن پێ دۆزینەوەو شوێن پێ قایمکردنو هەوڵی بەهێزکردنو پتەوکردنی پەیوەندیی ئابوریو سیاسیو جەنگی لەگەلّ دەوڵەتانی ناوچەکە بدا.

جا یەکێ سەرنج لەهەر لەلایەنێك یا چەند لایەنێکی مەسەلەی کوردو دابەشبونی جیهانو رۆژهەلاَتی ناوەڕاست بدا:

-کورد: گەلێکی بێ دەوڵەتو سوپاو نەوتو پارەو بازرگانی، دابەشکراوو ژێر دەستەو خاوەنی دوژمن،

-دەوڵەتە چەوسێنەرەوەکانی کوردیش: هەر یەکەیان پەیوەندیی نزیكو زۆر باشو هەندێکیان پەیوەندیی نۆکەرانەیان لەگەلّ یەکێك یا چەند ئۆردوگایەکیاندا هەیە.

جا ئەبێ کام ئۆردوگایان، بۆ قازانجی کورد خۆیو قازانجەکانیو پەیوەندییەکانی لەگەلّ ئەم دەوڵەتانە بخاتە گێرمەو کێشەوە؟

ئەوەی مەسەلەکە بەم جۆرە بێنێتە بەرچاوو زەرفی دەولیی باش بۆ سەرکەوتنی کوردو هی خراپو بۆ ژێرکەوتنی بەشەرتی سەرەکی بزانێ، بێگومان دیمەنی زەرفی دەولی لەباری ئێستایدا بەنیسبەت کوردەوە ئەوەندە رەشو خراپ دێتە بەرچاو رۆژی روناکی لێ تاریك دایەتو دنیای لێ ئەبێتە چەرمە چۆلەکەو تروسکەی سەرکەوتن بەدی ناکاتو قسە بەناوبانگە بێ بناغەکەی رابەرایەتیی خێڵەکیی لێ ئەبێتە ئایەت گوایە: کورد دۆستی نیە.

## هەندێك لایەنی سەلبی خەباتی کورد لەعیراقدا

خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی عیراقدا چەند تایبەتێتییەکی هەیە کەتەنانەت رەنگە نەك لەخەباتی زۆر گەلی چەوساوەی تری ئەم سەرزەمینە جیای بکاتەوە، بگرە ئەتوانرێ بگوترێ کەتەنانەت لەخەباتی گەلی کورد لەوڵاتێکی وەکو ئێران یا تورکیاشی جیا بکاتەوە.

خەباتی ئێستای کورد لەعیراقدا وەکو هی سالاَنی دوای یەکەم جەنگی جیهانی نیە کەڕاستەوخۆ دەستەو یەخەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیو هێزە چەکدارو کاربەدەستەکانی ئەو بووبێ. وەکو هی سەردەمی پاشایەتیی بنەماڵەی هاشمیی سەر بەئیمپریالیزمیش نیە. نە وەکو هی ڤێتنامە کەڕاستەوخۆ روبەڕوی ئیمپریالیزمی

ئەمریکیو نە وەك هی جەزائیر یا یەکێ لەو وڵاتانەیە کەوڵاتێکی سەرمایەداری ئەورووپای تیا بێ حوکم بکات. عیراق وڵاتێکە کەوتۆتە دنیای سێیەمەوە. ئەویش لەلایەن ئیمپریالیزمو هەندێ ئۆردوگای ترەوە ئەچەوسێنرێتەوە. کەرەستەی خاوی لێ ئەکرِدرێو کەلوپەلی دروستکراوی پێ ئەفرۆشرێ بەو نرخەی کە لەبازاڕی دنیای سەرمایەداریدا دیاری ئەکرێت. وڵاتێکە هەژاریو دواکەوتنو نەخۆشی، نزمیی ئاستی گوزەران، جیاوازیی چینایەتیی نێوان چینە هەژارو دەوڵەمەندەکانی، دواکەوتنی باری ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو تەندروستی نیشانەیەکی دیارن پێوەی. لەڕوی تیۆرییەوە وا چاوەڕوان ئەکرێ لەکاربەدەستانی عیراق کە لەقۆناغی خەباتدا بن دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکاییو ئۆردوگا چەوسێنەرەوەکان، لەپێناوی سەبەخۆیی سیاسیو ئابوریداو لەپێناوی گەشەکردنی بینای ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیدا. واتە ناکۆکیی سەرەکی عیراقیش ئەبێ لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکیو ئۆردوگا چەوسێنەرەوەکاندا بێت، نەك دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی یا بەشێکی دانیشتوانی وڵاتەکەی خوێ. باری گەلی کوردیش لەڕوی تیۆرییەوە ئەبو هەر بەو جۆرە بوایەو ناکۆکیی سەرەکیی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکیو ئۆردوگا چەوسێنەرەکاندا بوایە نەك لەگەڵ حکومەتی وڵاتەکەی خۆی. بەڵام هەندێ جار ناکۆکیی سەرەکیو ناکۆکیی لاوەکی، یاخود ناکۆکیی یەکەمو دووەم جێگۆڕکێ ئەکەنو لەقۆناغێکدا یەکێکیان جێگەی ئەوی تریان ئەگرێتەوە، هەر وەکو لەوڵاتەکەی ئێمەدا ئەبینرێتو کاربەدەستانی عیراق خۆیان کردۆتە ناکۆکیی سەرەکی لەکوردو ئەیانەوێ تەفروتونای بکەن، بەتایبەتی کەخەباتی دژی کۆلۆنیالیزمی نوێ کەوڵاتەکەمان ئەچەوسێنێتەوە توند گڕی داوە بەخەبات دژی ئەو حکومەتەی هەلی ئەو چەوساندنەوەی پێ داوەو بۆی ئەپارێزێت، سەبارەت بەسروشتە چینایەتییەکانو دەستکەوتی خۆی.

خەباتی ئێستای کورد لەعیراقدا دژی حکومەتێك نیە کەئەندامی پەیمانێکی جەنگی بەدناو بێت، بەڵکو دژی حکومەتێکی خۆماڵییە  کەگوایە نەوتی میللی کردوەو یاسای چاککردنی کشتوکاڵ جێبەجێ ئەکاو لەدنیادا لافی پێشکەوتنخوازیو شۆڕشگێڕێتیو دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم لێ ئەدا، حزبی شیوعی بەشدارە لەوەزارەتەکەیدا[٤] کەرۆژنامەی ئاشکرای هەیە[٥]، پەیوەندیی دۆستانەو باشی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتو کۆماری گەلی چین هەیەو لەو شوێنانەدا کەپروپاگەندەو چاوبەستی پێویستی ئەکات، بەپارەی خەڵکی عیراقو بەزمانی خۆیان، شمشێریان لەهی شۆڕشگێڕانی ڤێتنامو فیداییەکانی فەلەستین درێژترە.

خەباتی ئێستای کورد لەعیراقدا هێشتا بەڕادەی یەکەم سروشتێکی نەتەوەیی هەیە، پاراستنی بونی کوردو روخساری نەتەوەیی خاکی کوردستانو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییو فەرهەنگییەکانی کورد کە بەناو حکومەتی عیراق چ بەدەستورو چ بەقانونو چ لەرۆژنامەو قسە رەسمییەکانیاندا دانیان پێدا ناوەو سەلماندویانە، لەکاتێکدا کەدەوڵەتەکانی دەورو پشت هەر وەکو بەکردەوە مافە نەتەوەییەکانی کوردیان پێشێل کردووە، بەقسەش دانی پێدا نانێنو نایسەلمێنن.

ئەم تایبەتییانەی خەباتی کورد دژی حکومەتێکی بەناو پێشکەوتنخوازو بەڕاستی دیکتاتۆرو رەگەزپەرستو کۆنەپەرست لەعیراقدا کە بەقازانجی کاربەدەستانی خوێنڕێژی بەغدایە، سەری لەزۆر لای بێگانەو تەنانەت لەزۆر کوردیش تێکداوە، بەتایبەتی ئەوانەی باش لەکۆلۆنیالیزمی نوێو پەیوەندییەکانی بەحوکمی بەغداوە نەگەیشتون.

---

[٤] مەبەست حزبی کۆمۆنیستی عیراقە بەڕابەرایەتیی عەزیز محەمەد کە لەو کاتەدا دوو وەزیری لەحکومەتدا هەبوو: موکەڕڕەم تاڵەبانی کەوەزیری ئاودێری بوو و عامر عەبدوڵڵا کەوەزیری دەوڵەت بوو (ئامادەکار).

[٥] واتە رۆژنامەی "طريق الشعب" کەرۆژانە بەئاشکرا لەبەغدا دەردەچوو (ئامادەکار).

## گیروگرفتی کورد بەکێو لەکوێ چارەسەر ئەکرێت؟

جیاکردنەوەی راستەو دروستی دۆستو دوژمن لەیەکتری، لەسەر ئاستی کوردستان، عیراق، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دنیا، یەکێکە لەمەرجە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، بۆ ئەوەی کورد لەگەڵ هێزە دۆستو هاوسەنگەرو هاوپەیمانەکانی یەك بگرێ، دژی دوژمنەکانی بجەنگێت. ئەمە خۆی لەخۆیدا تا ئەندازەیەکی باش، گیروگرفتی تێگەیشتنی "زەرفی دەولیی باشو خراپ" خاو ئەکاتەوە.

کێ بون ئەوانەی کوردستانیان دابەش کردو نەتەوەی کوردیان لەیەك دابڕی؟ کێ بون ئەوانەی گەلی کوردیان لەمافی سەربەستیی چارەی خۆنوسین بەشبڕاو کردو کردیانە دیلی دیلانو بونە هۆی تالانکردنی سەروەتو سامانی وڵاتەکەیو رەنجی دانیشتووەکانیو دواکەوتنی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیی کوردو کوردستان؟ کێ بون ئەوانەی بزوتنەوەو شۆڕشو راپەڕینەکانی ئەم چەرخەی کوردیان لەگۆمی خوێنو فرمێسکدا خنکاندووە؟ کێن ئەوانەی تاکو ئێستاش نایەڵن کورد بگا بەئازادیو رزگاریو چوونیەکیو پێشکەوتن؟

ئەمانە گەلانی تورکو فارسو عەرەبو ئازەری بون؟ کرێکارانو جوتیارانو زەحمەتکێشانی ئەو وڵاتانە بون؟ دەوڵەتە سۆسیالیستەکان بون؟ یاخود ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانو نۆکەرانی ئیمپریالیزم بون؟

ئەم پرسیارانە هەر کەسە بەپێی چونیەتی تێگەیشتنی خۆی لەمەسەلەی کوردو گەلانو ئەو جیهانبینییەی هەیەتیو ئەو پێوانە سیاسییو ئایدۆلۆجییانەی بەکاریان دێنێ وەڵامی ئەداتەوە. بۆیە وەڵامەکان جیاوازو لەیەك نەچوو ئەبن. هەر وەکو پێشتریش وترا، لەو تایبەتییانەی خەباتی کورد لەعیراقدا، بەقازانجی دوژمنەکانی هەیەتی، یارمەتی سەر لێ تێکچونو سەر لێ تێکدانی زۆر کەس ئەدا.

بۆیە یەکێك، کەڕەنگە دڵسۆزی مەسەلەی کوردیش بێت، سەبارەت بەجۆری بیرکردنەوەو تێگەیشتنی سیاسیو باری جوگرافیی کوردستان، لای وا بێت، ئەو کاتە "زەرفی دەولی" باشە بۆ کورد کەئەمریکاو ئەندامانی پەیمانی سەنتۆو ناتۆ یارمەتیی کورد بدەنو پشتیوانیی بکەنو تا ئەوان نەبنە دۆستی کورد مەسەلەکەی سەر ناکەوێت.

هەر لەبەر ئەوە کابرایەکی لەم بابەتە کە کەوتە مەیدانی هەڵبژاردنی گەلانی چەوساوەی ئێرانو شۆڕشگێڕانی فارسو ئازەریو عەرەبو کورد، لەوێ شاو رژێمەکەیو سازمانی ئەمنییەت بەدۆستی خۆی هەڵئەبژێرێت نەك گەلانی ئێران.

بەڵام یەکێکی تر کەپێوانەی زانستیی بەدەستەوەیە، قوڵو دوربینو گشتلایی ئەڕوانێتە مەسەلەی گەلەکەی لەو چوارچێوە مێژوییو دەولییەدا کەتیایەتی، لای وایە چارەنوسو دەستکەوتی چەوسێنەرەوەو زۆردارانو کۆنەپەرستانی دنیا پێکەوە بەستراوەو هەروەها مەسەلەی گەلانی چەوساوەو زۆرلێکراویش بەیەکەوە بەندە. ئیمپریالیزمی ئەمریکی بەدوژمنی هەرە گەورەی کوردو گەلانی زۆرلێکراوی زەمین ئەزانێو چاوەڕوانی هیچ یارمەتیو دۆستایەتییەکی دەوڵەتانی چەوسێنەرەوەو کۆنەپەرستو سەر بەئیمپریالیزمی وەکو ئێرانو تورکیاو ئیسرائیل ناکات. کورد وەکو گەلێکی چەوساوە کەخەبات ئەکات لەپێناوی نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوایەتیو زوڵمو زۆری چینایەتیدا، لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی سەربەستیی چارەی خۆنوسینو پێشکەوتنیو ئابوری فەرهەنگیدا، هاودەردو هاوخەباتو هاوئامانجو هاورێگەو هاودوژمنە لەگەڵ هەمو ئەو گەلانەدا کە لەپێناوی رزگاریو پێشکەوتندا، دژی چەوسانەوەو زوڵمو زۆرو دواکەوتن، خەبات ئەکەن لەسەرانسەری دنیادا. ئەوانە بەدۆستو هاوپەیمان ئەزانێ، نەك چەوسێنەرەوەکانی نەتەوەی خۆیو هی گەلانی تر.

گەلان دروستکەرو هێزی بزوێنەری مێژون، گەلان تێکدەرو روخێنەری زروفی خراپی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتین. هەر گەلانی دنیا بون لەم چەرخەدا چەندین جار "هاوسەنگیی نێوان هێزەکانی" دنیایان تێکیداوەو "زەرفی دەولیی" خراپیان بەچاك گۆڕیوەو بونەتە هۆی سەرلەنوێ دابەشبونەوەی ئۆردوگا سیاسیو ئابوریو جەنگییەکانی دنیا. کوردیش ئەبێ خۆی خەبات بکات بۆ چاککردنی "زروفی ناوخۆو دەولیی خراپ". ئەو "زروفە دەولییەی" بەپێچەوانەی پروپاگەندەی رابەرایەتیی خێڵکییەوە نە ئەوسا ئەوەندە خراپ بوو کەشۆڕشی کوردستانی پێ بڕوخێنرێ (لەهەلێکی لەباردا لەم روەوە ئەدوێین)و نە ئێستاش ئەوەندە خراپە میللەتەکەمانی پێ بترسێنین تا سەر شۆڕ بکا بۆ ئەو جەنگە تەفروتوناکەرە بێدەنگەی کاربەدەستانی رەگەزپەرستی عیراق بەرپایان کردووە دژی.

کورد ئەگەر بەتەمای ئیمپریالیزمی ئەمریکیو دەوڵەتە کۆنەپەرستە چەوسێنەرەوەکانی ناوچەکە بێت، بێگومان وا "زروفی دەولی" خراپەو وەکو رابەرایەتیی خێڵەکی ئەیوت: کورد دۆستی نیە.

خۆ ئەگەر بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردیش بەشێکی لەجیابونەوە نەهاتوی خەباتی گەلانی چەوساوەو زۆرلێکراوی جیهان بێتو لەسەر رێبازی مێژویی خۆی بڕوا، وا لەناو ئۆردوگا پێشکەوتووەکانی دنیادا، لەناو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەو رزگاریخوازانەی گەلاندا، لەناو بزوتنەوەی کرێکاریو پێشکەوتنخوازی ئۆردوگای وڵاتانی سەرمایەداریدا، ژمارەیەکی زۆر دۆستی دڵسۆزو هاوپەیمانی هەیەو ئەیدۆزێتەوە.

مەسەلەی کورد نە بەبڕیارو راسپاردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو نە بە هی کۆشکی سپیو پێنتاگۆنو کاخی مەرمەر، نە بە هی کرملین ئەتوانرێ چارەسەر بکرێ. مەسەلەی کورد تەنیا لەلایەن نەتەوەی کورد خۆیەوەو لەسەر ئەرزی کوردستان دێتە چارەسەرکردن، بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بەرابەرایەتیی پارتییەکی پێشڕەوی راستەقینەو بەهاوخەباتی لەگەڵ گەلانی عەرەبو تورکو فارسو ئازەرو گەلانی تردا.

# مەسەلەی ئەندامەتی و ڕێکخراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

-١-

بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لەسالآنی پێش یەکەم جەنگی جیهانیدا، سەبارەت بەزۆر هۆی ناوەکیو دەرەکیی ئابوریو کۆمەلآیەتیو سیاسیو فەرهەنگی ناو کۆمەلّی کوردستان، حکومەتەکانی عوسمانیو قاجاریو دنیای ئەوسا، پێی نابووە قۆناغێکی نوێوە، یەکێك لەپێناسە گرنگەکانی ئەم قۆناغە پێکهێنانی داوودەزگاو ڕێکخراوی نەتەوەیی سیاسیو فەرهەنگی بوو بۆ یەکەمین جار لەمێژوی خەباتی نەتەوەی کوردا.

بەلآم ئەم داوو دەزگایانە ڕێکخراوی جەماوەری نەبونو بەشێوەیەکی سەرەکی پێکهاتبون لەتوێژەکانی سەرەوەی کۆمەلّی ئەوسای کوردستان، تاقمی هەلّبژاردنەوەی ئەمیرو پاشاو شێخو ئەفسەرو کاربەدەستە زلەکانی کورد، لەڕوی جۆری بیرکردنەوەو شێوەی کارو خەباتەوە، نەیان ئەویستو نەیشیان ئەتوانی ببنە ڕێکخراوی فراوانی جەماوەری خەلّکی کوردستان. جوتیارو دوکاندارو بۆرەپیاوو هەژارانی ولآت لەدەوری خۆیان بئالّێننو ڕەگی قولّ لەناو گەلدا دابکوتن.

سەرەڕای ئەمەش، ئەم ڕێکخراوو دەزگا سیاسییانە نە پرۆگرامێکی ڕونو ئاشکراو دیاریکراویان هەبو کەپێویستییەکانی رزگاریو گۆڕانو گەشەکردنو پێشکەوتنی کۆمەلّی کوردستان بنوێنێتەوە، نە(پەیڕەوی ناوخۆ)یشیان هەبو، کەژیانی ناوەوەی ڕێکخراوەکە ڕێك بخاتو پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامەکانی رابەرایەتیو نێوان رابەرایەتیو ئەندامەکانی دی، نێوان ڕێکخراوەکەو ئەندامەکانیو جەماوەری گەل دیاری بکات.

کشتەکی پێکەوەبەستنی ئەمانە، هەستی روونی نەتەوایەتی( خۆبەکورد زانینو هەولّدان بۆ رزگاری کوردو کوردستان لەتورکو عەجەم) و پایەی کۆمەلآیەتیی خۆیان بوە، نەك پەیوەندیی ئایدیۆلۆجیو پرۆگرامی سیاسیو ئابوریو کۆمەلآیەتیو فەرهەنگیو پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

ئەگەرچی هەلّگیرسانی یەکەم جەنگی جیهانیو راپێچ کردنی زۆربەی سەرکردەو رابەرو ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوو داوودەزگا سیاسییانە بۆ مەیدانەکانی شەڕو کوشتار، کۆتایی هێنا بەچالاکیو جموجۆلّیانو نەیان توانی دەورێکی کاریگەر لەگۆڕینی باری سیاسی کورددا بگێڕن، لەگەلّ ئەوەشدا هەندێك لەم ڕێکخراوانە شوێنەواری باشو بەکەلّکیان بەجێ هێشتوەو مۆری خۆیان ناوە بەخەباتی گەلەکەماندا لەو قۆناغەدا.

-٢-

لەنێوان هەردو جەنگی جیهانیو لەکاتی دوەم جەنگی جیهانیشدا، چەندین ڕێکخراوو داوودەزگای نەتەوەیی سیاسی دروست بون وەکو:

جەمعیەتی کوردستان/١٩٢٠(عیراق)، کۆمەلّی خویبون/١٩٢٧-١٩٣١ (تورکیاو سوریا)، کۆمەلّی یەکێتیو کۆمەلّی برایەتی/سییەکان (عیراق)، حیزبی ئازادیخواهانی کوردستان /١٩٤١ (ئێران)، کۆمەلّەی ژ.ك/١٩٤٢ (ئێران).

ئەگەر هەل‌و مەرجی دروست بون‌و پێکهاتنی ئەم رێکخراوانە بەراورد بکرێن، کەم‌و زۆر جیاوازییان لەناودا هەیە، بەڵام بەگشتی لەچاو هینەکانی سەردەمی پێش یەکەم جەنگی جیهانیدا پتر گەشەیان کردوە بەتایبەتی لەو روەوە کەپێکهاتنی کۆمەلایەتی ئەم رێکخراوانە هەر بریتی نەبوە لەتاقم و توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵ‌و هەڵبژاردە، بەڵکو خەڵکی شارەکان‌و بۆرەپیاوو موچەخۆرو دوکاندارو مەلاو پیشەگەرو کوێخاو هەندێك جار جوتیاریشی گرتۆتەوە. ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەکی رابەرایەتی هەر بەدەست توێژی سەرەوەی کۆمەڵەوە بوو، بەڵام کۆمەڵانی خەڵکیش، بەتایبەتی جەماوەری شارەکان، وەکو هێزێکی بەرچاو لەهەندێك لەم رێکخراوانەدا بەشدار بون. یەکێ لەهۆکانی ئەم گۆڕانەش جگە لەپتر گەشەکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، گواستنەوەی ناوەندی چالاکی‌و جموجۆڵی رێکخراوەکان بوە لەئەستەمبوڵەوە بۆ ناو کوردستان و پەیدابوونی کوردایەتی بوو لەناو شارەکاندا.

بەڵام ناتەواوی‌و کەموکوڕییە بنچینەییەکانی کە لەدەزگا سیاسیەکانی پێشودا بون، لەمانیشدا دوبارە بونەتەوە کە یەکێکیان نەبونی ((پەیڕەوی ناوخۆ))ی رێکوپێکە بۆ رێکخستنی ژیانی ناوەوەی دەزگاکە.

کێ ئەتوانێت ببێتە ئەندام‌و کێ ناتوانێت؟ ئەندامان بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو کام چین‌و تاقمی کۆمەڵەوە ئەبێت بێن؟ ئەو مەرجانە چین کە لەکەسێکدا ئەبێت هەبن بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە ئەندام؟ ئەندام چۆن ئەدۆزرێتەوە، چۆن پەروەردە ئەکرێت، پێوانەکانی وەرگرتن‌و هەڵسەنگاندنی چین؟ ئەرکەکانی سەرشانی چین؟ مافەکانی چین؟ پێوەندیی نێوان رابەرایەتی‌و ئۆرگانەکانی رێکخراوەکە، هی نێوان رابەرایەتی‌و جەماوەری ئەندامان، هی نێوان ئەندامان خۆیان، هی نێوان رێکخراوەکەو جەماوەری گەل... کورتییەکەی، مەسەلەی ئەندامەتی یان هیچ جۆرە رێوشوێن‌و پێوانەیەکی دیاری کراوی نەبوە، یان لەڕوانگەیەکی ئەخلاقی‌و دینی‌یەوە، واتە بەتێگەیشتنێکی ئیدیالیستی، سەیر کراوە، تەنانەت زۆربەی ئەم رێکخراوانە مەسەلەی ئەندامێتی بە(کارێکی تەنیاییان)) دانەناوە، بەڵکو لایان وابوە بەراکێشانی سەرۆکی خێڵێك هەمو ئەفرادی خێڵەکەو بەدۆستایەتی سەرگەورەی بنەماڵەیەك، دڵسۆزیی هەمو بنەماڵەکە تەئمین ئەبێت، ئیتر خۆماندو کردن بەخەڵکی‌یەوە لەپای چی؟ لەم قۆناغەدا گرنگترین پێوانەی ئەندامەتی ئەوە بووە کەپیاو کوردێکی دڵسۆز بێت‌و حەز بەرزگاری کوردو کوردستان بکات‌و ئامادە بێت سوێندی ئەندامەتی بخوات، سا یان بەقورئان‌و شەرف، یاخود بەخاکی کوردستان‌و ئاڵاو خەنجەر کەدڵسۆز بمێنێتەوەو خیانەت نەکات.

-٣-

سوێنددان‌و سوێند خواردن وەکو مەرجی هەرە گرنگی بەئەندام بون، کەسەرچاوەیەکی ئیدیالیستیی هەیە، لەگەڵ پێوانەی زانستی پەروەردەکردنی سیاسی جەماوەری گەل بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەو راپەڕاندن‌و هوشیارکردنەوە و سازدانی هێنانە جۆش‌و خرۆشی کۆمەڵانی خەڵك‌و باوەڕ هێنانی ئایدۆلۆجی بەراستیی و رەوانیی تێکۆشان، واتە لەگەڵ وەرگیرانی بیرو ئایدیۆلۆجی شۆڕشگێڕانە بەهێزی ماددی لەشکان نەهاتو، ناگونجێن.

مەسەلەی ئەندامەتی لەناو رێکخراوە نەتەوەییەکانی کوردستانی عیراق هەر بەمجۆرە مابوەوە، تا لە چلەکاندا هەندێك رێکخراوی مارکسی‌و نیمچە مارکسی دروست بون وەکو یەکێتی تێکۆشین، حیزبی شیوعی کوردستان (شۆڕش)و وەکو حیزبی رزگاری کورد، کە لەروانگەیەکی ترەوە سەیری مەسەلەی ئەندامەتییان ئەکردو لەباتی سوێنددان بەهەندێك پێوانەی تر ئەندامیان هەل ئەسەنگاند. وتەجروبەی ئەم پێوانانەش دوایی تر لە "پەیڕەوە ناوخۆ" کانی پارتی دیمکراتی کوردستاندا پوختە بون.

ئەندامەتی پارتیو ڕێکخراوە سیاسیەکانی دنیاش، لەپارتێکەوە بۆ پارتییەك لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بەپێی جۆری پێکهاتنی ڕێکخراوەکە، ئایدیۆلۆجی، شێوەی کارو ئامانجەکانی... هتد. جیاوازە. بۆ وێنە جۆری ئەندام پەیداکردنو وەرگرتنو پەروەردەکردن لەڕێکخراوە کۆمۆنیستو مارکسیستەکاندا جیاوازە وەك لەهی سوشیال- دیموکراتەکان، یا مەسیحیـیە- دیموکراتەکان وە یاخود فاشیستەکاندا....

لەهەندێکیاندا زەلام بەشێوەیەکی فەردیو ڕاستەوخۆ دوای پەروەردەکردنو تاقیکردنەوە ئەبێتە ئەندام.

لەهەندێکی تریاندا بەهۆی ئەندامێتییەوە لەڕێکخراوێکی تری وەکو نەقابە، ژوری بازرگانیو پیشەسازی... بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ ئەبێتە ئەندامو جەماوەری پارتییەکە لەجەماوەری چەند نەقابەو کۆمەڵو یەکێتیی پیشەیی یەکگرتو پێکدێت.

هەر بەم پێیە ئەركو فەرمانەکانی سەرشانی ئەندام بەرامبەر پارتیەکەیو ئەو مافانەش کەهەقی کەڵك لێ وەرگرتنی هەیە لەپارتێکەوە بۆ پارتێك ئەگۆڕێو لەهەندێکیان پێوانەو ڕێو شوێنی سەختو ورد بەکار دێتو لەهەندێکی تردا هی نەرمو خاو...

- ٤-

پ. د. ك بەپێچەوانەی ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی پێش خۆیەوە، هەوڵیدا لەباتی پێوانەی ئیدیالیستی هەندێك پێوانەی تر بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵكو وەرگرتنی ئەندام بەکار بهێنێت، کەئەویش هۆشیارکردنەوەو پەروەردەکردنو تێگەیاندنو باوەڕ پێ هێنانی ئەندام بەڕێبازو بیروباوەڕو جۆری خەبات لەقۆناغێکی چەند پلەییو لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا.

-ئەندامێکی پ. د. ك یەکێکی دیکەی ئەدۆزییەوە کەلێی ئەوەشایەوە ببێتە ئەندام، جا هەوڵی لەگەڵ ئەدا بیروباوەڕو ڕێبازو ئامانجەکانی خۆیانی بۆ ڕون بکاتەوە لەڕێگەی گفتوگۆو پێدانی پرۆگرامو بڵاوکراوەو نامیلکەی ڕۆشنبیرییەوە.

-ئەگەر بیروڕاکانی پ. د. ك ی پەسەند بکردایە، داوای لێ ئەکرا بچێتە ریزی ڕێکخستنەوە، ئەوسا لەئەڵقە یا شانەیەکی لایەنگراندا ڕێك ئەخراو ئەندامێکی شارەزا بەڕێکوپێکی لەگەڵیاندا کۆ ئەبونەوەو کاروباری پارتایەتیی بۆ ڕون ئەکردنەوە.

-ئەگەر تاقیکردنەوەکانی ئەو ماوەیەو ڕەفتاری لایەنگرەکە باش بوایە، ئەوسا ئەپاڵێورا بۆ ئەندامەتیو هەمو مافەکانی ئەندامی ئەبو جگە لەدەنگدان.

-پاش تێپەڕبونی ماوەی دیاریکراوی پاڵێوراوی ئەبوە ئەندامو بەڕەسمی ئاگادار ئەکرا. بەکورتی، یەکێك تا ئەبو بەئەندام بەم پلانەدا رائەبوردو ئەبو سەرکەوتوانەش پێیدا تێپەڕێت. دروست- لایەنگری ڕێکخراو- پاڵێوراو- ئەندام ئەم ماوەیە جاری واهەبو چەند مانگێك و جاری واهەبو چەند ساڵێکی ئەخایاند.

ئەندامەتی لە پ. د. ك دا بەو جۆرە دەقی گرتبو، سا ئەگەر لەقۆناغێکدا پەیڕەوی ئەم ڕێو شوێنانە بەکردەوە نەکرابێتو ئەم پێوانانە خرابنە پشت گوێ ، وا ئەوە شتێکی نائاسایی پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ بوەو گەلێك هۆی هەبوە کەئێرە شوێنی باسکردنیان نییە. ئەمە هەڵبەتە پێش ئەوەی ڕابەرایەتی خێڵەکی بەتەواوی باڵی ڕەشی بەسەر پارتیدا بکێشێو بیکاتە چێشتی مجێور.

ی. ن. ك ڕێکخراوێك نییە کە لەناو گەلێکی بێ ڕێکخستنو ڕێك نەخراودا دروست بوبێت، سی ساڵ زیاترە لەکوردستانی عیراقدا داوودەزگانی سیاسی نەتەوەییو مارکسیو شیوعی هەیە، لەپاڵ ئەم دەزگا سیاسییانەدا

گەلێك رێكخراوو یەكێتی نەقابیو پیشەییو فەرهەنگی قوتابیانو مامۆستایانو ئافرەتانو كرێكارانو جوتیاران.. دروست بون. هەر لەریزەكانی پ. د. ك و ح. ش. ع دا دەیان هەزار كەس كاری سیاسییان كردەوەو شارەزای رێكخستن بونو تەجروبەیان وەرگرتوەو لەماوەی چواردە ساڵی رابوردودا دەیان هەزار كەس لە داوودەزگا سیاسیو پێشمەرگەییەكانی شۆڕشدا بەشدار بونو كەمو زۆر شارەزای كاروباری خەباتی سیاسیو جەنگی، هی رێكخستنو سازدان بون.

كوردستانی عیراق، تا ماوەیەك لەمەوبەر مەڵبەندی گەورەترین بزوتنەوەی چەكدار بوو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، رێكخراوی سیاسیو پێشمەرگەیی گەورەو فراوانی ئەوتۆیان تێدابو كەخاوەنی سەدانو بگرە هەزاران كادری پیشەیی بوو. دیارە دۆخێكی وەها جیاوازییەكی گەورەی هەیە لەگەڵ دۆخی وڵاتێكی وەكو عەرەبستانی سعودی، مەسقەت، یا ئێرانو توركیا وەبگرە پارچەكانی تری كوردستان.

ی.ن.ك لەزەمینەیەكی سیاسی بەیارو نەكێڵراودا دەستی نەكردوە بەكاركردنو پەلهاوێشتن، بەڵكو لەسەر دارو پەردوی رێكخراوە سیاسیو پێشمەرگەییە روخاوەكانی شۆڕشی كوردستانی عیراق دروست بۆتەوە، كەوەكو گوترا بەدرێژایی چواردە ساڵ دەیان هەزار كەس تیا بەشدار بونو رەنجو قوربانییان تیا داوە. هەر لەبەرئەوە ی.ن.ك لەقۆناغی یەكەمی دامەزراندنیدا سەیری مەسەلەی ئەندامەتیی بەجۆرێكی تر ئەكردو هەوڵی ئەدا هەر چی زوترو خێراترە كۆمەڵانی خەڵكی هۆشیارو پێشكەوتوو دڵسۆزو شۆڕشگێڕو تێكۆشەر كۆ بكاتەوە، لەرێكخراوێكی فراوانی شێوە- بەرەیی كەرێگەی پێكەوە ژیانو پێكەوە خەباتی تەیاری پێشكەتوانەی جیاجیای ناو كۆمەڵی كوردستانی تێدا ببێتەوە. بەنیازی زو رێكخستنەوەی جەماوەری گەل لەبەرامبەر پەلاماری رەگەزپەرستانەو فاشیستی كاربەدەستانی عیراقدا، دژی بەعەرەب كردنی خاكی كوردستانو تەفروتونا كردنی نەتەوەی كوردو بۆ درێژەدان بەخەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانە لەپێناوی عیراقێكی دیموكراتو كوردستانێكی ئۆتۆنۆم دا. ی. ن.ك تاقی كردنەوەیەكی نوێیە لەخەباتی رێكوپێكی كوردایەتیدا. بۆیە بێ گومان رێكخستنەكەشی شێوەی نوێو تایبەتی خۆی ئەنوێنێتو قانونو دیسپلینەكانی رێكخراوێكی شۆڕشگێڕی نیمچە بەرە بۆ خۆی هەڵئەبژێرێت و دائەرێژێت.

# چەند ڕەئیەك لەسەر زیندوكردنەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان

## بیروڕای ئازاد

ئەم وتارە یەكێك لەكادرانی ی. ن. ك نوسیوێتی بۆیە گەلێك جار بەناوی یەكێتییەوە ئەدوێت... ئەگەرچی هەندێك لەو بیروڕایانەی لەم وتارەدا دەربڕراون، ڕەنگە لەگەڵ هەندێك لەبیروڕاو بۆچونەكانی ی.ن.ك یەك نەگرنەوە، بەڵام لەبەر گرنگیی باسەكە بەپێویستمان زانی لەگۆشەی بیروڕای ئازاد بڵاوی بكەینەوەو سەرنجی خوێنەریش بۆ ئەوە رابكێشین كەئەم وتارە رای نوسەرەكەیەتیو ئامادەین بۆ بڵاوكردنەوەی هەر لێدوانێكی زانستی لەم رووەوە.

-١-

پ. د. ك كەتەمەنی چارەكە قەرنێ زیاترەو لەبنچینەدا لەچەند پارتیو رێكخراوێكی ماركسیو پێشكەوتو دروست بوە، سەدان ئەندامو كادری سیاسیو پێشمەرگەی پێ گەیاندوەو سەدان لاپەڕەی روناكی خستۆتە سەر خەرمانی بیری پێشكەوتوی كوردایەتیو مرۆڤایەتیو لەكۆڕی خەباتدا سەدان شەهیدی بەخشیوەو لەدوای دوەم جەنگی جیهانییەوە مێژوی گەلەكەمان لەكوردستانی عیراقدا و هی پ. د. ك تا رادەیەكی زۆر تێكەڵ بون بەیەكتری. رابوردویەكی وا ئاڵۆزو پڕ روداو، لەهەلو مەرجو زروفی ئاڵۆزی گەلێكی وەكو كوردستانی عیراقدا، بێ گومان پێویستی بەلێكۆڵینەوەی قوڵو هەڵسەنگاندنی مەوزوعی و گشت لاییە، كە نە ئێرە جێگەی ئەو باسە ئاڵۆزەو نە ئێستەش هێشتا كاتی ئەمەیە. پ. د. ك وەكو رێكخراوێكی تێكۆشەری كوردستان لەخەباتدا لایەنی ئیجابی هەبوەو هی سەلبیشی هەبوە، لەهەندێك قۆناغدا رێبازی شۆڕشگێڕانەی پێشكەوتوی گرتوە، لەهەندێك قۆناغی تردا توشی لادانو ئینحیرافی زۆر قوڵو زیانبەخش بوە، تا وای لێ هات لەم ساڵانەی دواییدا بوبو بەقاوغێكی بۆشو بێ گیانو جوڵانەوە.

دوژمنانی گەلەكەشمان بێ ئاگا نین لەو دەورەی پ. د. ك لەخەباتی گەلەكەماندا بویەتی، بۆیە دەزگا جاسوسیەكانی ئەوانیش چ لەعیراق و چ لەئێران ئەیانەوێ ناوی پ. د. كو رابوردوەكەی بۆ دوژمنایەتیی كوردایەتی بەكار بهێنن. بەو ناوەوە رێكخراوی كارتۆنی دروست ئەكەن، بۆ شێواندنی روی گەشو راستەقینەی پێشكەوتوانەو رەوای كوردایەتی، بۆ خەریك كردنو چەواشەكردنی كۆمەڵانی خەڵك و بۆ كۆكردنەوەی دەنگوباسو ئاگاداری لەسەر تێكۆشەرانی كوردستان... تێكۆشەرانی كوردستان پێویستە سەرنجێكی رەخنەگرانەو بێ بەزەیی لەمێژوی پ. د. ك بدەن، كارە باشو خراپەكانی، سەركەوتنو نوچدانو گلانەكانی، هەڵوێستە شۆڕشگێڕو راستەكانیو هەڵوێستە كۆنەپەرستو لادانو ئینحرافەكانی، واتە لایەنی سەلبیو ئیجابی، بەقوڵیو گشت لایی، مەوزوعیو عیلمی هەڵبسەنگێننو حوكم بدەن. نابێت هەرگیز پێوانەی عیلمی ون بكەنو گیانی لێكۆڵینەوەی زانستی بدۆڕێنن:

-لەلایەكەوە عاتیفە وایان لێ بكات لایەنە سەلبیەكانی بشارنەوە، یا((دیفاع))ی لێ بكەن هەر لەبەر ئەوەی خۆیان بەپەرۆشو دڵسۆزیی وەك كابرایەكی شۆڕشگێڕی خۆ بەختكەر تێیدا بون.

-یاخود لەلایەکی ترەوە، سەبارەت بەبۆگەن بونی رابەرایەتییەکەیو هەندێك لەکادرو ئەندامو کاربەدەستە سیاسیو سەربازییەکانی، بکەونە ئەو داوە فێڵ بازانەیەوە کەدوژمنەکانی نەتەوەی کورد ئەینێنەوە بۆ شێواندنو دزێو کردنی سەرتاپای مێژوی خەباتی گەلی کورد، بەهۆی بوغزاندنو دوژمنایەتیی رەگەزی کوردەوە، تێکۆشەرانی کوردیش، بەهۆی ((لا سەلبیو خراپەکانی)) پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بێ ئاگا هەمان وتەی ئەم دوژمنە رەگەز پەرستانە دوبارە بکەنەوە.

تێکۆشەرانی کوردستان پێویستە لەکاتی هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوەو حوکمداندا، هەر مەسەلەیەك بەرنەوە زەمانو زەمینی خۆی، بێ گوێدانە عاتیفەی شەخسی. لەهەمو رویەکەوە هی سەلبی ئیجابی، بەرەچاو کردنی مەرجەکانی کوردستانو رۆژهەلاتی ناوەراستو دونیا، واتە لەگشت لایەکیەوە بەشێوەیەکی عیلمیو مەوزوعی تێی بروانن و شی بکەنەوە. بەرامبەر پ. د. ك یش بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچن، ئەبێت هەر ئەم رێگەیە بگرن.

-٢-

ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی ئێستا لەژێر ئالای ی. ن. ك دا کۆبونەتەوە کاتی خۆی لەریزەکانی پ. د. ك دابون بەلام هەر وەکو ی. ن. ك رای گەیاندوە، رێکخستنو پێکهاتنو رێبازو بیرورِاو روانینی بۆ مەسەلەکانی کوردستانو عیراقو رۆژهەلاتی ناوەراستو دنیا بەتەواوی جیاوازە لەهینەکانی پ. د. ك و ئەم خۆی بەجێگرەوە یا درێژەپێدانی هیچ رێکخستنێکی پێش خۆی نازانیت.

*پ. د. ك رێکخراوی سیاسیی سەردەمێك بوو کەبەشکانی شۆرشی کوردستانو چارەنوسێکی رەشو مەینەتییەکی نەتەوایەتیی گەورە دوایی هات.

*ی. ن. ك رێکخراوی سیاسیی سەردەمێکە، کە بەهەڵسانەوەو خۆکۆکردنەوەو تەجروبە وەرگرتنی گەلی کوردستانو راستکردنەوەی رێبازی کوردایەتی دەستی پێ کردوە. پ. د. ك رێکخراوی رابوردوی دۆراوەو ی.ن. ك هی باری سەختو پرِ کوێرەوەریی خەباتی ئێستای تێکۆشەرانی نەبەزی کوردستانە. ئەو ئەدەبیاتە سیاسیە کەمەی تائێستا ی. ن. ك بلاوی کردۆتەوە رەنگە چەند لایەنێکی ئەم راستیەی رۆشن کردبێتەوە و لەدوارۆژیشدا بێگومان ئەم جیاوازییانە چ لەروی تیۆرییەوە چ لەروی پراتیکەوە لەکاروباری رۆژانەدا زیاتر دەرئەکەون. هەر لەبەر ئەم جیاوازییانەیە ئەبێ ی. ن. ك بەهیچ جۆرێك پ. د. ك، ئەگەر لەپاشەرۆژدا زیندوش ببێتەوە، رێبازێکی پێشکەوتوانەش بگرێت، نە بە ((منافس))ی خۆی بزانیت، نە لایشی وەها بێت کە پ. د. ك لەباریدا هەیە جارێکی کە دەورێکی سەرەکی یا کاریگەر لەکوردایەتیدا بگێرِێت.

-٣-

کۆمەڵی کوردستان، کۆمەڵێکی چینایەتییە، وەکو هەمو کۆمەڵێکی چینایەتیی تری دنیا، دەسکەوتی ئابوری، بیرورِاو هەڵوێستی سیاسیو کۆمەلایەتیو فەرهەنگی... جیاجیای تێدایە کە لەتوانادا نیە هەمویان لەتاکە پارتێ یا رێکخراوێکی سیاسی خاوەن یەك بەرنامەو یەك پرۆگرامو پێرەوو ئایدیۆلۆجیو سیاسەتو رێبازدا کۆ بکرێنەوەو بتَرنجێنرێنە ناو یەك مەنجەڵەوە. تەنانەت ئەگەر لەقۆناغێکی دیاریکراوی گۆراندا بەهۆی دواکەوتنی کۆمەڵو گەلالە نەبونی تەواوەتیی هەستو خەباتی چینایەتییەوە، یا بەهۆی سەختی ئازاردانی نەتەوایەتییەوە، ئەم چینو توێژە کۆمەلایەتیە جیاوازانە لەژێر ئالای یەك رێکخراودا کۆ بونەوەو یەکیان گرت،

لەقۆناغێکی تردا ئەم ناکۆکییە ((مات و سرِ))انە ئەتەقنەوەو ڕێکخراوەکە هەڵئەتەکێننو ئەیکەن بەچەند پارچەیەکەوە.

تەجروبەی ئەمجارەی گەلەکەشمان سەر لەنوێ چەوتیو هەڵەیی سیستەمی تاکە- پارتی: (نظام الحزب الواحد)ی سەلماندەوە، هەر لەم روانگە زانستییەوەوە کە ی. ن. ك باوەڕی بەپێویستی بونو گەشەکردنو تێکۆشانی چەند پارتیو ڕێکخراوی سیاسی پێشکەوتو و شۆڕشگێڕو دیموکراتو تێکۆشەر هەیە، کەنوێنەری چینو دەستە جیا جیاکانی کۆمەڵی کوردستانو ئامرازی خەباتی چینایەتییان بێت.

-لەلایەکەوە پێکەوە لەپێناوی مەسەلە گشتیو ناوکۆییەکانی گەلەکەماندا هاوکاریو خەبات بکەنو لەڕیزێکی یەکگرتووی پتەودا شان بە شانی یەك دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی، دژی حکومەتو چینە چەوسێنەرەوەکانی خەڵکی کوردستان، لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییو دیموکراتیەکانی گەلەکەماندا بجەنگن.

-لەلایەکی ترەوە لەناو خۆیاندا خەباتی ئایدیۆلۆجیی دۆستانە بکەن لەگەڵ یەکتریدا، لە پێناوی گۆڕینی کۆمەڵی هەژارو نەخوێندەوارو دواکەوتوی کوردا بەکۆمەڵێکی پێشکەوتو.

تێکۆشەرانی کوردستان لەکاتێکدا کەخەبات ئەکەن بۆ ئەوەی گەل بەمافی کەڵك وەرگرتنو بەکارهێنانی ئازادییە دیموکراتیەکان بگات، ئەبێ لەپێشدا ئەم هەقە بە یەکتری رەوا ببینن و حورمەتی ئەم مافە پیرۆزەی مرۆڤ بگرن، مافی خۆ ڕێکخستن لەڕێکخراوی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی جیا جیادا، کە مرۆڤایەتی هەزاران قوربانیی لەپێناودا داوەو تەجروبەش لەکوردستانو هەمو ناوچەیەکی تری تێکۆشانی دنیادا دروستیو کاریگەرییو باشیی سەلماندوە، ئەگەر تێکۆشەرانی هاوخەباتو هاورێگەو هاوئامانجو هاودەرد هەر لەئێستاوە، کەهەمو لەژێر باری چەوسانەوەو زوڵمو زۆرداریدانو هێشتا دەسەڵاتی سیاسیان نەگرتۆتە دەست ئەم هەقەی یەکتری نەسەلمێننو بەکردەوە جێ بەجێ نەکەنو ڕێزی لێ نەگرن، ناتوانن وا لەکۆمەڵانی خەڵكو جەماوەری گەل بکەن کەباوەڕ بەوە بێنن، لە پاشەڕۆژدا ئەم ئازادییانەو ئەو بەڵێنانەی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی ئێستە ئەیدەنێ، بۆی تەئمینو دابین ئەکرێ.

-٤-

ی. ن. ك ئەبێت باوەڕی بەمافی سەربەستیو سەربەخۆیی ڕێکخستن، بەمافی سەربەستی دەربڕینی بیروڕاو هەڵوێستی سیاسی هەبێتو لای وابێت دروست بونی چەندین ڕێکخراوی سیاسیی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ لەکوردستاندا فینۆمینایەکی ئاساییەو بەقازانجی گەلی کوردو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکەیەتی. ئەمە بەهیچ جۆرێك نابێت و راست نیە ڕێکخستنو بیروڕای خۆی بەزۆر بەسەر هیچ لاو ڕێکخراوێکی سیاسی شۆڕشگێڕی تێکۆشەری تردا بسەپێنێت وەکو کاتی خۆی رابەرایەتیی خێڵەکیو بورجوازی راسترەو ئەیکرد. بەڵام ئەم مافە لەقۆناغی ئێستای خەباتی گەلی کوردستانی عیراقدا، کە بەیەکێ لەترسناکترینو سەختترین قۆناغەکانی ژیانی نەتەوەی کورد ئەژمێردرێ، تەنیا بۆ ئەو تاقمو ڕێکخراوانەیە، کە بەڕاستی، بەبیروباوەڕو بەکردەوەو خەباتی رۆژانە، پێشکەوتون، شۆڕشگێڕن، تێکۆشەرن، دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی کوردو بێگانەن، پەیوەندیی نۆکەرانەیان لەگەڵ هیچ یەکێ لەدەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانو دەزگاو تاقمە جاسوسیو کۆنەپەرستو گومان لێ کراوەکاندا نییە، باوەڕیان بە هاوچارەنوسیو هاوخەباتیی نەتەوەی کوردو ڕێکخراو و پارتیە کوردستانیەکانە لەهەمو پارچەکانی کوردستاندا، باوەڕیان بەهاوخەباتیو هاوردەردیو هاوئامانجیو

هاودوژمنییە لەگەڵ گەلانی ناوچەکە: عەرەبو فارسو تورکو ئازەری... باوەڕیان بەوەیە کەئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی نەك هەر ناتوانرێ بکرێنە دۆستی مەسەلەی کورد، بەڵکو دوژمنی خوێنخۆرو سەرسەختی کوردایەتین.

لەقۆناغی ئێستای خەباتی گەلی کوردستاندا، کە لەناو هەرەشەی بلاوە پێکردنو تەفروتوناکردنی خشکەیی و گۆڕینی روخساری نەتەوەیی نیشتمانەکەیدا ئەژی، ی.ن.ك ئەبێت هەقی سەربەستیی رێکخستنو کارکردنو پێویستیی هاوکاریو پێکەوە خەبات کردنو ژیان تەنیا بەو هێزانە رەوا ببینێت، نەك بەوانەی بەیارمەتیی دەزگای جاسوسیی یەکێ لەحکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانو چەوسێنەرەوەکانی کوردو عەرەبو فارسو تورك ئازەریو ئاشوریو ئەرمەنی... بەدرۆ بەناوێکی ساختەو کارتۆنییەوە دروست ئەبنو ئەژینو جاروبار بلاوکراوە یا بەیانێکی درۆزنانە دەرئەکەن بۆ هەڵخەڵەتاندنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان.

-٥-

لای هیچ تێکۆشەرێکی کورد، کە لەنزیکەوە ئاگاداری پ.د.ك بوبێت، ئەندام بوبێت یا دۆستی، شاردراوە نییە کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا پ.د.ك بوبووە رێکخراوێکی فراوانی پڕ ناکۆکیو ناسازیو ناتەبایی و کەسانی هەمەرەنگو هەمەچیزەو تەنانەت جاسوسو گومان لێکراو. لەڕوی چینایەتییەوە گۆڕابو بەرێکخراوی چینە هەرە دواکەوتوو و چەوسێنەرەوەکانی کۆمەڵی کوردستان، لەسەرۆك عەشیرەتو زەویدارو کوێخاو دەوڵەمەندانی شەڕی کوردستان. ئەوەی لە((پرۆگرامو پێڕەو))ە کەیدا نوسرابو کەمێکی زۆر کەمی نەبێت هیچی لەگەڵ راستیی ((رێکخستنو رێبازو کارکردنو بیروڕای پارتی))دا نەئەگونجان. ((پ. د. ك))ی ناو ((پرۆگرامو پێڕەو)) شتێك بوو، پ. د.ك لە((واقیع))دا شتێکی تر بوو. ئەم راستییە تاڵە، بەڕونی لەکاتی ((ئاش بەتاڵ)) کردنی مارتی ١٩٧٥دا دەرکەوت کەدەسەڵاتو تواناو رێکخستنو دەوری پێشڕەوانەی پ. د. ك بایی چەند بو، رابەرایەتیی خێلەکی کەمەیدانی خەباتی بەجێ هێشتو هەڵات بۆ ئێران هەمو داودەزگاکانی ((پ. د. ك))یشی بێ ((نقەو جقە))بەدوی خۆیدا راپێچ کردبوو بۆ ئۆردوگاکانی پەنابەرانو شارەکانی تری ئێران. دواییش زۆربەی کادرە سەرکردەییەکانی، بێ ئەوەی هیچ بیانویەکی (مەنتقی))یان هەبێ یا ناچار بوبن، خۆیان هاوێشتە ژێر رەحمەتی رەگەزپەرستانی عیراقەوەو هەندێکیان کەوتنە راپۆرت نوسینو هەندێکی تریان کەوتنە قسەی بێ سەرو پێ لەپشتی تەلەفیزیۆنی کەرکوکەوە.

بێ گومان چارەنوسی رێکخستنو داو و دەزگاکانی پ. د. ك دوای بلاوە پێکردنی شۆڕش شتێکی نهێنی نیەو گێڕانەوەو باسکردنیشی، بەهیچ جۆرێ مایەی دڵخۆشیو بەختیاری نیە.

پ. د. ك ئێستە لەکوردستانی عیراقدا رێکخستنی نەماوە. کاتی خۆیشی لەکاتێکدا کەشۆڕش بەشی هەرە زۆری کوردستانی بەدەستەوە بو، لەو جێگایانەدا کە بەدەس دوژمنەوە بون رێکخستنی نهێنی و رێکوپێکی نەبو،لەناوچە ئازادکراوەکانیشدا ئەو رێکخستنە بۆشو لاوازە بوو کەکۆمەلانی خەڵکی کوردستان ئەیان دیو فرمانی سەرەکیی سیاسیی بەیتوبالورە هەڵدانو سلاوات دان بو لەدیاری بەرزانیو بارەگای بەرزانی. لەکوردستاندا رەنگە هەندێك رێکخراوی بچوك بچوکی دەزگای ((پاراستن)) مابن کەتا ئێستاش دەنگوباس کۆ بکەنەوەو بۆ خۆپاراستنو خۆشاردنەوە، زۆربەیان خۆیان خستۆتە ناو دەزگا جاسوسیەکانی کاربەدەستانی رەگەزپەرستی بەغداوەو لەبەرچاوی جەماوەری گەل بەریسواترینو نزم ترین کەس دائەنرێنو ئەوانیش بەرامبەر خەڵك لەسەگی هار دڕترن. ئەمە بێگومان ئەگەر پەیوەندییان بەڕابەرایەتیی خێلەکیشەوە هەبێت بەرێکخراوێکی سیاسی دانانرێنو دەزگای

جاسوسین. لەمانە بەولاوە رێکخراوێك بەناوی پ. د. ك دوە کەبەستراپێت بەسەرکردایەتیەکی دەرەوەی وڵاتەوە وجودی نیییە تا ئێستە، ئەگەر شتێکیش هەبێت جیاو سەربەخۆیە لەوانەی کەدەوری سەرەکییان هەبوە لەتێکدانی شۆڕش‌و سەرشۆڕکردن بۆ پیلانی ئیمپریالیزم.

رابەرایەتیی خێڵەکی کەرایکرد بۆ ئێران نزیکەی هەشتیەکی میللەتەکەشمانی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئێران، هەر لەسەرەتاوە لەسەر داوای ((سازمانی ئەمن))رێکخستن‌و پارتایەتییان لەخەڵك قەدەغەکرد، هەر چی باسی پارتایەتی‌و خۆڕێکخستنەوەی بکردایە ئەگیراو تیِ‌ی هەڵئەدراو بەناوی چاوەڕیِ کردنی ((زەروفی دەولی باش))ەوە نەیان هێشت کەس فزە بکات‌و ویستیشیان بەپارەو بەهەڕەشەو ترساندن‌و دڵخۆشی دانەوەو پڕوپاگەندەو درۆو دەلەسەو میکرۆفۆن.. زۆرترینی ئەو کەسانەی چوبونە ئێران لەدەوری خۆیان، لەدەربەدەری بهێڵنەوەو نەگەڕێنەوە عیراق.

بەڵام تێکۆشەرانی دڵسۆزی گەلەکەمان واقیعی هەڵاتن‌و خۆ بەدەستەوەدان، بەزین‌و وازهێنان، پلانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستیی ئێران‌و رەگەزپەرستانی عیراقیان رەت کردەوەو تینوی خەبات‌و تێکۆشان‌و خۆڕێکخستنەوە بون لەسەر رێبازێکی نویِ. ی. ن. ك دامەزراو کەوتە گەڕ، دەستی کرد بەرێکخستنەوەی هێزەکانی گەلی کورد، بەشێوەی رێکخراوێکی ((شێوە بەرەیی))کەرێگە بەپێکەوە ژیانی پیلی (تیار)ی پێشکەوتوانەی جیا جیا بدات، بو دەس پیِ کردنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری‌و تێکدانی ئەو پیلانەی دژی گەلی کورد دانراوە و بۆ درێژەدان بەتێکۆشانی گەلی کوردستان لەپێناوی مافە رەواکانیدا.

جا رابەرایەتیی خێڵەکی، کەکوردستانی عیراقی لەدەست دابو، لەئێرانیش کاری سیاسی‌و پارتایەتی‌و چالاکیی لیِ قەدەغە کرابو، هەر ئەوروپای بەدەستەوە مابو، بۆیە هەمو قورساییەکی خۆی خستە ئەویِ‌و تائێستاش هەر لەویِدایە. رەنگە هیچ درۆی تیا نەبێت، ئەگەر خۆڕێکخستنەوەی زوبەزوی تێکۆشەرانی کورد نەبوایە لە ی. ن. ك دا رابەرایەتیی خێڵەکی تا ماوەیەکی زۆر درێژیش لەخەوی ((ئەسحابی کەهف)) بێدار نەبوایەتەوەو نەکەوتایەتەوە خۆی بۆ رێکخستنەوەی خەڵك ((لەدەرەوەی وڵات)).

-٦-

ئەمڕۆ کوردستانی عیراق لەبەردەمی قۆناغێکی نوێدایە، کەخەریکە مەشخەڵانی ئاگرێکی تێدا هەڵ ئەگیرسێت، نەك هەر دەستکەوت‌و قازانج‌و بونی رەگەزپەرستانی عەرەب‌و کۆنەپەرستانی کورد لەعیراقدا ئەخاتە مەترسیەوە، بەڵکو هەڕەشە لەهی هەمو کۆنەپەرستانی ناوچەکەو نفوزی ئیمپریالیزم‌و نۆکەرەکانی ئەکات.

کۆنەپەرستانی ناوچەکەو ئیمپریالیزم‌و سەهیۆنیەتیش لەم مەسەلەیە بیِ خەبەر نین‌و ئەم مەترسییە ئەبینن‌و پێش بینی ئەکەن.

جا بۆیە پیاو ناهەقی نییە، گومانێکی رەوای هەبێت لەتەقەلاکانی رابەرایەتیی خێڵەکی راستەو بۆ زیندوکردنەوەو ژیاندنەوەی پ. د. ك لەدەرەوەی وڵات، لەسەر ڕێبازی کۆن‌و بەئوسلوبێکی نویِ، بۆ تەگەرەدان لەگەشەکردن‌و جێگیربونی رێبازی نوێی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کوردستان . ی. ن. ك هەر زو لەسەرەتای دامەزراندنیدا پێشبینیی ئەمەی کردوە. تکا لەخوێنەری بەڕێز دەکەم ئەو زەحمەتە بخاتە بەر خۆی وچاوێك بەلاپەڕەکانی ٢٦- ٣٥ نامیلکەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- بۆچی؟)دا بخشێنێت‌و بەچاوی کابرایەکی رەخنەگر بڕوانێتە ئەو بۆچونە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییانەی لەویِ دا باس کراون‌و توێژراونەوە.

لێرەدا بەپێویستی ئەزانم هەندێك سەرنجی دۆستانە بخەمە بەر چاوی ئەندامە دڵسۆزەکانی پ. د. ك، بەتایبەتی ئەوانەی تا ئێستاش بە تەمای زیندوکردنەوەین.

*لەقۆناغی ئێستای خەباتی گەلی کوردستانو دابەشبونی چینایەتیی کۆمەڵی کوردستاندا هێشتا (مقومات)ی بونو مانو کار کردنی پ. د.ك ماوە، بەڵام پێکهاتنی چینایەتیو فرمانی سیاسیی پ. د. ك ئێستا بێگومان زۆر جیا ئەبێت لە "پ. د.ك "ی سەردەمی شۆڕش.

*ئەو قۆناغە بەجارێك وە هەتا هەتایە تێپەڕی کرد کە پ. د. ك خۆی بەتاکە حیزبی پێشڕەو و کاربەدەستو هەڵسوڕێنەری خەباتی گەلی کوردو رابەری بزوتنو سرەوتنی کورد بزانێت. کاری سیاسیو چالاکی بۆ خۆی قۆرخ (احتکار) بکات.

*ئەگەر خۆرێکخستنەوەی لەمەولای پ. د. ك درێژەپێدانو لەسەر رۆیشتنی رێبازی ژێرکەوتوی پێشوی پ. د. ك بێت، وا زیندوبونەوەی زیان بەکورد ئەگەیەنێو مەسەلەی کورد ئەخاتەوە داوی سەوداو مامەڵەی دەوڵەتە گەورەکانو داو و دەزگا ئیمپریالیستو کۆنەپەرستەکانەوە.

*خۆرێکخستنەوەی حیزبێکی شکاوو لەتوپەت، ئەبێت لەسەر دەستی ئەندامە هۆشیارو دڵسۆزو شۆڕشگێڕو لەخۆبوردو و وریاو کارامەکانیدا بێت. بێ دەستێوەردانو خۆتێهەڵقورتاندنو یارمەتیی هیچ لایەکی بێگانەو هیچ دەزگایەکی جاسوسی، نەك بەشێوەو بیرکردنەوەی رێبازێکی خێڵەکی لەسەر دەستی دەوڵەمەندەکانی شۆڕشی کوردستانو کەسانی گومان لێ کراوو بەدناو و هەلپەرستو بێ بیروباوەڕ.

*هەمو رێکخراوێکی کوردستانیی تێکۆشەر ئەبێت ئەوە باش بزانێت، کەئەبێت خۆی لەناو کوردستاندا رێك بخاتەوەو قورسایی چالاکیو کارکردنی خۆی لەنیشتماندا بێت، نەك لەدەرەوەی وڵات، لەئەوروپاو بارەگای رۆژنامەو حیزبو رێکخراوە دەولییەکاندا... مەسەلەی کورد لەناو کوردستاندا لەلایەن گەلی کوردستان خۆیەوە چارەسەر ئەکرێتو لەقۆناغی ئێستای عیراقدا تەنیا رێگە خەباتی چەکدارە، کەکۆتایی بهێنێت بەم مەینەتیەی ئێستا تێیدا ئەژی ، ئەبێت خۆرێکخستنەوە هەر لەسەر ئەم بنچینەیە بێت، نەك وەکو " حیزبەکانی مەنفا" بەتەمای کۆمەڵی مافی مرۆڤو خاچی سورو رەئی گشتیی دنیا بن بیان هێنێتەوە کوردستان.

*مەسەلەی کورد مەسەلەی چەند هەزار پەنابەرێك نیە لەئێران کەئەیانەوێ شوێنێکی خۆشترو ئازادو سەربەست تر بدۆزنەوە لەئێران یا عیراق بۆ ژیانی تایبەتی خۆیان، بەڵکو مەسەلەی گەلێکی چەند ملیۆنییە، کەدوژمنەکانی ئەیانەوێت توفروتونای بکەنو روخساری نەتەوەیی نیشتمانەکەی بگۆڕنو ئەویش بەزەبری لولەی تفەنگ هەوڵئەدات مافە نەتەوەییەکانی بەدی بهێنێت. رای گشتیی جیهانی ئەبێت سەرنجی بۆ مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی دابەشکراو، چەوساوە، زۆرلێکراو، هەژارو بەش براو کەهەڕەشەی تەفروتونا کردنی لێ ئەکرێت رابکێشرێت، نەك وەکو مەسەلەی کۆمەڵێك پەنابەر کە لایەنگری شارستانێتیی ئەوروپانو دژی عەرەبن، بۆیە ئەچەوسێنرێنەوە.

*هۆکانی شکانی شۆڕشی کوردستان ئەبێت بگوێزرێتەوە سەر رەگو بنچینەکانی خۆی، وە پێویستە بەئاشکرا دەوری رابەرایەتیی خێڵەکی، هەڵە سیاسیو جەنگیو تەنزیمییەکانی، رێباز و سیاسەتی، پەیوەندییەکانی، سەر لێ شێواندن لەدیاری کردنی دۆستی راستەقینەو دوژمنی راستەقینەدا شی بکرێتەوەو بەشێوەیەکی زانستیو مەوزوعی لێی بکۆڵرێتەوە. نەك بۆ چەواشە کردنی خەڵك جارێك ببرێتەوە سەر "عاملی جوغرافیی مەشئوم" و جارێك "رێککەوتنی عیراقو ئێران"و جارێکی تر "کەمتەرخەمیی کادرەکانی پارتی"(!).

پێویستە ئەو راستییە دانی پێدا بنرێت کەراکردن‌و هەڵاتنی رابەرایەتیی شۆڕش و سەرشۆڕکردنی بۆ ئەو پیلانە تاوانکارانەیەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بۆ کوژاندنەوەی ئاگردانەکانی شۆڕش لەرۆژهەڵاتداو جێگیر کردنی ئارامی‌و ئاسایش، رێکی خستبو، حکومەتەکانی عیراق‌و ئێران‌و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئێمەش بەشێکیان لێ جێبەجێ کرد، لەپلەی یەکەمدا شۆڕشەکەمانی تێکدا.

هۆکانی شکستی شۆڕشی کوردستان لە ناوخۆیدا بوە، نەك لەدەرەوە. هۆکانی سەرکەوتن‌و بەئامانج گەیشتنیشی لەناو خۆیدایەتی نەك لەدەرەوە، نەك لەزەرفی دەولیی "ملائم"، یا لەتێکچون‌و خراپ بونی بەینی عیراق‌و ئێراندا.

*کۆمەڵانی خەڵك، جەماوەری گەل، دروستکەری مێژون، هێزی بزوتنەوەی شۆڕشن، سەرکردە، عەشرەت، تەنانەت کۆمەڵ‌و حزبی سیاسی بێ کۆمەڵانی خەڵك مێژویان پێ ناگۆڕێت. هەر لەمێژوی نزیکی کورددا چەندین بنەماڵەی خەباتکەری وەکو شێخ سەعیدی پیران، شەمزینان، بەدرخانێکان، شێخ مەحمود، قازییەکان،... هاتن‌و تێپەڕین. فەرد، بنەماڵە، عەشیرەت، کۆمەڵە.. لەقۆناغێکی دیاریکراودا دەورێکی دیاریکراو ئەگێڕن‌و ئەبن بە بەشێك لەمێژو، هەندێك جار بەشێکی سلبی، بەڵام جەماوەر، کۆمەڵانی خەڵك هەمیشە زیندون، خەباتکەرن‌و دەوری سەرەکی ئەگێڕن‌و هەرگیز تێپەڕ ناکەن‌و دواییان نایەت، چونکە خۆیان خاوەنی راستەقینەی مەسەلەی ئازادی‌و شۆڕش‌و گەشە کردنن. تێکۆشەرانی کورد ئەبێت ئەم راستیەی مێژوی گەلان‌و هی کوردیش ئیسپاتی کردوە، بسەلمێنن‌و شوێن خەیاڵ پڵاو نەکەون. عەشیرەتی بەرزان‌و مەلا مستەفای بارزانی ساڵانی چلەکان، هی حەفتاکان نین. سی ساڵیان بەینەو لەم سی ساڵەدا نەتەوەی کوردیش نەتەوەی کوردی چلەکان نی یە، نەتەوەی حەفتاکانەو شۆڕش‌و مەسەلەی خەبات کردن لەپێناوی ئازادی‌و مافی سەربەستیی چارەی خۆنوسیندا مەسەلەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەو هی بنەماڵەی بابان، جاف یا بەرزانی نییە...

*بزوتنەوەی کوردایەتی، لەقۆناغی نوێی خەباتدا ئەبێت بەتەواوی، بەجۆرێکی بنەڕەتی‌و ریشەیی خۆی نوێ بکاتەوە، بچێتەوە شوێنی تەبیعی‌و مەوزوعیی خۆی، رێبازەکەی بگۆڕێت، پشت بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و گەلانی رۆژهەڵات ببەستێت نەك بەحکومەتە کۆنەپەرست‌و چەوسێنەرەوەو دابەشکەرەکانی کوردستان‌و ئیمپریالیزم‌و دەزگا جاسوسییەکان، ئەبێت رێگەی هاوخەباتی لەگەڵ گەلی عیراق‌و گەلانی ناوچەکە بگرێت، ئەبێت رێگەی دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم‌و سەهیونیەت‌و کۆنەپەرستی بگرێت، ئەبێت بەیەکجاری رابەرایەتی‌و رەوت‌و رەفتارو هەڵوێست‌و بیرکردنەوەو رێبازی خێڵەکییانەو راستڕەوو کۆنە پەرستانە لەخۆی دور بخاتەوە، ئەبێت ئازایەتیی ئەوەی تێدا بێت کە بەسەربەستی‌و بێ‌ترس دەس بخاتە سەر لادان‌و هەڵەو چەوتی‌و خراپەکانی، چەند گەورەو قورس‌و ناخۆشیش بن‌و راستیان بکاتەوە.

*پ. د. ك وەکو پارتییەکەی سەردەمی رابەرایەتیی خێڵەکی‌و بورجوازیی راستڕەو جارێکی تر ناتوانێت دەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ببڕێت‌و رەنجی بدات بەبا، بەڵام پ. د. ك یێکی شۆڕشگێڕو تێکۆشەرو پێشکەوتو کەبیەوێت سەنگەرێکی خەبات لە کوردستاندا بگرێت، مایەی دڵ خۆشی‌و پێشوازییە.

مارتی ١٩٧٦

## پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
## نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین

مانگی مایسی ١٩٧٦ ساواك هەواڵی شەهیدبونی هەڤاڵان خەسرەوی سەفاییو گرسیوز برومەندی بڵاوکردەوە.

هەڤاڵان خەسرەوو گرسیوز کەدوو تێکۆشەری شۆڕشگێڕی نەبەز، دوو پێشمەرگەی فیداکارو خۆبەختکەری ریزی پێشەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێرانو دوو کادیری هەڵکەوتوی سازمانی ئینقیلابیی حزبی تودە بون، جارێکی تر بەخوێنی خۆیان قەواڵەی سەرەونگونیی شاو رژێمە خوێناویو کۆنەپەرستەکەیو سەرکەوتنی حەتمیی گەلانی ئێرانیان مۆر کرد.

شەهید بونی هەڤاڵان خەسرەوو گرسیوز نەك هەر زیانێکی زل بوو بۆ گەلانی ئێران بەتەنیا، بەڵکو زەرەرێکی گەورەش بوو لەنەتەوەی کوردو هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوت. هەڤاڵ خەسرەوی سەفایی کە لەساڵی ١٩٦٨وە لەناو تێکۆشەرانی کوردستانی عیراقو ئێراندا بەناوی قوبادەوە ناسرابوو، بەگیانی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتارییەوە یارمەتیی گەلێك لەتێکۆشەرانی کوردستانی عیراقو ئێرانی دا بۆ دۆزینەوەی رێگای راستی خەباتو رزگاریو دیاریکردنی دۆستی راستەقینەو دوژمنی راستەقینە، باوەڕی بێ سنوری خەسرەو بەهێزی لەبن نەهاتوی جەماوەری گەل قارەمانانی راستەقینەو هێزی بزوێنەری مێژوو بەسەرکەوتنی بێگومانی شۆڕشو تێکشکانی ئیمپریالیزمو دەسەڵاتی چینە کۆنەپەرستو چەوسێنەرەوەکان، بەپێویستیی بونی پارتی پێشڕەوی شێوە تازە بۆ رابەرایەتیی شۆڕش، بەرێگەی شۆڕشی توندوتیژ بۆ رزگاریی ئێرانو گەلانی چەوساوەو زۆرلێکراوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەمافی سەربەستیی گەلی کوردو نەتەوەکانی تری ئێران لەچارەی خۆنوسیندا، بەیەکێتیی مەسەلەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پێکەوە جۆشدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان، لەخۆبڕانو لەخۆبوردنو ژیانی سادەو لەمردن نەترسانو لەسەختی بێزار نەبونو بێفیزیو پشودرێژی، ئەمانە وایان کردبوو هەڤاڵ خەسرەو پایەیەکی تایبەتی پڕ حورمەتو فێرکەرانەی هەبێت لەناو شۆڕشگێڕانی کوردستاندا.

یادی پڕ سەروەریو شانازیی خەسرەوو هەڤاڵەکانی، ئەو بیروباوەڕو رێبازو ئامانجانەی کەئەوان گیانی خۆیان لەسەر دانا هەرگیز لەبیر تێکۆشەرانی کوردستانی عیراق ناچێتەوە.

ی ن ك بەوپەڕی داخو پەژارەوە سەرەخۆشی لەهەڤاڵانی سازمانی ئینقیلابیو تێکۆشەرانی تری ئێران ئەکاتو دڵنیایە خوێنی ئەو هەڤاڵانە بەفیڕۆ ناڕوات.

## فرمانە بنچینەییەکانی تێکۆشان

تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان لەبەردەمی بەجێ هێنانی چەند ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوایەتیو چینایەتی دان:

*خەبات کردن بۆ:
-بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی ی ن ك.
-پێکهێنانی پارتی پێشڕەو.
-ڕێکخستنەوەو سازدانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەجۆرێکی نوێ.

*پێکەوە جۆشدانی:
-خەباتی جەماوەری کوردستانی عیراقو گەلی عیراق بۆ هێنانە دیی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی.
-خەباتی جەماوەری کوردستانی عیراقو پارچەکانی کوردستان.
-خەباتی جەماوەری هەموو کوردستانو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
-خەباتی جەماوەری هەموو کوردستانو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان، بزوتنەوەی چینی کرێکارو بزوتنەوە سۆشیالیستییەکان لەسەرانسەری دنیادا.

*لەپێناوی:
-ئازادیی نەتەوایەتیو سەربەخۆیی نیشتمانیدا.
-نەهێشتنی ئازاردانی نەتەوایەتیو جیاوازیی رەگەزایەتیو چەوسانەوەی چینایەتیدا.
-دەرپەڕاندنی نفوزی ئیمپریالیزمو دەوڵەتە چەوسێنەرەوەکاندا.
-تێکشکاندنی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ، بورجوازیی بیرۆکراتو بورجوازیی سوپاییدا.
-دابین کردنی دیموکراتیی نوێدا.

### دەنگتان


## پێشکەشە بەشەهابی شێخ نوریو هاوڕێکانی
## کە لەزیندانی فاشیستەکانی عیراقدان

دەنگتان- هاوڕێینە- روباری رقی سورە
لەدارستانی بێدەنگی شاری زاما
شەپۆل ئەدات
دەنگتان لەو دیو دیواری بەندیخانەوە
لەدۆزەخی زیندانەوە

ڕەشەبایەکی توڕەیە
دەنگتان سرودی خاکێکی بریندارە
دەنگتان گۆرانیی روبارە
دەنگتان شەپۆلی دەریایە
لوتکەی سەربەرزی چیایە
کاتێ دوژمن
ئەتاخاتە ناو زیندانی تاریکەوە
هەژارەکان
هەزارەها چراو گڵۆپ
لەدەشتو شاخا هەڵئەکەن
کاتێ دوژمن
پەلەوەری هەناسەتان ئەخنکێنێ
ڕەشو روتی وڵات هەزاران ئاڵای سور هەڵئەواسن
هاوڕێینە ، دەنگتان هەڵۆیە
چۆن بۆ ئەوان دێتە گرتن



# «پێی ناوێ بو شه هیدی وەتەن شیوەن وگرین»
# «نامرن ئەوانە والە دڵی میللەتا ئەژین»



مانگی مایسی ١٩٧٦ ساواك هەوالی شەهید بوونی هەڤاڵان خەسرەوی صەفائی و گرسیوز برومەندی بڵاوکردەوە .

هەڤاڵان خەسرەو و گرسیوز کە دوو تێکۆشەری شۆڕشگێڕ و نەبەز ، دوو پێشمەرگەی فیداکار و خۆبەختکەری ڕیزی پێشەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران و دوو کادری هەڵکەوتوی سازمانی ئینقیلابی حیزبی تودە بون ، جارێکی کەبە خوێنی خۆیان قەواڵەی سەرەونگونی شا و ڕژێمە خوێناوی و کۆنەپەرستەکەی و سەرکەوتنی حەتمی گەلانی ئێرانیان مۆر کرد .

شەهیدبونی هەڤاڵان خەسرە و گرسیوز نەك هەر زیانێکی زل بو بۆ گەلانی ئێران بە تەنیا، بەڵکو زەرەرێکی گەورەش بو لە نەتەوەی کورد و هەمو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوت . هەڤاڵ خەسرەوی صەفائی کە لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە لە ناو تێکۆشەرانی کوردستانی عیراق و ئێراندا بە ناوی « قوباد » ەوە ناسرا بو ، بە گیانی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری یەوە ، یارمەتیی گەلێك لە تێکوشەرانی کوردستانی عیراق و ئێرانی‌دا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی خەبات و ڕزگاری و دیاریکردنی دۆستی ڕاستەقینە و دوژمنی راستەقینە ، باوەڕی بێ سنوری خەسرەو بە هێزی لەبن نەهاتوی جەماوەری گەل قارەمانانی ڕاستەقینەو هێزی بزوێنەری مێژوو بە سەرکەوتنی بێگومانی شۆڕش‌و تێکشکانی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی چینە کۆنەپەرست‌و چەوسێنەرەوەکان ، بە پێویستی بونی پارتی پێشرەوی شێوە ـ تازە بۆ ڕابەریی شۆڕش ، بە ڕێگەی شۆڕشی توندوتیژ بۆ ڕزگاری ئێران‌و گەلانی چەوساوەو زۆرلێکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بە مافی سەربەستی گەلی کوردو نەتەوەکانی تری ئێران لە چارەی خۆنوسین‌دا ، بە یەکیتی مەسەلەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێکەوە جۆشدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان ، لە خۆبڕان و لە خۆبوردن‌و ژیانی سادەو لە مردن نەترسان‌و لەسەختی‌بێزار نەبون‌و بێ‌فیزی‌و پشودرێژی ... ئەمانە وایان کردبو کە هەڤاڵ خەسرەو پایەیەکی تایبەتیی پڕ حورمەت‌و فێرکەرانەی هەبێت لەناو شۆڕشگێڕانی کوردستاندا .

یادی پڕ سەروەری‌و شانازیی خەسرەوو هەڤاڵەکانی ، ئەو بیروباوەڕو ڕێبازو ئامانجانەی کە ئەوان گیانی خۆیان لەسەر دانا هەرگیز لەبیر تێکۆشەرانی کوردستانی عیراق ناچێتەوە .
ی.ن.ك بەوپەڕی داخ و پەژارەوە سەرخۆشی لە هەڤاڵانی سازمانی ئینقیلابی‌و تێکۆشەرانی تری ئێران ئەکات و دڵنیایە خوێنی ئەو هەڤاڵانە بە فیڕۆ ناڕوات .

# دەنگتان

« پێشکەشە بە شەهابی‌شێخ نووری‌و هاوڕێکانی کەلە زیندانی فاشیستەکانی عیراقدان » .

دەنگتان ـ هاوڕێینە ـ رووباری ڕقی‌سوورە
لەدارستانی بێ دەنگی شاری زاما
شەپۆل ئەدات ...
دەنگتان لەودیو دیواری بەندیخانەوە ،
لە دۆزەخی زیندانەوە
ڕەشەبایەکی تووڕەیە ...
دەنگتان سروودی خاکێکی بریندارە ،
دەنگتان گۆرانی‌ی رووبارە ،
دەنگتان شەپۆلی دەریایە ،
لووتکەی سەربەرزی چیایە ..
کاتێ دوژمن
ئەتانخاتە ناو زیندانی تاریکەوە
هەژارەکان
هەزارەها چراو گڵۆپ
لەدەشت و شاخا هەڵئەکەن ..
کاتێ دوژمن
پەلەوەری هەناسەتان ئەخنکێنێ
ڕەش‌و ڕووتی‌وڵات هەزاران ئاڵای‌سوور
هەڵئەواسن ...
هاوڕێینە ... دەنگتان هەڵۆیە ،
چۆن بۆئەوان دێتە گرتن .. ؟!

## فرمانە بنچینەیی یەکانی تێکۆشان

تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان لە بەردەمی بەجێ هێنانی چەند ئەرکێکی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌و چینایەتی دان :
* خەبات کردن بۆ
ـ بە هێزکردنی ڕێکخراوەکانی ی. ن . ك
ـ پێکهینانی پارتی پێشرەو
ـ ڕێکخستنەوەو سازدانەوەی هێزەکانی پیشمەرگە بە جۆرێکی‌نوێ .
* پێکەوە جۆش دانی
ـ خەباتی جەماوەری کوردستانی عیراق و گەلی عیراق بۆ هینانە دیی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی .
ـ خەباتی جەماوەری کوردستانی عیراق‌و پارچەکانی تری کوردستان .
ـ خەباتی جەماوەری هەمو کوردستان‌و گەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست .
ـ خەباتی جەماوەری هەمو کوردستان‌و بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلان ، بزوتنەوەی چینی کرێکارو سۆشیالیستی‌یەکان لەسەرانسەری دنیادا .
* لە پێناوی
ـ ئازادیی‌نەتەوایەتی‌و سەربەخۆیی نیشتمانی‌دا .
ـ نەهێشتنی ئازارداتی نەتەوایەتی‌و جیاوازیی رەگەزایەتی وچەوسانەوەی چینایەتی‌دا .
ـ دەرپەڕاندنی نفوزی ئیمپریالیزم‌و دەوڵەتە چەوسێنەرەوەکان‌دا .
ـ تێکشاندنی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ ، بۆرجوازیی‌بیرۆکرات‌و بۆرجوازیی‌سوپایی دا .
ـ داین کردنی دیموکراتی نوێ‌دا

## پاشماوەی
## تێکۆشەرە دلێرەکان فاشیزم ڕیسوا ئەکەن

تریش پەچە لە ڕوی ڕەشی حوکمی فاشیستی دوژمن بە گەلی عیراق دائەماڵێت وە هەمو درۆ و دەلەسەکانیان لە سەر « دوژمنایەتی کردنیان لەگەل ئیمپریالیزم و سایۆنیزم» ریسوا ئەکاتەوە. چونکە ئەو حوکمەی ڕۆلە ڕۆشنبیرەکانی گەلی عیراق لە سەر خوێندنەوەی بڵاو کراوەی سۆشیالیستی و مارکسی ـ لینینی وکوردایەتی پێشکەوتو بە ئیعدام و چەندین ساڵی زیندان حوکم ئەدات ، هەر خزمەتی کۆلۆنیالیزمی نوێ و پیلانەکانی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی پێ ئەکریت .

جگە لەم سێ قارەمانەی گەلەکەمان کە بە ئیعدام حوکم دران ، چەندین ڕۆڵەی ڕۆشنبیر و تێکۆشەری جەماهیری تریش بە حوکمی ئەبەد و شەش ساڵی زیندان کران . وا لە خوارەوە ناوی هەندێکیان ئەنوسینەوە :

١ ـ فەرەیدون عەبدولقادر ٢ ـ عەلی محەمەد بچکول
٣ ـ ئاوات عەبدولغەفور ٤ ـ ئاسۆ نوری
٥ ـ عومەر سەید عەلی ٦ ـ عەلی موراد .
٧ ـ ئەرسەلان بابیز ٨ ـ عەبدوللا عەلی
٩ ـ ئیبراهیم حوسەین ١٠ ـ حسەین رەزا
١١ ـ دارا شیخ نوری ١٢ ـ خدر هەولیری
١٣ ـ موراد فەیلی ١٤ ـ عوسمان ئانەوا
١٥ ـ حسەین حەسەن ١٦ ـ نورەدین فەتاح
١٧ ـ سەعدون یەدوللا ١٨ ـ عەبدولرەحمان خضر

**ڕێبازی نوێ سڵاوی شۆڕشگێڕانە بۆ هەمو تێکۆشەرە دلێرەکان ئەنێرێت و موژدەی هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکدارانەیان بە دیاری بۆ ڕەوانە ئەکات .**